Rediscover Church by Collin Hansen and Jonathan Leeman

# دووباره دۆزینەوەی کڵێسا

## بۆچی جەستەی مەسیح پێویستە؟

نووسینی
کۆڵن هانسن & جۆناتان لیمەن

وەرگێڕانی
چیاکۆ قادر

9Marks Online PDF

بۆچی جەستەی مەسیح پێویستە؟

# دووبارە دۆزینەوەی کڵێسا


نووسینی:

**کۆڵن هانسن**

**جۆناتان لیمەن**



وەرگێڕانی:

**چیاکۆ قادر**



Email: jamala@worksmail.net

Email: contact@handofhelp.info

Skype: jamalabumajd

www.handofhelp.info

UK: +44 (0) 7966 610944

Iraq: +964 (0) 751 792 5515

iraq, erbil, Ankawa, PanckCity 16

handofhelp

FOR SOCIAL SOLIDARITY / HOSS | NGO

Jamal Liddawi

FOUNDER & DIRECTOR

ئەم کتێبە وەرگێڕانێکە لە:
Originally published in English under the title:
Rediscover Church: Why the Body of Christ Is Essential
Copyright © 2021 by Collin Hansen and Jonathan Leeman
Published by Crossway
Wheaton, Illinois 60187, U.S.A.
ISBN: 978-1-958168-49-3
All rights reserved.

Kurdish Edition Copyright 2021 by Hand of Help, all rights reserved. Without prior permission of the publisher, no portion of this book may be reproduced, stored in a retrieval system, or transmitted in any form or by any means-electronic, mechanical, photocopy, recording, or any other - except for brief quotations in printed reviews.

هەموو مافەکانی وەرگێڕانی چاپی کوردیی ٢٠٢١ی ئەم بەرهەمە لە لایەن ڕێکخراوی "هاند ئۆف هێلپ"ەوە پارێزراوە. هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختی نووسەر ناکرێت چاپ بکرێت، یان بە شێوەی ئەلیکترۆنی، فۆتۆکۆپی، تۆماری دەنگی ببەخشرێت، مەگەر ئەوەی کە تەنها دەقی کورتی لێ وەربگیردرێت و ئاماژە بە ناوی بەرهەم و نووسەر بکرێت.

- ناوی کتێب: کەسایەتی. دووبارە دۆزینەوەی کڵێسا
- نووسەر: کۆڵن هانسن - جۆناتان لیمەن
- وەرگێڕانی: چیاکۆ قادر
- چاپی یەکەم، ٢٠٢٢
- چاپخانە:
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٨٠٨)ی ساڵی ٢٠٢٢ی پێدراوە.

هەموو ئایەتەکانی لە چاپی کوردیی سۆرانی ستاندەرەوە (KSS) وەرگیراوە. هەموو مافەکانی پارێزراوە.

9Marks Online PDF

# ناوەڕۆک


| | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ٣ |
| پێناسەی کڵێسا چییە؟ | ١١ |
| کێ دەتوانێت پەیوەندی بە کڵێساوە بکات؟ | ٢٢ |
| ئایا بەڕاستی پێویستەمان بەوەیە پێکەوە کۆببینەوە؟ | ٣٤ |
| بۆچی وتار و فێرکردن دوو شتی زۆر گرنگن؟ | ٤٦ |
| ئایا بەڕاستی پەیوەندیکردن بە کڵێسا پێویستە؟ | ٥٧ |
| ئایا بەڕاستی تەمبێکردنی کڵێسا خۆشەویستی نیشان دەدات؟ | ٧٢ |
| چۆن ئەندامانی جیاواز لە خۆم خۆشبووێت؟ | ٨٦ |
| چۆن کەسانی بێگانەمان خۆشدەوێت؟ | ٩٧ |
| کێ ڕابەرایەتی کڵێسا دەکات؟ | ١٠٧ |
| دەرەنجام: چوون بۆ کڵێسا و یارمەتیدانی کەسانی دیکە | ١٢١ |


9Marks Online PDF

**پێشکەش**

ئەم کتێبە پێشکەشە بە کۆمەڵەی ناوماڵ:

ئەوانەی پێکەوە بەرەنگاری پەتا بوونەتەوە، وە پێکەوەن.

کولین هانسن

هەروەها ئەم کتێبە پێشکەشە بە هەموو خوشک و برایانم لە کڵێسای چیفیرلی لەئاوهەڵکێشی.

جۆناتان لیمەن

9Marks Online PDF

**دەربارەی ئەم کتێبە...**

«ئـەم کتێبـە پەیامێکـی گرنگـە بـۆ کڵێسـای ئەمـڕۆ کـە ڕووبـەڕووی زۆر ئالنـگاری دەبێتـەوە، لەوانـە، شـێوانی وێنـەی کڵێسـا. وە لـە کاتێکـدا ڤایرۆسـی کرۆنـا تووشـی جەسـتە دەبێـت، ئیتر هەرچـی گومـانی شاراوە تێمانـدا هەبووە دەربـارەی کڵێسـا و کەسـانی دیکـە دەریخسـت. لەبـەر ئـەوە ئەگـەر سەرپشـک کـرام بـۆ خوێندنـەوەی یـەک کتێـب لـەدوای پەتاکـە بـە دڵنیاییـەوە ئـەم کتێبـە دەبێـت؛ لەبـەر ئـەوەی بـە شـێوەیەکی واقعـی کێشـەی ئێسـتای دەسـتنیشـان کـردووە، وە چارەسـەری کـرداری و سوودبەخشـی دانـاوە بەگوێـرەی کتێبـی پیـرۆز، وە بەبـێ لایەنگیرییـە.»

**قەشە غسان یوسف عودیش**

شوانی کڵێسای ئینجیلی نێردراوییەتی لە هەولێر، کوردستانی ئێراق
وە سەرۆکی کۆمەڵگەی کڵێساکانی ئینجیلی لە هەرێمی کوردستانی ئێراق

«لەکاتێکـدا ئـەم کتێبـەم دەخوێنـدەوە، یەکـەم وتـارم لـێ پوخـت کـردەوە بـۆ ئـەوەی پێشکەشـی بکـەم بـە ئەنـدامـانی کڵێسـاکەم، لـەدوای دابڕانمـان لـە خواپەرسـتی لـە ئەنجامـی پەتـای کرۆنـا، بـەو پێیـەی کڵێسـایەکین لـە شـوێنێکی دیارکـراوی جوگرافـی کـەوا پێـی دەگوترێـت تـەلاری کڵێسـا. کتێبێکـە نـەک هـەر شـایەنی ئەوەیـە یـەک جـار بیخوێنیتـەوە، بەڵکـو بـۆ ئەوەیـە لەسـەر مێزەکـەت بێـت بـۆ ئـەوەی ئـەوەی تێیـدا هاتـووە لەبیـرت بێـت. کتێبێـکـە پێویسـتی ڕاستەقینـەی کڵێسـا دەردەخـات، وە بـە ڕاسـتگۆیی و ڕوونی دەدوێـت لەبـارەی ئـەو ڕاسـتییەی کـە تێیـدا دەژیـن و بەرهەمەکـەی دەچنینـەوە.

ئامـۆژگاری دەکـەم بـە پێشکەشـکردنی وەک دیاریـەک بـۆ هەمـوو خۆشەویسـتان لـە خزمەتـکارانی خـودا و ئەوانـەی دەیپەرسـتن. چـووە نـاو دڵ و مێشـکمەوە، وە هیـوادارم بـۆ تـۆش ببێتـە مایـەی بەرەکـەت، هـەروەک بـۆ مـن وابـوو.»

**قەشە پۆڵ بدنیان**

شوانی کڵێسای لەئاوهەڵکێشی فیزبادن - ئەڵمانیا

«ئەگـەر دوو کـەس لـە خـوداوە بـن ناکـۆک نابـن، لەسـەر ئـەوەی کـە کڵێسـا جەسـتەی زینـدووی عیسـایە کـەوا لـەم جیهانـەدا کار دەکات و کاریگـەری هەیـە. بـەڵام جیهـان بـەرەو مەترسـی دەڕوات، بـۆ مەزاجیبـوون و تاکـڕەوی و خۆپەرسـتی، کـە چەمکـی کڵێسـا کـەوا نووسـەر بـە شـێوازێکی نووسـینی جـوان باسـی دەکات، دوورە لـەوەی کـە ئەمـڕۆ دەیبینیـن.


9Marks Online PDF

پێویستە کە بیرۆکەی ئەوەی کڵێسا کۆمەڵەیەک باوەڕدارن و وەک ئەوەی نووسەری نامەی عیبرانییەکان دەڵێت ئامانجیان: "هاندانە بۆ خۆشەویستی و کاری باش".

ئەم کتێبە چەمکی کتێبی پیرۆز بە شێوازێکی گشتگیری جوان بۆ "هاندان"بەرجەستە دەکات.»

**قەشە وەلید ئەلمدانات**

شوانی کڵێسای ناسیرەیی ئینجیلی لە مادیا – ئەردەن

وەسەرۆکی هۆزی کڵێسای ناسیرەیی ئینجیلی لە ئەردەن

«ئەم کتێبە شێوازی ڕاستەقینەی کڵێسای هێنایەوە، وە ئەو ئامانجەی کە خودا لەپێناویدا دایناوە. نووسەر بە شێوەیەک باسی ئەندامێتی کڵێسای کردووە وەک ئەوەی ئەرکێکە بۆ هەرئەندامێکی، ئەو کارەی کە زۆرێک پشتگوێیان خستووە. وە پێویست ناکات کە سەرسام بین لە گەشە نەکردنی کڵێساکانمان ئەگەر نەگەڕێینەوە بۆ بنەماکانی کتێبی پیرۆز کە پەیوەستە بە شێوەی کڵێسا و دروستبوونی و پەیامەکەی، کەوا ئەم کتێبە دەریخستووە. ئەمە کتێبێکە کە لە جێبەجێکردنی کرداری فێرکردنی کتێبی پیرۆز دەچێت دەربارەی کڵێسا؛ ڕۆڵی لە ژیانمان دەردەخات و ڕۆڵی ئێمە تێیدا».

**قەشە سامر بەتاڕسە**

شوانی سەرەکی لە کڵێسای زەرقای لەئاوهەڵکێشی – ئەردەن

«ناوبەناو، بیرۆکەی نوێ دەردەکەوێت و بە خێرایی بڵاودەبێتەوە کە داوای ڕوودانی گۆڕانی بنچینەیی دەکات لە بیروباوەڕ و پەیڕەوکردنی مەسیحیەت، لەگەڵ سەردەمدا دەڕوات و فێرکردنەکانی مەسیحی ئاسان دەکات. وە ئەم بیرۆکانە لە زۆربەیاندا یاخیبوونە لە شتە بنچینەییەکان، وە خێرا لەگەڵ تازەگەریدا دەگونجێت. لەبەر ئەوە ئامۆژگاریت دەکەم بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە کە بانگەوازێکی پیرۆز هەڵدەگرێت بۆ گەڕانەوە بۆ ماڵی خودای باوک، کۆبوونەوەی کڵێسای ناوخۆیی، تاکە شوێن بۆ گەشەکردنی ڕاست، وە دەربڕینی ڕاستگۆیانە لەبارەی خۆشەویستی و دڵسۆزی بۆ عیسا».

**قەشە تۆنی سکاف**

نووسەر و ڕووناکبیری مەسیحی. ماجستێری باڵا لە یەزدانناسی مەسیحی

شوانی کڵێسای لەئاوهەڵکێشانی ئینجیلی لە بدارو – لبنان

# پێشەکی

هۆکاری هەمەجۆر هەیە بۆ ڕوونکردنەوەی نەچوون بۆ کڵێسا. لە ڕاستیدا زۆرێک کەس لە کاتی بڵاوبونەوەی پەتای کرۆنا وازیان لە ئامادەبوون لە کڵێسا هێنا، بەگوێرەی مەزەندەکان ڕێژەی ئامادەنەبوون گەیشتۆتە سێ لە چوار. ڕەنگە تۆ یەکێک بیت لەو کەسانەی کە لە وازیان هێناوە لە ئامادەبوون لە کڵێسا، لەبەر ئەوە ئەم کتێبە هەوڵ دەدات بۆ یارمەتیدان لە دووبارە دۆزینەوەی کڵێسا و ڕۆڵی کڵێسا، یان ڕەنگە یارمەتیت بدات کە بۆ یەکەم جار هۆکاری ئەوە بدۆزیتەوە کە خودا دەیەوێت گرنگی یەکەم بدەیت بە کۆبونەوەکانی کڵێسا، وە پابەند بیت بە ئامادەبوونی لە کڵێسای ناوخۆیی.

بە دڵنیاییەوە باوەڕدار بەبێ کڵێسا بە سادەیی لە گرفتدایە؛ کاتێکی زۆری بەسەردا تێپەڕیوە کە وامان دانابوو باوەڕدارانی تەرخانکراون بۆ عیسای مەسیح لە هۆکاری گرنگیدان بە ئامادەبوون لە کڵێسا تێدەگەن، هەروەک ئێستا ژمارەی باوەڕداران زۆر زیاترە لەوانەی گرنگی دەدەن بە ئامادەبونی کۆبۆنەوەی هەفتانە، هەروەها ئێستا خزمەت و بەخشین لە کڵێساکانمان لەلایەن ژمارەیەکی کەمەوە جێبەجێ دەکرێت، لەبەر ئەوە کارەکە وەک ئەوە دەرناکەوێت کە «کۆڤید ١٩» لەپڕ باوەڕدارانی ڕازی کردبێت بەوەی ئەوان پێویستیان بە کڵێسا نییە، لەبەر ئەوەی تەنانەت پێش ئەم پەتایەش ملیۆنان کەس ئەو بڕیارەیان دابوو. وە بەم شێوەیە وای لێهاتووە ئامادەبونی کۆبۆنەوەکان ئێستا پێویستی بە تۆمارکردن هەیە لە ئینتەرنێت. وە پابەندبوون بە خۆبەدوورگرتنی کۆمەڵایەتی و بەستنی دەمامک.

بەڵام بەڕوونی دیارە کە «کۆڤید ١٩» کرداری جیاکردنەوەی نێوان باوەڕداری کەسیی و دینداری ڕێکخراوی خێراتر کرد. وە لەپڕ هەموومان ڕوبەڕوی کرداری داخستن بووینەوە کە لە سەرەتای پەتاکەوە ڕویدا، وە بۆ ماوەیەکی نادیار بەردەوام بوو، ئیتر گەڕانەوە بۆ ئامادەبوون لە کڵێسا زەحمەت بوو؛ لەبەرئەوەی زیاتر لە ساڵێک پەیڕەومان نەکرد. وە ئەم کێشەیە بە تەنها پەیوەست نییە بە یەک کڵێساوە. بۆ نمونە، دەبێت هەوڵ بدەیت بۆ گەڕانەوەت بۆ وەرزش و چوون بۆ یانەی وەرزشی لەدوای ئەوەی کە ترساویت لە ڕاوەستان لە شوێنی وەرزشکردن، ئەوکاتە هەست بە زەحمەتی کارەکە دەکەیت.



9Marks Online PDF

هەتا ڕادەی پێویست ئامادەبوون لە کڵێسا قورس دەبێت ئەگەر تەنها کێشەمان ئەوەبێت کە نەخۆشییەکی کوشندە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژتر لەوەی هەریەکێک لە ئێمە چاوەڕێمان دەکرد دوری خستینەوە. بەڵام ترسی تووشبوون بە ڤایرۆسەکە ڕەنگە دوا هۆکاربێت کە وای لە زۆرێک لە باوەڕداران بکات بۆ ئامادەنەبوون لە کڵێسا، وە ئەو گفتوگۆیانەی کە دەربارەی دەمامک و ڤاکسین و شتەکانی دیکە بووە هۆی دابەشبوونی ئەندامانی کڵێسا کە لە ماڵەکانیان گیریان خواردوە، وە بەردەوام لەبەردەم لاپەرەکانی فیسبوکن کە پڕە لە هۆشداری توند و تیۆری پیلانگێڕی. لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکاندا وا دیارە باوەڕداران یەکتریان زۆر خۆش دەوێت، بەڵام هەوڵ بدە دوربکەویتەوە لە تاقیکردنەوەیەک کە لە کاتی پەرستشی هەفتانەدا پێکەوە لە ژێر یەک سەقفدا ئەزموونی دەکەن، دەبینیت کە پێکبەستەکانی سۆز دێتە کایەوە.

بەڵام هێشتا ئەمە وێنەیەکی تەواو نییە. بۆ نمونە، دەکرێت ئەمە ڕوانگەی لایەنی سیاسی ئەندامان بسەلمێنێت کەوا زیاتر جیاکاری و دابەشبوون لەنێویان دروست دەکات. چۆن دەکرێت باوەڕداران لەگەڵ کەسانێک لەپاڵ یەکتر خواپەرستی بکەن کە گرنگیپێدانی جیاوازیان هەیە؟ بە دڵنیاییەوە، دەکرێت باوەڕداران هاوڕا بن سەبارەت بە سێیانەیی و لەئاوهەڵکێشان و زانینی دیکە، بەڵام چەندە باشە کاتێک هەست دەکەین لە زۆر ڕوانگەی دیکە هاوبەشین تەنانەت لەگەڵ هاوپەیمانە سیاسییە بێباوەڕەکانیش، وە ڕەنگە پێویستمان بەوە نەبێت لەو شوانانە بپرسین کەوا زۆر جار گوێیان لە گلەیی و پرسیاری ئێمە بووە کە دەڵێن: بۆچی پەیوەندییان پێوە نەکردین بۆ دڵنیابوونەوە لێمان لە کاتێکدا لە ماڵەکانمان بەند کراوین؟ لە کاتی پەتاکەدا چۆن کاتیان بەسەربردووە؟ ڕەنگە چەند ڕستەیەک بڵێین کەوا ڕوونی بکاتەوە وتارەکان لە ئەنتەرنێتەوە بێ سوود بووە و کاتێک کەسێک ویستبێتی سەرنجی لەسەر بێت پێویستی بە هەوڵدان هەبووە بۆ ئەوەی سەرنجی لەسەر لانەچێت کەوا منداڵات ئاژاوە دەنێنەوە. بە گشتی، ناکرێت بەراوردی شوانی ئاسایی بکرێت بە ڕابەرانی بوێر کەوا لە چاوپێکەوتنەکانیان لە تەلەفزیۆن ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕوو هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەم بابەتانە کردووە. سەرباری ئەمە، ئەم پەتایە وای کرد لە پێشتر ئاسانتر بێت وتاری شوانەکانی دیکە لە تەلەفزیۆنەوە ببینرێت بەبێ هەستکردن بە گوناە یان پشتگوێخستنی کڵێساکەمان. ئێمە دەزانین جیاوازی نییە لە نێوان گوێگرتن لە وتار شوانی کڵێساکەمان و شوانانی کڵێساکانی دیکە، بە تایبەتی کاتێک دەتوانین شوانەکان بە شێوەیەکی کەسیی ببینین.



9Marks Online PDF

بەڵێ هەموومان زۆر هۆکارمان هەیە کە پاڵمان پێوەدەنێت بۆ ئامادەنەبوون لە کڵێسا. لەڕاستیدا، زۆرێک لە کڵێساکان چاوەڕێی گەڕانەوەی ئامادەبوونمان ناکەن لە کڵێسا بۆ جارێکی دیکە، لەبەر ئەوە کڵێسای گریمانەییان داناوە و شوانی گریمانەییان دامەزراند، وە بەم شێوەیە هەریەکێک لە ئێمە پێویست ناکات ڕۆژی یەکشەممە زوو لە خەو هەستێت، یان پۆشاکەکانی لەبەربکات، یان لە شوێنی ڕاگرتنی ئۆتۆمبیل بگەڕێت، یان گریانی منداڵ پشتگوێ بخات، یان قسەکردن لەگەڵ کەسانێک کە سیاسەتێکی قێزەونی هەیە، یاخود ڕاگرتنی باوێشک لە کاتی وتاری دورودرێژ، یان پێویستی بە لەتکردنی نان نییە.

## داهاتووی کڵێسا

ئایا کڵێسا داهاتووی هەیە؟ ئایا کڵێسای گریمانەیی داهاتووە؟ وەڵامەکەی لە هەمان کاتدا «بەڵێ» و «نەخێر»ـە، لەبەرئەوە لەم کتێبەدا هەوڵ دەدەین ڕازیت بکەین بۆ گەڕان لە دووبارە دۆزینەوەی کڵێسا. وە ئەمە لە خۆشباوەڕیمانەوە سەرچاوەی نەگرتووە هەروەک ئەوەی نەتوانین ئەو هۆکارە مەزەندە بکەین کە کەسێک لەگەڵ کڵێسای ناوەخۆیی هەوڵ دەدات. لەڕاستیدا، هەر کەسێک کە کڵێسای خۆشدەوێت پێوستە لەسەری فێری لێخۆشبونی باوەڕداران بێت و ئاگاداریان بێت. وە خودا بانگمان ناکات بۆ کڵێسا لەبەرئەوەی شوێنێکی ئاسودەیە یارمەتیمان دەدات لە دەستکەوتنی هەندێک هاندانی ڕۆحی، بەڵکو بانگهێشتمان دەکات بۆ خێزانێکی ڕۆحی لە کەسانی نەخوازراو و نەشیاو، وە پێشوازیمان لێ دەکات لە ماڵێک بە دەگمەن ئەوەیە کە دەمانەوێت، بەڵام ئەوەیە کە لە کۆتاییدا پێویستمان پێی دەبێت.

هەوڵ بدە بیر لە کڵێسای پێش پەتاکە بکەیتەوە. کاتێک دەڕوانیتە دەوروبەرت و کۆمەڵێک باوەڕدار دەبینیت گۆرانی ڕۆحی دەڵێن و نوێژ دەکەن و گوێ لە وشەی خودا دەگریت ڕەنگە وا دەبینیت کە هەمووان دڵخۆشن بە ئامادەبوونیان لێرە. ڕەنگە بێدەنگ بن و شوان وتار دەدات، یان بۆ دووپاتکردنەوەی خاڵەکان هاوار دەکەن «ئامین»، یان ڕەنگە لە کاتی گوتنی گۆرانییەکی ڕۆحی دەستیان بەرز بکەنەوە، یان کتێبی گۆرانییە ڕۆحییەکان دەخوێننەوە، یان ڕەنگە پێش دەرچوون لە کڵێسا زۆر بە گەرمی و سۆز و پێشوازییەوە دەستی یەک بگوشن و سڵاو لە یەکتر بکەن، بەڵام هەموو شتێک لە کڵێسادا بە باش دەرناکەوێ، وە هەموو ڕوخسارەکان دڵخۆش نین

و خەنـدە ببخشـنەوە، پەتاکـە بـووە هـۆی نیگەرانـی لـە پەیوەندییـەکان و هەندێـک ئـازار و تـرس لەسـەر ئـەو ڕوخسـارانە دەرکـەوت کـە ئـەم ڕوخسـارە دڵخۆشـانە دەیانشـاردەوە، وە تێبینـی ئـەوە دەکەیـن لـەدواوەی هـەر خەندەیـەک لـە کڵێسـا چیرۆکێـک هەیـە. ڕەنگـە چـاوت بـە خێزانێـک بکەوێـت بەدرێژایـی ڕێگـەی ماڵـەوە هەتـا کڵێسـا شـەڕیان کـردووە، ڕەنگـە بێوەژنێـک ببینیـت هێشـتا خەمبـارە بەهـۆی ئـەوەی تووشـی بـووە و هەمـووان لەبیریـان چۆتـەوە، وە ڕەنگـە کەسـێکی دوورەپەرێـز بناسـیت کـە لـە ململانێدایـە لەگـەڵ گومانـی چاکیـی خـودا لـە نێـو ژیانێکـی پـڕ لـە ئـازار و ناخۆشـیدا، وە ڕەنگـە یەکێـک لـە شـوانەکان ببینیـت دەپرسـێت چـۆن دەتوانرێـت داوا لـە کڵێسـا بکرێـت کـە دوای عیسـا بکەوێـت لـەدوای هەفتەیـەک لـە شکسـتی خـۆی لـە ئەنجامدانـی ئەمـەدا.

لـە هەفتەیەکـەوە بـۆ هەفتەیەکـی دیکـە لـە کڵێسـاکەت، ناتوانیـت دڵنیابیـت لـەوەی کـە هـەر کەسـێک هەسـتی چـۆنـە یـان بیـر لەچـی دەکاتـەوە سـەرەڕای ڕوخسـاریان. وە تەنانـەت ناتوانرێـت دڵنیابینـەوە لـە هـۆکاری ئامادەبـوونی هەمـوو یەکێـک لـە کڵێسـا، ئینجـا نازانرێـت کـێ دەگەڕێتـەوە کڵێسـا. کەسـێک لێکۆڵینەوەیەکـی فـراوانی کـرد لەسـەر هەڵوێسـتی بیروبـاوەڕانی کۆمەڵێـک کڵێسـای جیـاواز پێـش هەڵبـژاردنی باشـترین کڵێسـای گونجـاو بـۆی، وە کەسـێکی دیکـە پێویسـتی بـە هـاوڕێ هەبـوو لـە شـارێکی نـوێ کـە بـۆی چووبـوو، وە کەسـێکی دیکـە لـە کڵێسـایەکەوە چـووە کڵێسـایەکی دیکـە و هەرگیـز کڵێسـایەکی گونجـاوی نەدۆزیـەوە، وە خانمێکـی دیکـە هیـچ هۆکارێکـی نەدۆزییـەوە وای لـێ بـکات ئـەو کڵێسـایە بەجێبهێڵێـت کـە تێیـدا گـەورە بـووە، کـە گەواهیـدەر بـووە لەسـەر هـەر ڕوداوێکـی گرنگـی لەدایکبـوون و هاوسـەرگیری و مـردن. لەڕاسـتیدا، بـە تەنهـا دیمەنەکـە ناتوانیـت چیرۆکەکـە بـە تـەواوی بگێڕیتـەوە، تەنانـەت لـە کڵێساکەشـتدا.

بۆچـی لەسـەرتە دیسـانەوە کڵێسـا بدۆزیتـەوە؟ دەکرێـت چـی وات لـێ بـکات بەیـانی زوو لـە خـەو هەسـتیت بـۆ ئامادەبـوون لـە کۆبونـەوەی بەیـانی یەکشـەممە یـان لـەدوای ڕۆژێکـی ماندوویـی لـە ماڵەکـەت بێیتـە خـوارەوە بـۆ ئـەوەی لـە کۆبونـەوەی ئێـوارەی چوارشـەممە ئامادەبیـت؟ بۆچـی دەبێـت بگەڕێیتـەوە بـۆ کۆمەڵێکـی دیاریکـراو و ئـەوە هەڵبژێـری سـەرەرای بـژاردەی دیکـە کـە هەیـە؟ لـە بنەڕەتـەوە بۆچـی گرنگـی بـە مەسـیحیەت دەدەیـت؟ خەریکـە جیهـان خەمبـار دەبێـت بـۆ نەبـوونی کڵێسـا لـە کاتی پەتـای کرۆنـا، هـۆکار چییـە؟ ئایـا کڵێسـا یانەیەکـە یارمـەتی خۆیەتـی پێشـکەش دەکات بـۆ ئەوانـەی لـە توانـای مێشـکی و سـۆزدا لاوازن؟ ئایـا کڵێسـا کۆمەڵـی کارکـردنی کەسـانێکە کـە

هەمان بیرکردنەوەیان هەیە؟ ئایا کڵێسا دامەزراوەیەکە خزمەتی کۆمەڵگە و کەسانێک دەکات کە چێژ لە گۆرانییە ڕۆحییە کۆنەکان وەردەگرن؟

تەنانەت پێش مەترسی گواستنەوەی ڤایرۆسی کرۆناش، کڵێسا نامۆ دەردەکەوت لە کاتێکدا زۆر کەم لە دراوسێکان کۆدەبوونەوە بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆی گەرم و فێربونی لەسەرخۆ و ستایشکردنی بە پەرۆشەوە، بە تایبەتی کاتێک بابەتێک دێت لە کتێبێکی کۆن باس لە پەیڕەوکردنی شتی نامۆ دەکات وەک پێشکەشکردنی قوربانی ئاژەڵی، وە ئەوە ئەم کتێبەیە کە مەسیحیەکان وای دەبینن دەسەڵاتی ڕەهای هەیە.

کاتێک دەچیتە کڵێسا ڕێک چی ڕوودەدات؟ ئێمە تەنها مەبەستمان کاروباری وەک وتار و ستایش و خزمەت نییە (هەرچەندە لەم کتێبەدا باسی هەموو ئەم کارانە و زیاتریش دەکەین)، بەڵکو قسەدەکەین لەبارەی ئەو شتانەی لەدوای خەندەکانەوە ڕوودەدات، وە لەدوای ستایش و خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز؛ ئێمە قسەدەکەین لەبارەی پلانەکانی خودا و مەبەستەکانی لەبەرئەوەی کڵێسا زۆر قووڵترە لەوەی دەردەکەوێت و لەبەرچاو دیارە. لەڕاستیدا، کڵێسا بیلبیلەی چاوی خودا و ئەو جەستەیەیە کە عیسای مەسیح لەپێناویدا خۆی وەک قوربانی پێشکەش کرد، لەبەر ئەوە کڵێسا پێویست و بنچینەییە.

لێرەوە خودا پشت دەبەستێت بە هاوسەگیری لەبەرئەوەی گەرموگوڕترین پەیوەندی مرۆڤایەتییە لە باسکردنی ئەوەی لە کڵێساکەتدا ڕوودەدات، وە ئەوەی پۆڵسی نێردراو سەبارەت بە هاوسەرگیری بۆ خەڵکی ئەفسۆسی نووسیوە فێرمان دەکات و دەڵێت:

> **«ئەی مێردەکان، ژنەکانتان خۆشبوێ، هەروەک مەسیحیش کڵێسای خۆشویست و لە پێناوی خۆی بەختکرد، تاکو پیرۆزی بکات و بە شوشتنی بە ئاو لە ڕێگەی وشەوە پاکی بکاتەوە، بۆ ئەوەی کڵێسایەکی شکۆدار بۆ خۆی ئامادە بکات، لەکە و لۆچ و هیچ شتێکی ئاوای نەبێت، بەڵکو پیرۆز و بێ کەموکوڕی بێت.»**
>
> (ئەفەسۆس ٥: ٢٥ – ٢٧)

لـەم دەقـەدا، پۆڵسـی نێـردراو یارمەتیـمان دەدات بـۆ ئـەوەی لـەو پەیوەندییـە هاوسـەرگیرییەی کـە دەیزانیـن لێیـەوە شـتێک لـە کڵێسـا فێـر بیـن کـە نایبینیـن. هاوسـەرەکان خۆشەویسـتییان بـۆ خێزانەکانیـان دەردەبـڕن بـە پێشکەشـکردنی ژیانیـان و قوربانـی لـە پێناویـان، وە هەروەهـا عیسـای مەسـیحیش بـەم شـێوەیە، تاکـە کـوڕی خـودا کـە لـە ڕۆحـی پیـرۆزەوە بـوو. وە لـە مریەمـی پاکیـزە لەدایـک بـوو، وە لەسەردەسـتی ڕۆمانییـەکان لەخـاچ درا و لەنێـو مـردووان هەسـتایەوە، خـۆی وەک قوربانـی پێشـکەش کـرد لـە پێنـاو کڵێسـا. وە بەهـۆی قوربـانی عیسـا لەسـەر خـاچ، خـودا لـە هەمـوو ئەوانـە خۆشـبوو کـە وازیـان لـە گونـاه هێنـا و باوەڕیـان بـە عیسـا هێنـا و متمانەیـان بـەو کـرد، وە بـەم شـێوەیە دەکرێـت پیـرۆز بیـت لەبـەر ئـەوەی عیسـا جەسـتەی خـۆی پێدایـت. وە هـەروەک خـۆراک دەدەیتـە جەسـتەت و گرنگـی پـێ دەدەیـت، عیسـا خـواردن بـە کڵێسـا دەدات و گرنگـی پێـدەدات (ئەفەسـۆس ٥: ٢٩).

وێنـای نهێنییەکـی قـووڵ بکـە لەنێـوان کڵێسـا و عیسـادا کاتێـک خانمێکـی بەتەمـەن لـە تەنیشـتت ڕاوەسـتاوە و ڕێژەیەکـی زۆر بـۆنی لەخـۆی داوە، یـان کاتێـک ئـەو پیـاوەی لـە بەردەمتـە بـە ئاوازێکـی هەڵـە چەپڵـە لێـدەدات، یـان کاتێـک هاوڕێکـەت لەبیـری دەچێـت پیرۆزبایـی جـەژنی لەدایکبوونـت لـێ بـکات، وە لـەوە قورسـتر ئەوەیـە کاتێـک خـۆت تەنهـای لـەماڵـەوە خەیاڵـی ئـەو نهێنیـە بکەیـت، لەبەرئـەوی تەنانـەت ئەندامـە نامـۆکانی جەسـتەش ئەوەمـان بیـر دەخەنـەوە کـە بـە نیعمـەت نەبێـت هیـچ کەسـێک لـە خـودا نزیـک نابێتـەوە. وە هیـچ کەسـێک ناتوانێـت کورسـییەک لەسـەر ئـەم خوانـە بگرێـت، وە ناتوانێـت بەبـێ بانگهێشـت بچێتـە ئـەم ئاهەنگـە.

بڕوادەکەیـت یـان بڕواناکەیـت، دەبینیـت کـە کڵێسـاکەت زیاتـر مایـەی گرنگپێدانـە. پۆڵسی نێردراو لـە نامـەی کۆرنسـۆس کڵێسـا فێـردەکات و دەڵێـت: «ئێـوە لەشـی مەسـیحن، هەریەکەتـان ئەندامـی ئـەون.» (یەکـەم کۆرنسـۆس ١٢: ٢٧). بەڵـێ کڵێسـاکەت جەسـتەی مەسـیحە، وە ئەمـە جێبەجـێ دەبێـت بەسـەر ئـەو فەرمانبـەرەی بانـک کـە سـەرکردایەتی ئەنجومـەنی خزمەتکارانـی کڵێسـا دەکات، وە ئـەو کەسـەی لـە ئاڵـودەی مـادەی کحولـی چـاک بووەتـەوە کـە ناتوانێـت کۆنتـرۆڵـی بـۆنی جەسـتەی خـۆی بـکات، وە هەروەهـا بەسـەر ئـەو کچـە گەنجـەش جێبەجـێ دەبێـت کـە لەبـەردەرگا بـە خەندەیـەک پێشـوازیت لـێ دەکات، وە کچـە کارمەندەکـەی دایەنـگا. وە ئەگـەر تۆبـەت کـرد لـە گوناهەکانـت و باوەڕت بـە هەواڵـی خـۆش هێنـا دەربـارەی مـردنی عیسـا و هەسـتانەوەی، لەگـەڵ هەمـوو ئەمانـە

تـۆ سـەر بـە عیسا دەبیت و هەمووتـان سـەر بـە یەکـتر دەبـن. پۆڵسـی نێـردراو بـە خەڵکی ڕۆمـا ڕادەگەیەنێت و دەڵێت: «وەک چـۆن لـە یـەک جەسـتەدا ئەندامـی زۆرمـان هەیـە، هەمـوو ئەندامەکانیـش یـەک کاریـان نییـە، ئێمـەش بـە هەمـان شـێوە، هەرچەنـدە زۆریـن، بـە یەکبـوون لەگـەڵ مەسـیح ئەندامـی یـەک جەسـتەین و هـەر ئەندامێـک پەیوەسـتە بـە ئەندامەکانـی دیکـەوە.» (ڕۆمـا ١٢: ٤ – ٥).

لـە مەسـیحدا، کڵێسـاکەت تـەواوە «نـە خراپـەی تێدایـە و نـە ناخۆشـی»، وە ئەمـە ڕاسـتییە و تەنانـەت لـە کاتی پەتـا و نەخۆشـیدا و لـە کاتی گـرژی سیاسـیدا. لـە لایـەنی کرداریـیـەوە، بەڕاسـتی دەزانیـت یـان لـە کۆتاییـدا بـۆت دەردەکەوێـت کـە کڵێسـاکەت ئەندامانێـک ئەندامانێـک دەگرێتـە خـۆی کـە هێشـتا گونـاه دەکـەن دەرحـەق بـە خـودا، وە لـە بەرامبـەر بـە یەکـتر لەگـەڵ ئـەوەی ڕۆح پیرۆزیـان دەکات. ڕەنگـە لەلایـەن ئەوانـەوە تووشـی سـوکایەتی بیتـەوە، وە ڕەنگـە گـوێ نـەدەن بـە چاودێریکـردنی منـداڵ، وە ڕەنگـە کاری خـراپ بکـەن، وە ڕەنگـە خۆشەویسـتی هەڵـە دەربـبڕن، وە لسـتی گوناهـەکان درێـژ بێتـەوە.

وە لـەم کتێبـەدا یارمەتیـت دەدەیـن لـە دووبـارە دۆزینـەوەی کڵێسـادا. پێویسـتت بەوەیـە ئـەوەی کـە ناتوانـی ببینیـت بیـری خۆتـی بهێنیتـەوە، وە بگەڕێیتـەوە بـۆ کڵێسـا لەبەرئـەوەی تـۆ سـەر بـە خـودای، وە لەبەرئـەوەی مەسـیح جەسـتەی خـۆی پێشـکەش کـرد، ئینجـا بـاوەڕدارانی کۆکـردەوە لـە هەمـوو هـۆز و زمـان و گـەل و نەتەوەیـەک (ئاشـکراکردن ٥: ٩). وە لـە جەسـتەی مەسـیحدا هیـچ کەسـێک لـە کەسـێکی دی گرنگتر نییە لەبەرئـەوەی هەمـووان سـەربەون بـە هەمـان نیعمـەت و هەمـان بـاوەڕ، وە خۆشەویسـتی بـۆ دەوڵەمەنـد نییـە و بەهێـزەکان پەسـندتر نیـن (یاقـوب ٢: ١ -٧) لەبەرئـەوەی ئێمـە هەمووومـان بـە هەمـوو شـتێک قـەرزاری مەسـیحین، وە لـە هەمـوو شـتێکدا بەشـدارین لەگـەڵ یەکـتر هـەروەک ئـەوەی کتێبـی پیـرۆز دەڵێـت: «ئەگـەر ئەندامێـک ئـازاری هەبـوو، هەمـوو ئەندامـان لەگەڵیـدا ئـازار دەچێـژن، ئەگـەر ئەندامێـک ڕێـزی لێنـرا، هەمـوو ئەندامـان لەگەڵیـدا خۆشـحاڵ دەبـن» (یەکـەم کۆرنسـۆس ١٢: ٢٦).

تـۆ سـەربە خـودای و سـەربە ئەندامانـی دیکەیـت، وە ئێمـە یـەک جەسـتە و ئەندامـی زۆریـن تـۆش لەگەڵمانداییـت، وە چەنـدەهـا هـۆکارت هەیـە بـۆ هـەوڵ نەدانـت بـۆ دووبـارە دۆزینـەوەی کڵێسـا، وە یـەک هـۆکار گرنگـی دووبـارە دۆزینـەوەی کڵێسـا دووپـات دەکاتـەوە؛ لەبەرئـەوەی خـودا دەیەوێـت خۆشەویسـتی خۆیـت بـۆ دەربخـات بەهـۆی ئـەو

کەسانەی کە ڕەنگە زۆر خۆشت نەوێن. ئەوەتا ئەم جۆرەی خۆشەویستیە کە ڕەنگە ڕامانبکێشێت بۆ دوور لە خۆمان و ڕابەریمان بکات بۆ هاوبەشی کردنێک دەچێتە سەرووی ئەو هێزەی کە جیهانە پەراوێزخراوەکەمان لەبار یەک هەڵدەوەشێنێتەوە. ئەمە تاکە ڕێگای بنچینەییە بۆمان هەتا پێکەوە چاکبونەوە بدۆزینەوە.

سەرەڕای ئەوە، کڵێساکەت ئەو شوێنەیە کە مەسیح ڕایگەیاند بە شێوازێکی ناوازە و بێهاوتا تێیدا ئامادە دەبێت، وە ڕەنگە بتوانین بڵێین کە کڵێسا ئەو شوێنەیە کە ئاسمان و زەوی دەچنە پەیوەندیەوە و نوێژەکانمان تێیدا گیرا دەبێت «با پاشایەتییەکەت بێ، با خواستت لەسەر زەوی پەیڕەو بکرێت وەک لە ئاسمان».

# بەشی یەکەم

## پێناسەی کڵێسا چییە؟

نووسینی: جۆناتان لیمەن

ڕەنگە کە منداڵ بوویت باوکت تۆی لەگەڵ خۆیدا بردبێتە کڵێسا، باوکیشم ئەمەی لەگەڵ کردووم. لەڕاستیدا هەندێک شتم لە کڵێسا خۆشویست، بەڵام هەندێکی دیکەیم خۆشنەویست، یەکێک لەو شتانەی کە خۆشم ویست یاری چاوشارکێ بوو لەگەڵ هاوڕێکانم لە بینای کڵێسا کە زۆر فراوان بوو، نارێک و چەندەها ڕاڕەوی تێدابوو و دەروازە و پلیکانە کە خۆشاردنەوە تێیدا ئاسان بوو، کە وای لە بیناکە دەکرد شوێنێکی نموونەیی گونجاو بێت بۆ یاریەکە. وە ئەگەر لێم بپرسیت: «پێناسەی کڵێسا چییە؟» ئەوا لەوانەیە ئاماژە بکەم بۆ بیناکە.

لە قۆناغی ئامادەییدا، ئەو شتە سەرەکییەی کە لە کڵێسا حەزم لێی بوو کۆبوونەوەی گەنجان بوو کە شەوی هەینی دەبەسترا، کە پڕبوو لە گۆرانی ڕۆحی بەچێژ و شانۆگەری پێکەنیناوی و گاڵتەجاڕی و بیرکردنەوەی خێرا، بەڵام ئەگەر پرسیارم لێ بکەی ئەگەر پێشتر بیرم لەوە کردبێتەوە بەڕاستی پەیوەندی بکەم بە کڵێساوە. ئەوا ڕەنگە نازانم چی وەڵام بدەمەوە، وە ڕەنگە وەڵام دانەوەی پرسیارەکە ڕەت بکەمەوە؛ لەبەر ئەوەی من نەمبینیوە پەیوەندی بە منەوە هەبێت.

لە قۆناغی زانکۆدا، وازم هێنا لە چوونە کڵێسا، بەڵام هێشتا باوەڕم بە ڕاستییەکانی مەسیحی هەبوو، بەلایەنی کەمەوە لە مێشکمدا. بەڵام ویستم ژیانی جیهان بژیم زیاتر لە ژیان لەگەڵ عیسای پەروەردگار، لەبەرئەوە بە چێژێکی زۆرەوە شوێنی جیهان کەوتم، وە باشترین دەربڕین کە دەتوانێت ئەوە بڵێت ئەمەیە: مەسیحییەکی ئاسایی بووم، واتا تەنها بە ناو. ڕامگەیاندووە کە عیسا ڕزگارکەرمە، بەڵام بە دڵنیاییەوە پەروەردگار و سەروەرم نەبووە. «باوەڕم» پێی کرد بەڵام نە «تۆبەم کرد و نە باوەڕم پێی هێنا» وەک ئەوەی کە عیسای مەسیح پێمان ڕادەگەیێنێت بیکەین، وە ئەگەر لێت پرسیبووام: «پێناسەی کڵێسا چییە؟»، لەوانەیە وەڵام بدەمەوە: «کۆمەڵە کەسانێکن کە دەیانەوێت شوێنکەوتەی عیسابن، لەبەرئەوە حەز ناکەم لەگەڵ ئەوان لەوێ بم». ئەوەی دژیەکە ئەوەیە هەرچەندە لە کڵێساوە دووربم، تێگەیشتنم زیاد دەکات بەرەو

ئـەوەی باشـتر لـە کڵێسـا تێبگـەم چییـە. ئـەی تـۆ؟ ئایـا پێشـتر ڕاوەسـتاویت و پرسـیارت لـە خـۆت کـردووە «پێناسـەی کڵێسـا چییـە؟».

## وتار و خەڵک

لـە ئابـی ١٩٩٦ ز، لـە زانکـۆ دەرچـووم، وە چوومـە واشـنتۆنی پایتەخـت بـۆ ئـەوەی کارێـک بدۆزمـەوە. هاوڕێیەکـی بـاوەڕدارم لەبـارەی یەکێـک لـە کڵێسـاکانی ئـەو شـارەوە پێـی ڕاگەیانـدم. بەهـۆی تۆزێـک هەسـتکردنم بـە تـاوان لـەو ژیانـەی کـە تێیـدا دەژیـام، وە ئـارەزووی ژیانی قوڵـتر و واتادارتـر، بڕیـاری ئامادەبونـم دا لـەو کڵێسـایە. وتـاری بەیانـی ئەو ڕۆەی یەکشـەمەم بەبیـر نایـەت، بـەڵام هاتنـەوەی ئێـوارەی ئـەو یەکشـەممەیەم لەبیـرە بـۆ ئامادەبـوون لـە وتـاری ئێـوارە، ئینجـا لـەدوای ئـەوە ئێـوارەی چوارشـەممە ئامادەبـوم لـە کۆبونـەوەی وانـەی کتێبـی پیـرۆز. وە لـە هەفتـەی داهاتـوو، ڕۆژی یەکشـەممە بەیـانی و ئێـوارە ئامادەبـووم، هەروەهـا ئێـوارەی چوارشـەممە ئامادەبـوم، بـەم شـێوەیە گـۆڕام لـە ئامادەنەبـوون لـە کڵێسـاوە بـۆ ئامادەبـونی سـێ کۆبونـەوە لـە هەفتەیەکـدا، هیـچ کەسـێک پاڵـی پێـوە نەنـام بـۆ ئەمـە، بـەڵام شـتێک لـە ناخمـدا ڕایدەکێشـام.

لـە ڕاسـتیدا. کەسـێک پاڵنـەرم بـوو، ئەویـش ڕۆحـی پیـرۆزە بەهـۆی دوو شـتەوە. ڕۆحـی پیـرۆز وتـارەکانی قەشـە مارکـی بەکارهێنـا؛ کـە پێشـتر هیـچ شـتێکم نەبیسـتبوو وەک ئـەوەی لـەوم بیسـت. مـارک لـە کتێبـی پیـرۆزەوە وتـاری دەدا، ئایـەت بـە ئایـەت و بـەش بـە بـەش، بەبـێ ئـەوەی ببێتـە هـۆی سەرلێشـیواندن و تێکـدان بـۆم.

بـۆ نمونـە، مـارک ڕۆژی یەکشـەممە وتـاری لـە سـیپارەی یەشـوع پێشـکەش کـرد، وە ئـەوە لـەو دەقانەیـە کـە قبوڵکـردن و تێگەیشـتنی قورسـە؛ لـەم بەشـەدا خـودا فەرمانـی بـۆ یەشـوع دەرکـرد کـە بچێتـە شـاری کەنعـان، هەمـوو ژن و پیـاو و منـداڵ و پیـر و تەنانـەت مانـگا و مـەڕ و گوێدرێژیـش بکوژێـت. قەشـە مـارک دەقەکـەی بـە دەنگێکـی بیسـتراو خوێنـدەوە. وە کاتێـک لـە خوێندنـەوە تەواوبـوو، تەماشـای ئێمـەی کـرد.

پرسـیارم کـرد لەسـەر ئـەوەی دەیڵێـت؛ لەبـەر ئـەوەی ئـەم دەقـە ترسـناک و دڕندانەیـە. لـە کۆتاییـدا، قەشـە مـارک قسـەی کـرد و گـوتی: «ئەگـەر باوەڕداربیـت، پێویسـتە هـۆکاری بـوونی دەقـی وەهـا لـە کتێبـی پیـرۆزدا بزانیـت. ئـەوەی لـە ناخمـدا دەگوترایـەوە ئەوەبـوو: ڕاوەسـتە... مەبەسـت چییـە؟


9Marks Online PDF

لـە سـەرەتادا، هەسـتم بـە ناخۆشـی و نارەحـەتی کـرد لـەم ئالنگارییـەی قەشـە مـارک خستیە بەردەمـمان. دەبێـت هـۆکاری بـوونی دەقێکـی ئـاوا لـە کتێبـی پیـرۆزدا بزانـم؟ ئـەی وتارخوێـن بۆچـی تـۆ هـۆکاری بـوونی دەقێکـی ئـاوام پـێ ناڵێیـت لەکتێبـی پیـرۆزدا.

پـاش چەنـد خولەکێکـی کـەم ئـەو ئالنگارییـەی کـە قەشـە مـارک خستییە بەردەمـمان لۆژیکـی دەرکـەوت؛ لەبەرئـەوەی وەک ئـەو ئایەتـەی کـە خوێندیـەوە بەبیرمـان دەخاتـەوە کـە خـودا قەرزارمـان نییـە بـە پێشکەشـکردنی ڕوونکردنـەوە، بـەڵام ئێمـە قـەرزاری ئەویـن بـە پێشکەشـکردنی ڕونکردنـەوە، وە هەڵگرتنـی بەرپرسـیارێتی لەبەرئـەوەی ئـەو دروسـتکەر و قەرزپێـدەرە. خـودا لەژێـر تاقیکردنـەوەدا نییـە، بـەڵام ئێمـە لەژێـر تاقیکردنەوەدایـن، وە جگـە لـەو هیـچ کەسـێک ناتوانێـت ژیـان ببەخشـێت یـان بیباتـەوە.

هەمـوو ئـەوەم بەبیـر ناکەوێتـەوە کـە پاشـان قەشـە مـارک گوتـی، بـەڵام خاڵـی گرنـگ لێـرەدا ئەوەیـە کـە بەراسـتی لـەدوای دوبـارە ڕێکخسـتنەوەی واقعەکـە جیهـانی مـن گـۆڕا، بـە شـێوەیەکی کەمێـک جیاوازتـر لـە ئێسـتا دەمڕوانییـە شـتەکان وەک ئـەم تێروانینـە نوێیـەی کـە مـرۆڤ بـە هەڵکشـانی تەمەنـی وەری دەگرێـت. بـەڵام مـن بـە چرکەیـەک ئـەم تێروانینـەم وەرگـرت. وە بیروبـاوەڕم وای لێهـات کـە خـودا خودایـە، وە مـن خـودا نیـم.

وتـاری بـاش هەمـوو هەفتەیـەک ئـەم کارە دەکات، وە بـە سەرڕاستییەوە کتێبـی پیـرۆز ڕادەگەیەنێـت، وە چـاوی دڵـت دەگۆڕێـت، وە یارمەتیـت دەدات بـۆ ئـەوەی لـە ڕوانگـەی خـوداوە جیهـان ببینیـت نـەک لـە ڕوانگـەی خۆتـەوە (لـە بەشـی چـوارەم بـە وردی باسـی ئـەم وتـارە دەکەیـن).

جگـە لـەوەی وتـار بـەم شـێوازە تەنهـا شـت نەبـوو کـە ڕۆحـی پیـرۆز بـەکاری هێنـا بـۆ ڕاکێشـانم بـۆ ئـەم کڵێسـایە، هەروەهـا خەڵکیشی بەکارهێنـا، کـە پیاوێـک نـاوی دانیـال بـوو بانگێشـتی کـردم بـۆ نـاو خێزانەکـەی لـە بەیـانی هەمـوو ڕۆژانێکـی شـەممە، وە پێکـەوە نانـی بەیانـی بخۆیـن و سـیپارەی ئیشـایا بخوێنینـەوە، هـەروەک دوو هاوسـەری خانەنشـین کـە جـۆن و هێلیـن بـوون، بانگهێشـتیان کـردم بـۆ ئێوارەخوانێـک لەگەڵیـان، وە هەروەهـا بانگهێشـت کـرام لەلایـەن دوو هاوسـەری دیکـە ئەویـش پـۆڵ و میـری بـوون. وە پێشـوازی کڵێسـا لەمـن و باوەشـکردنەوەی بـۆم هەسـتێکی گـەرم و خـۆش بـوو. ژمارەیەکـی کـەم لـە هاوڕێیـانی زانکـۆم کـە بێبـاوەڕ بـوون و لـە واشـنتۆنی پایتەخـت دەژیـان، بـەڵام حـەزم دەکـرد زیاتـر کات لەگـەڵ هـاوڕێ نوێیەکانـی کڵێسـا بەسـەرببەم، هەروەهـا هاوڕێیـانی زانکۆشـم بانگهێشـت کـرد بـۆ هاتنـە کڵێسـا.

بـەم شـێوەیە ئـەم کۆمەڵەیـە لـە بـاوەڕداران بەخۆشەویسـتی و پەیوەسـتبوونیان وێنەیـەک لـە جۆرێکـی جیـاوازی ژیانیـان پێشـکەش کـردم، مـن دەژیـام و خزمـەتی خـۆم دەکـرد، بـەڵام ئـەوان بـۆ خزمـەتی خـودا و کەسـانی دیکـە دەژیـان، ڕاهاتبـووم کـە قسـە بکـەم بـۆ خۆهەڵکێشـان و ڕەخنەگرتـن لـە کەسـانی دیکـە، بـەڵام ئـەوان قسـەیان دەکـرد بـۆ هانـدانی کەسـانی دیکـە. وە لەبـارەی خـوداوە قسـەم دەکـرد وەک ئـەوەی بابەتێکـی فەلسـەفی بێـت، بـەڵام ئـەوان باسـی ئـەو خودایەیـان دەکـرد کـە دەیانناسـی، حـەزم بـە چێژوەرگرتـن دەکـرد لـە ئاهەنگـی پشـووی کۆتایـی هەفتـە لەگـەڵ هـاوڕێ بێباوەڕەکانـم، بـەڵام ئـەوان دەیانویسـت چێـژ لـە مەسـیح وەربگـرن.

سـەرەڕای ئـەوەش، هەروەهـا کۆمەڵێـک بـاوەڕدار وێنـەی جۆرێکـی جیـاواز لـە شـاریان پێشـکەش کـردم؛ ئێمـە لـە واشـنتۆنی پایتەخـت دەژیـن کـە لـە گێـژاوی هەڵبژاردنـدا دەخولایـەوە. هەروەهـا ئەندامەکانیـش چێژیـان لـەم جـۆرە گفتوگۆیانـە وەردەگـرت، وە لـە کاتی بانگەشـەی هەڵبژاردن بـۆ کورسـیەکانی کۆنگریـس و ئەنجومـەنی پیـران هەندێکیـان بـۆ چەنـد هەفتەیـەک چوونـەوە ماڵەکانیـان لـە دەرەوەی شـار. لەبـارەی سیاسـەتەوە قسـەیان دەکـرد وەک ئـەوەی گرنـگ بێـت، بـەڵام شـارەکە ویسـتی وا مامەڵـە لەگـەڵ سیاسـەت بـکات کـە وای دابنێـت کارێکـی گرنگـی ژیانـە. ئەندامـانی کڵێسـا گرنگییـان بـۆ سیاسـەت دەرخسـت، بـەڵام شـارەکە دەیویسـت سیاسـەت بپەرسـتین وەک ئـەوەی بـت بێـت.

ئەمـە واتـا کڵێسـا بـە هێمنـی زیاتـر و ڕێزگرتـن و بەبـێ گـرژی و ئاڵـۆزی گرنگـی بـە ڕۆشـنبیری سیاسـی دەدات، وە لـە کۆتاییـدا ئەمـە ڕێکەوتنـە لەسـەر کارە بنچینەییـەکان، بـە تایبەتـی سـەرچاوەی دادپـەروەری هەتاهەتایی ڕێگـەی پێداویـن کـە جیـاوازی بکەیـن لـە خۆشەویسـتی کارە گرنگـەکان وەک باشـترین سـتراتیژییەکانی سیاسـی بـۆ دادپەروەری ئێسـتا، وە هەروەهـا دابەشـبوونی دانیشـتوانی ئاسـایی بەشـدار بـوو لـە کەمکردنـەوەی جڵەوگیـری سیاسـی و کاریگەریەکـەی لەسـەرمان. لـەم کاتـەدا، لـە سـەرەتای بیسـتەکانی سـاڵانی تەمەنـم بـووم، بـە تێپەڕینـی کات ئێوارانی زیاتـرم بەسـەردەبرد لەگـەڵ هاوسـەرەکان کـە لـە تەمـەنی حەفتا سـاڵیدا بـوون یـان لەگـەڵ بـێ هاوژینـەکانی تەمـەن هەشـتا سـاڵان، وە دەسـتم کـرد بـە یەکەمیـن پەیوەنـدی هاوڕێیەتـی بەتیـن و واتـادار لەگـەڵ خوشـک و بـرا تەمـەن بچوکەکانـم لـەم کڵێسـایەدا.

بـە کـورتی، فێربـووم کـە شاری خـودا بـە ڕێگایەکـی جیاوازدا دەڕوات تەنانـەت لە کاتێکیشـدا کـە بەشـداری دەکات لـە هەندێـک ڕێـگای شارسـتانی و ڕۆشـنبیری لـە شـارەکانی ئـەم جیهانە.



9Marks Online PDF

ئەگـەر لـەو ڕۆژانـەدا پرسـیارت لـێ بکردمـا: «پێناسـەی کڵێسـا چییـە؟» نەمدەتـوانی وەڵامێکـی ڕاسـتت پێشـکەش بکـەم. بـەڵام لـە مێشـکمدا گرنگـی ئـەم دوو بیرۆکەیـە دەردەکـەوت لەبـارەی وتـار و خەڵـک، یـان بـە دەربڕینێکـی دیکـە، وشـەی ئینجیـل و کۆمەڵگـەی ئینجیـل. دەزانـم لەسـەر کڵێسـایە کـەوا کاربـکات لەگـەڵ کۆمەڵێـک خەڵکـی کـە کۆدەبنـەوە بـۆ ئـەوەی وشـەی خـودا پێکیـان بهێنێـت، وە بـەم شـێوازە دەسـتدەکەن بـە ژیـان پێکـەوە وەک ئـەوەی جۆرێکـی جیاوازبـن لـە خەڵکـی کـە لـە جیهانـدا دەژیـن. بـەڵام لـە جیهانـدا نییـە.

## بۆچی تێگەیشتنی ڕاست بە گرنگ دادەنرێت؟ ژیان وەک ئاسمان

بابتگەڕێنینـەوە بـۆ واقیـع: دەتوانیـت چـی بڵێیـت لەبـارەی ئـەوەی کڵێسـا چییـە؟ کاتێـک بـە وریاییـەوە بیـر لـەم پرسـیارە ناکەیتـەوە، خۆمـان دەخەینـە مەترسـییەوە دوور لـەو چاکـە نایابـەی کـە خـودا بەهـۆی خێزانەکەیـەوە پێشکەشـمانی دەکات. وە لـە کۆتاییـدا، تێگەیشـتنت لـەوەی کڵێسـا چییـە ژیانـت و شـێوازی ژیانـت پێکدەهێنێـت.

بـۆ نمونـە، بیربکـەرەوە لـە چۆنیەتـی ئـەوەی کـە خەڵکـی ئێسـتا قسـەدەکات لەبـارەی «پەیوەندیکـردن»ەوە بـە کڵێسـاوە وەک ئـەوەی یانەیـەک بێـت، یـان «لێخوڕینـی ئۆتۆمبیـل بـۆ کڵێسـا» وەک ئـەوەی بینایـەک بێـت، یاخـود «چێژوەرگرتـن لـە کڵێسـا» وەک ئـەوەی نمایشـێکی شـانۆگەری بێـت. ئـەو گریمانـە کاریگەرانـە چیـن کاتێـک بـەم دەربڕینانـە بـاس لـە کڵێسـا دەکەیـن؟ هەروەهـا چـۆن ئـەم گریمانانـە ئـەو شـێوازە پێکدەهێنێـت کـە لەگـەڵ کڵێسـاکانمان بەشـداری پـێ دەکەیـن؟ ڕەنگـە کارەکـە ئاسـان بێـت، وە هـەر هەفتەیـەک ئامادەبـوونی یـەک کۆبونـەوە لـە کڵێسـا بـەس بێـت، بـە درێژایـی هەفتـە بەشـداری کۆبوونـەوەکانی دیکـە ناکەیـن.

بـەڵام ڕاوەسـتە! ئێمـە لـە کتێبـی پیرۆزەوە بیسـتوومانە کە کڵێسـا لـە ڕاسـتیدا کۆبوونەوە و هاوبەشـی خێـزانی خـودا و جەسـتەی مەسـیحە و پەرسـتگای ڕۆحـی پیـرۆزە، لەبـەر ئـەوە ئەگـەر بـە فەرامۆشـکردنەوە بـەردەوام بیـن لـە مامەڵەکـردن لەگـەڵ کڵێسـاکانمان لـەوەی کـە کەمێـک باشـترە لـە یانـە یـان باڵەخانـە یـان شـانۆکان، ئـەو پشـتیوانی و بەرەکەتـە لەدەسـتدەدەین کـە خـودا دەیەوێـت بماندتـێ.

ئـەم کتێبـە ئامانجـی یارمەتیدانتـە بـۆ دوبـارە دۆزینـەوەی کڵێسـا بـۆ ئـەوەی تێبگەیـت

لـەوەی کڵێسـا چییـە، وە سـەنگی ژیـان بدۆزیتـەوە وەک تاکێـک لـە خێـزانی خـودا، وە چێـژ لـە خۆشـی ژیـان وەربگریـت وەک ئەندامێکـی یەکگرتـوو لـە جەسـتەی مەسـیح لەگـەڵ ئەندامـەکانی دیکـە لـە یـەک جەسـتەدا. وە هێـزی ژیـانی کلتـوری پێچەوانـە تاقـی بکەیتـەوە وەک یەکێـک لـە بـەردەکانی پەرستگای پیـرۆز -کـە ئێسـتا خـودا لەسـەر زەوی تێیـدا نیشـتەجێیە. دەمانەوێـت ئـەو سـوود و بەرەکەتانـە ئەزمـوون بکەیـت بـۆ باشـەی خـۆت و باشـەی هـاوڕێ و دراوسـێ بێباوەڕەکانـت.

زیاتـری ئـەوەی هـاوڕێ بێباوەڕەکانـت پێویستیان پێیـەتی تەنها وشـەکانی ئینجیـل نییـە، بەڵکـو هەروەهـا کۆمەڵگـەی ئینجیلـە کـە گەواهیـدەری بـوونی ڕاستییە لـە وشـەکانی ئـەو ئینجیلـە. بـە دڵنیاییـەوە، تـۆ دەتەوێـت کـە شـوێنی ژیـانی کڵێسـاکەت بکـەون و بڵێـن : «نهێنییەکانـی دڵـی ئاشـکرا دەبێـت، کڕنـۆش دەبـات و خـودا دەپەرستێت، ڕایدەگەیەنێت: «بەڕاسـتی خـودا لەنێوتاندایـە!» (بڕوانـە یەکـەم کۆرنسـۆس ١٤: ٢٥؛ عیبرانیـەکان ١١: ١٠).

بیـر لـەوە بکـەوە لـە کۆنـدا سـەرکردە سیاسیەکانی ئەمریـکا چـۆن تەماشـای ئەمریکایـان کـردووە، وایـان دانـاوە «شـارێک لەسـەر گردێـک»، بـەڵام بەشـێک لـە دووبـارە دۆزینـەوەی کڵێسـا دووبـارە دۆزینـەوەی ئەوەیـە کـە کڵێسـاکانمان پێویسـتە وەک ئـەو شـارانە وابێـت کـە لەسـەر گـردن جـا ئەگـەر لـە وڵاتـە یەکگرتـوەکان بژیـن یـان لـە هـەر شـوێنێکی دیکـە. وە ئـەوە زیاتـر ئەوەیـە کـە هەمووـمان پێویسـتمان پێیـەتی، جـا ئەگـەر باوەڕداربیـن یـان بـێ بـاوەڕ، لـە کاتی گـرژی کلتـوری و سیاسـیدا.

دیـارە کـە لـە ئێسـتادا ئاسـمان بەهـۆی هیـچ نەتەوەیەکـەوە دانابەزێـت بـۆ سـەر زەوی، هـەروەک چـۆن لـە هیـچ نەتەوەیەکـدا ئاسـمان نەهاتوەتـە خـوارەوە بـۆ سـەر زەوی لەوکاتـەوەی کـە ئامادەبـوونی بەسـتەوە بـە پەرسـتگای سـلێمان لـە پەیـمانی کۆنـدا.

جگـە لـەوەی یەکێـک لـەو شـتە تێبینیکـراو و سەرسـورهێنەر و سـەرنج ڕاکێشـانە ئەوەیـە کـە کڵێسـاکەت دەتەوێـت دووبـارە بیدۆزیتـەوە ئـەو شـوێنەیە کـە کتێبـی پیـرۆز لەبارەیـەوە دەڵێـت کـە ئاسـمان بـە هۆیـەوە دەسـتی کـرد بـە دابەزیـن:

- شانشی ئاسمان نزیک بووەتەوە (مەتا ٤).
- با خواستت لەسەر زەوی پەیڕەو بکرێت وەک لە ئاسمان (مەتا ٦).
- ئێمە لێرەوە لەسەر زەوی گەنجینەمان لە ئاسمان کۆدەکەینەوە (مەتا ٦).
- ئـەوەی ئێمـە لەسـەر زەوی د\ەیبەسـتینەوە لـە ئاسـمان دەبەسـترێتەوە، وە ئـەوەی


9Marks Online PDF

لەسەر زەوی بیکەینەوە لە ئاسمان دەکرێتەوە (مەتا ١٦).

- ئێمە پەرستگای ئاسمانی خوداین (یەکەم کۆرنسۆس ٣؛ یەکەم پەترۆس ٢).

ئاسمانەکان بە هۆی کۆبوونەوەی کڵێساکانمان دادەبەزێتە سەر زەوی، کاتێک ئەمە ڕوودەدات، تۆ هیوایەکی نوێ پێشکەش بە هاوڵاتی نەتەوەکەت دەکەیت بەوەی کە دەبنە نەتەوەیەکی باشتر، وە دانیشتوانی شارەکەت چێژ لە هیوایەکی نوێ دەبینن کە لە شارێکی باشتردابن.

ئەو ئالنگارییانەی ڕوبەڕوی دەبیتەوە هەر چییەک بێت، ئەگەر تۆ لە کەمینە یان زۆرینە بیت یان لە دەوڵەمەندان یان هەژاران بیت، دەبێت بۆ هیواکەت پشت نەبەستیت بە شانشینەکانی ئەم جیهانە بۆ کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر و ئاشتیانە، بەڵکو دەبێت سەرنجت لەسەر خودی پاشاکە بێت کەوا شانشینە ئاسمانییەکەی لە خاڵی دیاریکراو بنیاد دەنێت کە بە «کڵێسای ناوخۆیی» ناوی دەبەین.

## پێناسەی کڵێسا چییە؟

کتێبی پیرۆز بۆ ئەم وەڵامە پشت دەبەستێت بە چەند شتێک، وە ڕوونی دەکاتەوە کە کڵێسا خێزانی خودایە و ماڵی خودایە و جەستەی مەسیحە و پەرستگای ڕۆحی پیرۆزە و ستوونی ڕاستی و بناغەیەتی و بووکی مەسیح و شوێنکەوتووانی مەسیحە. وە هیتریش. هەموو وەرگرتنێک شتێکی نایابمان لەبارەی کڵێساکەت و کڵێساکەمان پێڕادەگەیەنێ، وە ئێمە پێویستمان بە هەموو ئەم وەرگرتنانەیە لەبەرئەوی هیچ ڕێکخراوێکی دیکە یان گەلێک نییە وەک کڵێسا بێت، لە سەرەتادا گفتوگۆی دوو وەرگرتنمان کرد لەم وەرگرتنانە، بە درێژایی ئەم کتێبە بەردەوام دەبین لە قسەکردن لەبارەیەوە.

# ئەمە پێناسەی یەزداناسییە بۆ کڵێسایەک کە بە درێژایی ئەم کتێبەکە لە دۆزینەوەیدا بەسەر دەبەین:

کڵێسا کۆمەڵێک لە باوەڕداره (بەشی دووەم)

↓

کە وەک باڵوێزخانەی مەسیح لەسەر زەوی کۆدەبنەوە و نوێنەرایەتی شانشی ئاسمان دەکەن (بەشی سێیەم)

↓

بۆ جاڕدانی هەواڵی خۆش و ڕاسپاردەکانی مەسیحی پاشا (بەشی چوارەم)

↓

لەپێناو یارمەتیدانی یەکتر وەک ئەو هاونیشتیمانیانەی کە سەر بە عیسان بە جێبەجێکردنی ئەرکەکان (بەشی پێنجەم)

↓

بۆ ئەوەی پیرۆزی و خۆشەویستی خودا دەربخەن (بەشی شەشەم)

↓

بەهۆی گەلێکی یەکگرتوو و جۆراوجۆر (بەشی حەوتەم)

↓

لە سەرانسەری جیهان (بەشی هەشتەم)

↓

بە پەیڕەوکردنی فێرکردنەکانی پیران و نمونەکانیان (بەشی نۆیەم)



9Marks Online PDF

## له کۆتاییدا بوویته ئەندامێک لە کڵێسا

دوو مانگ لـەدوای گەیشـتنم بـۆ واشـنتۆنی پایتەخـت، یەکێـک لـە هـاوڕێ نوێیـەکان بانگهێشـتی کـردم بـۆ کڵێسـا. لـە ڕاسـتیدا، ئـەم هاوڕێیـە بانگهێشـتی کـردم بـۆ گواسـتنەوە بـۆ خانـوی کڵێسـا، تەنهـا ڕێگـە بـە ئەندامـانی کڵێسـا دەدرا بـۆ ژیـان لـەم خانـووە، خانووێکـی جـوان بـوو لـە کاپیتـۆل هیـل، گەڕەکێکـە خەڵکـی حـەزی لێیەتـی، وە کرێـی هەرزانـە. وەڵامـی مـن ئـەوە بـوو: «بـە دڵنیاییـەوە. پەیوەنـدی دەکـەم بـە کڵێساوە. تکایـە چۆنێتـی تۆمارکـردنی ئەندامێتیـم پـێ بڵـێ».

مەبەسـتم گەڕانـەوەی بڕێـک پـارە بـوو، بـەڵام مەبەسـتی خـودا باشـەی مـن بوو. کڵێسـا داوای لێکـردم کـە لـە چەنـد وەرزێکـی خوێنـدن دەربـارەی ئەندامییێتـی کڵێسـا ئامادەبـم، وە پێـش پەیوەندیکردنـم چاوپێکەوتنـم کـرد لەگـەڵ قەشـە مـارک. لـەدوای گەشـەکردنم لـە کڵێسـا، وەڵامـە ڕاسـتەکانی پرسـیارەکەم زانی بـۆ پرسـیاری «پێناسـەی کڵێسـا چییـە؟» ئینجـا لـە مانگـی تشرینـی دووەمـی ١٩٩٦ ز. کۆمەڵێـک بـاوەڕدار دەنگیـان دا لەسـەر ڕازیبـوون بـە ئەندامیێتیـم لـە کڵێسـا.

ئەگـەر لەوکاتـەدا پرسـیارت لـێ بکردمـا: «پێناسـەی کڵێسـا چییـە؟» پێـم وایـە وەڵامەکـەم ڕەنگـە نادیـار و گشـتی بـووا. لـە یەکێـک لـە ڕۆژەکانـدا، لەبیرمـە لـە کاتی گەڕانـەوەم لـە نانی نیـوەڕۆ لەگـەڵ قەشـە مـارک و کاتێکـی سـەختمان بەسـەربرد لـە گفتوگـۆی ئـەم پرسـیارە: «بۆچـی کڵێسـاکەمان مکـوڕە لەسـەر ئـەوەی کـە «لەئاوهەڵکێشـانی» بێـت؟ ئەمـە جۆرێـک لـە جەنـگ بـوو کـە لـە تەمـەنی بیسـت و سێ ساڵیمدا حـەزم دەکـرد بچمـە نـاوی.

لـە سـاڵی یەکەمـدا، بەڕاسـتی بڵێـم دوودڵ بـووم لـە بەردەوامـی لـە کڵێسـا. لـە شـەوی یەکێـک لـە ڕۆژەکانی شـەممە، لەگـەڵ هەندێـک بـرادەری بێبـاوەڕم چوومـە ئاهەنـگ، وە لـە بەیـانی ڕۆژی یەکشـەمەی دوای ئـەوە چوومـە کڵێسـا، وەکـو ئـەوە وابـوو مـن لـە نێوان دوو تیمەکـەدا گیـرم خـواردووە، بـە دڵنیاییـەوە دەزانیـت کـە ئەمـە زۆر بـەردەوام نابێـت، بـەڵام خـودا لەگەڵـم میهرەبـان بـوو.

هەنـگاو بـە هەنـگاو ئارەزووەکانـم گـۆڕان، وە پێیەکانـم دەسـتیان کـرد بـە جێگیربـوون لـە کڵێسـا، و تۆبەکردنـم ڕاگەیانـد، وە وەک ڕزگارکـەر و پـەروەردگار لـە عیسـای مەسـیحم دەڕوانـی. وە کتێبـی پیـرۆز سـەرنجی ڕاکێشـام، ئیـتر پەیوەندیـم لەگـەڵ هـاوڕێ باوەڕدارەکانـم لـەلام بەهـادار بـوو. ئیـتر گونـاه دەبـووە گەمژەیـی و مەترسـییەکی زۆر،


9Marks Online PDF

بـەم شـێوەیە تۆبەکـردن وازهێنـان لـە گوناهـەکانی گەنجیمـی گرتـەوە کـە سـەرپەرشـتیارانی خوێنـدکارانی قۆناغـی ئامادەیـی لێـی ئاگادارمـان دەکەنـەوە.

بـەڵام تۆبەکـردن لـە کتێبـی پیـرۆز ڕەهەندێکـی بـە کۆمەڵیشـی هەیـە. لـە حاڵەتـی منـدا، واتـا وازهێنـان لـە ژیانـم وەک تاکێکـی سـەربەخۆ و بەندنەبێـت بـە هیـچ کەسـێکەوە، وە ئەمـە واتـای پێویسـتیم بـە پەیوەندیکـردن بـە خێزانـەوە و هەڵگرتنـی بەرپرسـیارێتی لـەم خێزانـەدا، وە هەروەهـا ئـەوە واتـا بانگهێشـتکردنی بـاوەڕدارانی دیکـە بـۆ نـاو ژیانـم و قسـەکردن بۆیـان و داننـان بـە گوناهـەکان و خاڵـی لاوازی، وە هەروەهـا گەڕانیـش دەگرێتـەوە بـەدوای پیـران بـۆ ئـەوەی بەقوتابیـم بکـەن و منیـش گەنجـان بـە قوتابـی بکـەم. ئەمـە ڕێبـەری کـردم بـۆ ئـەوەی چێـژ وەربگـرم لـە میوانـداری و دەربڕینـی بـۆ کەسـانی نـوێ یـان کەسـانی خـاوەن پێویسـتی کـەوا ڕایهێنـام بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ دڵخۆشـان دڵخـۆش بـم و بگرییـم لەگـەڵ ئەوانـەی دەگرییـن.

**واتـا تۆبەکـردن هەمـوو کات خۆشەویسـتی دەگرێتـەوە، عیسـای مەسـیح گوتـی: «مـن ڕاسـپاردەیەکی نوێتـان دەدەمـێ: یەکتریتـان خۆشـبوێ. وەک خۆشمویسـتن، ئێـوەش بـەو جـۆرە یەکتریتـان خۆشبوێ. بەمـە هەمـوو خەڵـک دەزانـن کـە قوتابـی منـن، ئەگـەر خۆشەویسـتیتان بـۆ یەکـتری هەبێـت» (یۆحەنـا ١٣: ٣٤ - ٣٥).**

تێبینـی بکـە کـە عیسـا ناڵێـت بێبـاوەڕان دەزانـن ئێمـە قوتابـی ئەویـن بـەوەی ئەوانمـان خۆشـدەوێت، سـەرەڕای ئـەوەی ئەمـە بەڕاسـتی دەردەکەوێـت، بەڵکـو دەڵێـت ئـەوان بـە خۆشەویسـتیمان بـۆ یەکـتری ئـەوە دەزانـن. ئـەی چەنـد کارێکـی سەرنجڕاکێشـە! ئـەی وانییـە؟ چـۆن دەکرێـت ئەمـە ڕوو بـدات؟

باشـە، سـەیری ئـەم جـۆرە خۆشەویسـتیە بکـە کەعیسـا دەیڵێـت «وەک خۆشمویسـتن». عیسـا چـۆن ئێمـەی خۆشویسـت؟ ئێمـە خۆشویسـت هەتـا ئـەو ئاسـتەی گوناهەکانمانـی هەڵگـرت و خـۆی لەپێنـاوی ئێمـە کـردە قوربانـی  و خۆشەویسـتی و نیعمەتـی خـۆی بـۆ دەربڕیـن. کتێبـی پیـرۆز دەڵێـت: «بـەڵام خـودا خۆشەویسـتی خـۆی بـۆ دەرخسـتین، بـەوەی مەسـیح لـە پێنـاوی ئێمـەدا مـرد، کاتێـک هێشـتا گوناهبـار بوویـن» (ڕۆمـا ٥: ٨).

پێناسـەی کڵێسـا چییـە؟ کۆمەڵـە کەسـانێکن دەزانـن کـە عیسـا خۆشـی دەوێـن، وە دەسـتیان کـردووە بـە دەربڕینـی خۆشەویسـتییان بـۆ یەکـتر هـەروەک ئـەوەی مەسـیح

ئەوانی خۆشدەوێت. وە ئەم خۆشەویستییە بوو کە قەشە مارک و دانیال و هێلین و جۆن و پۆڵ و میری دەریانبڕی بۆ گەنجێکی یاخی کە تەمەنی بیست و سێ ساڵ بوو، لە نێوان دوو تیمدا گیری خواردبوو.

لە ڕاستیدا، ئەمە ئەو خۆشەویستیەیە کە ئەندامی کڵێسا دەریانبڕی بۆ کۆڵن هانسن و ئەمڕۆش بۆ من. ئەو خۆشەویستیەیە کە چاوەڕێی دەکەن و لێخۆشدەبن، پێویستە لەسەرمان لە بەرامبەردا ئەو خۆشەویستییە دەرببڕین.

ئەو خۆشەویستیەی پێویستە بێباوەڕەکانی ئەم جیهانە نەک تەنها لە قسەکانمان ببیستن، بەڵکو هەروەها لە ژیانیشماندا ببینن، کە وایانم لێدەکات بڵێن: «ئێمەش ئەم خۆشەویستییەمان دەوێت. ئایا دەتوانین بێینە ناوتانەوە؟» وە وەڵامەکەمان بەم شێوەیە دەبێت: «بەڵێ هاوڕێکەم، با سەرەتا لەبارەی سەرچاوەی ئەم خۆشەویستییەوە قسەت بۆ بکەین».



9Marks Online PDF

# بەشی دووەم

## کێ دەتوانێت پەیوەندی بە کڵێساوە بکات؟

نووسینی: کۆڵن هانسن

**کڵێسا کۆمەڵێک لە باوەڕدارە**

↓

کە وەک باڵوێزخانەی مەسیح لەسەر زەوی کۆدەبنەوە و نوێنەرایەتی شانشی ئاسمان دەکەن

↓

بۆ جاڕدانی هەواڵی خۆش و ڕاسپاردەکانی مەسیحی پاشا

↓

لەپێناو یارمەتیدانی یەکتر وەک ئەو هاونیشتیمانیانەی کە سەر بە عیسان بە جێبەجێکردنی ئەرکەکان

↓

بۆ ئەوەی پیرۆزی و خۆشەویستی خودا دەربخەن

↓

بەهۆی گەلێکی یەکگرتوو و جۆراوجۆر

↓

لە سەرانسەری جیهان

↓

بە پەیڕەوکردنی فێرکردنەکانی پیران و نمونەکانیان

لە ماوەی ساڵانی پێگەیشتنم، خێزانەکەم بە بەردەوامی لە کڵێسا ئامادە دەبوون، بەڵام ئەمە هەفتانە نەبوو؛ لەبەرئەوەی بەشێکی گرنگی ژیانمان نەبوو. وام دادەنا هەموو جارێک کە لە کڵێسا ئامادە دەبین هەمووان دەپرسن: بۆچی هەفتەکانی پێشوتر ئامادەنەبووین؟ ڕەنگە وایان گوتبێت، وە ڕەنگە نا؛ لەبەرئەوەی هەروەها زۆربەیان بە ڕێکوپێکی هەفتانە ئامادە نەدەبون. لەگەڵ خێزانەکەم لە کورسییەکانی دواوە دادەنیشتم، وە هەمیشە لە مێشکمدا پرسیار دەربارەی پێشکەوتن و داینەسورەکان دەخولایەوە. وە گەیشتمە ئەوەی کاتێک جیلی کارەکان دەگرێتە دەست، واز لە کڵێسا دەهێنێت بە وەسفکردنی جۆرێک لە خەیاڵی گەمژانە کەوا نەوەکانی پێشو وەریانگرتووە.

دەتوانی ڕادەی سەرسورمانم بهێنیتە بەرچاوت کاتێک بینیم دوو گەنجی دیکە پەرۆشن بۆ فێرکردنەکانی عیسا و ئامادەبوون لە کڵێسا. بڕوام نەدەکرد کە دەکرێ ئەمە ڕووبدات، وە وام دادەنا کە دەبێت نامۆبیت یان نەخوازراو بیت بۆ ئەوەی بەڕاستی چێژ لە کڵێسا وەربگری. بەڵام لەنێو ئەو گەنجانەی پڕ لە خۆشحاڵی بوون، لە بەرامبەردا من دلخۆش نەبووم. بە پێچەوانەوە، دیارە ئامانج و هیوایان هەیە، بەلایەنی کەمەوە ئامادەبووم کە پەیوەندییان پێوە بکەم بۆ ئەو خەڵوەت و تەنیاییەی کە کڵێسا ڕێکی دەخات، بەڵام کۆششم دەکرد بۆ ئەوەی تێبگەم چی وادەکات ئەو گەنجانە خۆشی دەرببڕن.

ڕۆژێکیان لە خەڵوەتدا، هۆکاری دڵخۆشییەکەیان ڕوون بووەوە. دوور لە باوەڕیان بە عیسای مەسیح، ئێمە بە تۆمەتباری بە گوناهەکانمان ڕادەوەستین و دوورین لە خودا، بەڵام بەهۆی مردنی کەفارەتی عیسا لەسەر خاچ، ئیتر دەتوانین چێژ لە لێخۆشبونی گوناهەکانمان وەربگرین کاتێک تۆبە دەکەین و وازی لێ دەهێنین. وە لەبەر ئەوەی عیسا لەنێو مردووان هەستایەوە، دەتوانین چێژ وەربگرین لە ئاشتی و هاوبەشی هەتاهەتایی لەگەڵ باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز.

ئەوەم بەبیر نایەتەوە داخوا پێشتر ئەم پەیامەم لە کڵێسا بیستووە یان نا. تەنانەت ئەگەر پێشتریش گوێم لێ بووبێت، کاری تێنەکردووم وەک ئەوەی لە کاتی ئەو خەڵوەتەدا ڕوویدا. پێم وانیە کە من لە خەڵوەت دەگەڕێمەوە هەر بەو شێوەیەی کە بۆی چووم، مەسیحم قبووڵ کرد، وە باوەڕم پێی هێنا و ئیتر دەستبەجێ گۆڕانەکە بۆ خێزان و هاوڕێکانم بە ڕوونی دەرکەوت. چێژم وەرگرت لە خۆشی و سەربەستی و هیوا. لەدوای ئەزموونەکەم، زۆریان باوەڕیان بە مەسیح هێنا.



9Marks Online PDF

ئینجا لە ساڵانی گەشەکردنمدا وام لێهات بە شێوەیەک لەو هۆکارە تێبگەم کە وای لێکردبووم تێروانینێکی نەرێنیم هەبێت بۆ کڵێسا: هۆکارەکە ئەوەبوو کە باوەڕم بە مەسیح نەهێنابوو. خێزانەکەم وەک ئەرکێک لە کڵێسا ئامادە دەبوون، بەڵام بەشدارییەکی ڕاستەقینەیان نەدەکرد، وە لەسەرم بوو دووبارە کڵێسا بدۆزمەوە و وەڵامی دوو پرسیار بدەمەوە: کێ دەتوانێت پەیوەندی بە کڵێساوە بکات؟ وەچۆن مرۆڤ شایستە دەبێت بۆ پەیوەندیکردن بە کڵێساوە؟

کێ دەتوانێت پەیوەندی بکات بە کڵێساوە؟ ئەو باوەڕدارانەی کە لەئاوهەڵکێشراون، وە دووبارە لەدایک بوونەتەوە، بەگوێرەی ئەوە شوناسیان دیاری دەکرێت. ڕەنگە ئەو هاوڕێیانەمان کە باوەڕیان بە لەئاوهەڵکێشانی منداڵان هەیە بڵێن کە هەروەها منداڵی باوەڕداران دەتوانن پەیوەندی بکەن بە کڵێساوە لەدوای لەئاوهەڵکێشانیان (بەڵام بەبێ خواردنی ئێوارەخوانی پەروەردگار)، بەڵام هەموان کۆکن لەسەر ئەوەی کە مرۆڤ دەبێت دووبارە لەدایک ببێتەوە، وە لەئاو هەڵبکێشرێ بۆ ئەوەی پەیوەندی بکات بە کڵێساوە (لە بەشی پێنجەم باسی لەئاوهەڵکێشان دەکەین). با لێرەدا بیر بکەینەوە لە باوەڕ بە مەسیح یان ڕێنوێنی، وە هۆکاری گرنگی پێدانەکەی گرنگییەکی سەرەکییە لە دووبارە دۆزینەوەی کڵێسا.

## سەردانی لەناکاوی خێزان لە جەژنەکاندا

ئەوانەی بۆ ماوەیەکی زۆر لە هەمان کڵێسادا ئامادە دەبن نازانن ئەو هەستە چەندە سەیرە بۆ کەسێک کەوا یەکەم جار سەردانی کڵێسایەک بکات. ئەگەر هیچ شتێک لەبارەی کڵێساکەوە نەزانێت، ئەوا هەر بە تەنها ڕێکردن لەناو باڵەخانەکە بوێری دەوێت. دەچیتە کوێ؟ چی دەڵێیت؟ ئایا ڕێگەت پێدەدرێت بچیتە ژوورەوە؟ ئایا کەس تۆی دەوێت یان پێشبینی ئامادەبوونت دەکات؟ پێویستە چ جۆرە جلوبەرگێک لەبەربکرێت؟ ئەم پرسیارانە وا دیارە بەس نین، بە تایبەتی لەدوای ئەوەی ڤایرۆسی کرۆنا پرسیاری زیاتری وروژاند وەک ئەوەی کڵێسا دەبێت لەسەر ئینتەرنێت بێت یان ئامادەبونی ڕووبەڕوو؛ دەرەکی بێت یان ناوخۆیی؛ بە دەمامکەوە یان بێ دەمامک ئامادەبێت، سەرەڕای پێشبینیەکانی وەک وەرگرتنی ڤاکسین یان وەرنەگرتنی.

لە لایەن کەسی نوێوە لە کڵێسا، ڕەنگە زاراوە بەکارهاتووەکان پێکەنیناوی دەربکەون. بۆ نمونە، کەی لە دەرەوەی کڵێسا گوێت لە زاراوەی «نوێژی بەرەکەت»


9Marks Online PDF

بووە؟ پێشتر لە کوێ لەسەر کورسییەکی وەک کورسی کڵێسا دانیشتووی؟ ڕەنگە بە مۆسیقاکەی ئاشنا نەبیت. کاتێک بۆ ماوەی سی ساڵ هەمان گۆرانی ڕۆحی لە کڵێسا دەڵێینەوە، بەم گۆرانییانە دەڵێین «گۆرانی ڕۆحی هاوچەرخ». لە کاتێکدا ڕادیۆ بەم مۆسیقایانە دەڵێت «گۆرانی ڕۆحی کۆن». هەندێک جار بۆنی کڵێسا ناوازە و جیاوازە.

ئەگەر توانیت وەڵامی باشت دەستبکەوێت بۆ پرسیارە زۆرەکانت دەربارەی کڵێسا، پیرۆزە! ئێستا دەبینیت وەڵامەکان بەپێی ئەو کڵێسایە دەگۆڕێت کە تێیدا ئامادە دەبیت. جیاوازی چییە لەنێوان کڵێسای لەئاوهەڵکێشی و کاسۆلیکی ڕۆمایی و و میتۆدی و پیرانی و ئەنگلیکانی؟ بە ڕوونی دیارە کە کڵێسای ئاوهەڵکێشی لە ویلاتە یەکگرتووەکان جیاوزە لە کڵێسا هاوشانەکەی لە وڵاتی ئۆگەندا.

جارێکیان، لە کڵێسایەکی پەنجایی لە ئیتاڵیا وتارێکم پێشکەش کرد، وتارێکم ئامادەکرد کە لە پازدە خولەک تێنەدەپەڕی؛ لەبەرئەوەی دەمزانی کە وتارەکە پێویستی بە وەرگێڕانە. کاتێک لە وتارەکە تەواوبووم، هیچ کەس نەجوڵا، وە بۆم دەرکەوت کە من پرسیارم نەکردووە لە درێژی ئەو وتارانەی کە ئەوانە هەمیشە گوێی لێ دەگرن. وە دوایی زانیم کە ئەوان پێشبینیان دەکرد فێرکردنەکەم ماوەی کاتژمێرێک بێت. دەبێت ئەوان هەستیان بە بێهیوایی کردبێت. لە کڵێسایەکەوە بۆ کڵێسایەکی دیکە نەریتەکان جیاوازن. لە نەریتێکەوە بۆ نەریتێکی دیکە، وە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە.

لە کاتی سەردانی کڵێسا بۆیەکەم جار، ڕەنگە واهەست بکەی لەناکاو بەبێ بانگهێشت یان ڕێکخستنی پێشوەخت سەردانی یەکێک لە خێزانەکان دەکەیت و لەگەڵیدا لەجەژن ئامادە دەبیت. بیهێنە پێش چاوت کە لە جەژنی لەدایکبوندا بڕیارت داوە لە کاتی نانی نیوەڕۆ لە دەرگای کەسێک بدەی کە ئەوانەی لەو ماڵە کۆبوونەوەتەوە یەکتری دەناسن، وە یەکتریان خۆشدەوێ (بەلایەنی کەمەوە کە لە کاتی جەژنی لەدایکبووندا وا دەردەکەوێت)، بەڵام تۆ، تەنها کەسی بێگانەی لەنێویاندا. خەیاڵ بکە کە ئەم خێزانە ناچارەبن بۆ ئەوەی لەو ڕۆژەدا بانگهێشتت بکەن تاوەکو لە بۆنەکەیان بەشدار بیت. وە بەهۆی کلتوری باو، دەزانیت کە ئەم ئاهەنگە خواردن و دیاری تێدا پێشکەش دەکرێت، بەڵام جۆری ئەو خواردنەی دەیخۆیت بەندە لەسەر داب و نەریتی پەیرەوکراو لەو خێزانەدا و پشتاوپشت بۆیان ماوەتەوە، تێبینی دەکەین ئەوانەی پارێزگاری لە داب و نەریتی خێزانەکە دەکەن شێوازێک بەکاردەهێنن کە

بـە سـەختی پارێـزگاری لـێ دەکـەن لـە ڕێـگای دابەشـکردنی دیارییـەکان و ئـەو کەسـانەی دیارییـان پێشـکەش دەکـەن، ئینجـا تـۆ دەزانیـت ئەگـەر شـتێکی هەڵـەت کـرد، ئـەم ئەزموونـە گەرموگـوڕە تێکـدەدەی کـە هەمـووان چاوەڕێـی دەکـەن.

ئەوەیـە کـە دەتـوانی هەسـتی پـێ بکەیـت لـە کاتی چونت بـۆ کڵێسا بۆیەکەم جار تەنانەت ئەگـەر کڵێسـاکە بـە گشـتیش پێشـوازی لـە میوانانـی بێگانـە بـکات وحـەز بـکات بێنـە پاڵـی. پێشـتر، خێزانمـان بـە هاوشـێوەی خێـزانی ڕۆحـی دانـا. بـەڵام ئـەوە واتـای چـی؟ بـۆ ئـەوەی ببیتـە ئەندامێکـی خێـزان، پێویسـتە تێیـدا لەدایـک بوویـت یـان یەکێـک تـۆی لەخۆگرتبێـت. لەڕاسـتیدا کتێبـی پیـرۆز هـەردوو چەمکـەکـە بەکاردەهێنێـت بـۆ باسـکردنی ئـەوەی نـاسراوە بـە باوەڕهێنـان یـان ڕێنوێنـی بـۆ ئاینێکـی دیکـە. ئەمـەش واتـا چۆنیـەتی بـە ئەندامبـوون لـەو خێزانـە ڕۆحییـەی کڵێسـا تـەواو وەک ئـەوەی تـۆ هەڵیـنابژێـری کـە لەدایـک ببیـت یـان یەکێـک بتگرێتـە خـۆی، ئینجـا تـۆش باوەڕهێنـان یـان ڕێنوێنیکـردن بـۆ دینێکـی دیکـە هەڵنابژێریـت. دەبـا ئـەوە بدۆزینـەوە کـە کتێبـی پیـرۆز فێرمـان دەکات دەربـارەی لەدایکبـوونی ڕۆحـی و لەخۆگرتـن وەک ئـەوەی گرنگیـەک بێـت بـۆ پەیوەندیکـردن بـە کڵێسـاوە.

## پێویستە دووبارە لەدایک ببیتەوە

ئەگـەر هەسـت بـە سەرلێشـواوی و گێـژاو دەکەیـت دەربـارەی چەمکـی لەدایکبـوونی ڕۆحـی، وە تـۆ یەکـەم کـەس نیـت کە هەسـت بەوە بکەیـت. لەڕاسـتیدا، لەدایکبـوونی ڕۆحی سـەری لـە نیقۆدیمـۆس شـێواندبوو، ئـەو یەکێـک بـوو لـە شـوێنکەوتووە یەکەمینـەکانی عیسـای مەسـیح، ڕێبـەری کـردن بـەرەو یەکێـک لـە زۆرتریـن گۆڕانکارییـە بەناوبانگـەکانی پەیـمانی نـوێ، لـە (یۆحەنـا ٣) لەبارەیـەوە دەخوێنینـەوە، نیقۆدیمـۆس فەریسـی بـوو، واتـە لـە کۆمەڵـەی جولەکـە پابەنـدەکان، لەوانـەی کـە زۆر لەگـەڵ عیسـای پـەروەردگار بەریـەک دەکەوتـن لەبـارەی شـیکردنەوەی شـەریعەت، لەبەرئـەوە نیقۆدیمـۆس بـە ڕووناکـی ڕۆژ چـاوی بـە عیسـا نەکـەوت، چونکـە دەترسـا یەکێـک لـە دوژمنـەکان بیبینێـت. بـەڵام نیقۆدیمـۆس نکۆڵـی لـەوە نەکـرد کـە لـە عیسـادا بینـی. ڕوون بـوو کـە عیسـا ئەگـەر لـە خـوداوە نەبوایـە نەیدەتوانـی لـە ئاهەنگەکـەی قانـای جەلیـل پەرچـوو بـکات. بـەڵام نیقۆدیمـۆس نەیتـوانی بێدەنـگ بێـت کاتێـک عیسـا ئـەم شـتە نایابـەی پێگـوت «عیسـاش وەڵامـی دایـەوە: «ڕاسـتی ڕاسـتیت پـێ دەڵێـم، ئەگـەر یەکێـک لەدایـک نەبێتـەوە، ناتوانێـت شانشـینی خـودا ببینێـت» (یۆحەنـا ٣: ٣).

چـی دەڵێیـت؟ نیقۆدیمـۆس ئـەو پرسـیارە ڕوونـەی کـرد بـۆ بەدواداچـوون: چـۆن دەکرێـت ئەمـە ڕووبـدات؟ کاتێـک مـرۆڤ لەدایـک دەبێـت، ناتوانێـت جارێکـی دیکـە بچێتـەوە سـکی دایکـی. عیسـا بـە تـەواوی زۆرێـک لـە شـتەکانی ڕوون نەکـردەوە کاتێـک گـوتی : «ڕاستی ڕاسـتیت پـێ دەڵێـم، ئەگـەر یەکێـک لـە ئـاو و لـە ڕۆحـی پیـرۆز لەدایـک نەبێـت، ناتوانێـت بچێتـە نـاو شانشـینی خـودا» (یۆحەنـا ٣: ٥).

ئەمـە کلیلـی پرسیارەکانمانە لـەم بەشـەدا: کـێ دەتوانـێ سـەردانی تـەلاری کڵێسـا بـکات بـۆ ئامادەبـونی لـە خزمـەتی پەرسـتن؟ وەڵام: هیـچ کەسـێک، بـەڵام کـێ دەتوانێـت ببێتـە ئەندامـی خێـزانی ڕۆحـی کـە ناودەبرێـت بـە «کڵێسـا»؟ کـەس ناتوانێـت ببێتـە ئەندامـی ئـەو خێزانـە ڕۆحییـە، جگـە لەوانـەی کـە چوونەتـە نـاو شانشـینی خـوداوە، وە ئەوانـەی بەپێـی وشـەکانی عیسـا لـە ئـاو و ڕۆح لەدایکبوونـە، واتا ئەوانـەی دووەم جـار لەدایکبوونەوە و لـە ئـاو هەڵکێـشران. وە چـۆن ئەمـە ڕوودەدات؟ عیسـا کاتێـک بـە نیقۆدیمۆسـی سەرسامی ڕاگەیانـد ئەمـەی شیکردەوە و گوتـی: «لەبـەر ئـەوەی خـودا ئەوەنـدە جیهانـی خۆشویسـت، تەنانـەت کـوڕە تاقانەکـەی بەختکـرد، تاکـو هەرکەسـێک بـاوەڕی پـێ بهێنێـت لەنـاو نەچێـت، بەڵکـو ژیانـی هەتاهەتایـی هەبێـت» (یۆحەنـا ٣: ١٦).

نیقۆدیمـۆس وای دەزانی ئەگـەر شـەریعەتەکانی خـودا و یاسا بەرفراوانەکانـی دەربـارەی کار و پشـودان و خواردنـی پـاک و پیـس و سـەربرینی ئـاژەڵ هەمـوو ئـەو شـتانە بـکات دەتوانێـت بچێتـە شانشـینی خـواوە، بـەڵام عیسـا بـە شێوەیەکی ئاسـان و سـەیر یاسـاکانی پوخـت کـردەوە و گـوتی: ئـەوەی بـاوەڕی پێـم هەبێنێـت ژیانمـی پـێ دەبەخشـم.

عیسـا لـە قسـەکردن بـەردەوام بـوو و باسـی ئـەوەی کـرد کـە مردنـی لەسـەر خـاچ وەک شکسـت دیـارە لـە ڕاسـتیدا پلانـی خودایـە بـۆ جێبەجێکـردنی دادپـەروەری خودایـی و لێخۆشـبونی گوناهـەکان، بـە هەسـتانەوەی لەنێـو مـردووان ئەمـەی سـەلماند، وە هەمـوو ئەوانـەی باوەڕدەهێنـن بـە عیسـای پـەروەردگار، لـەدوای مـردن شـوێنی دەکەوێـت و ژیانـی هەتاهەتایـی دەبێـت لـە ئاسـمان. وە کاتێـک جیهـان کۆتایـی دێـت، جەسـتەیان لـە مـردن هەڵدەسـتێتەوە، وە چێـژ لـە ژیانی هەتاهەتایـی وەردەگـرن کاتێـک عیسـا لـە شانشـینی خـودا دەبێتـە پاشـا، هەمـوو ئەوانـەی باوەڕدەهێنـن بـە عیسـای پـەروەردگار ڕزگاری دەبەسـتدەهێنن لـە حوکمـی خـودا بـۆ گونـاە، وە ئـەوەی نکۆڵـی لـێ دەکات، سـزای هەتاهەتایـی وەردەگرێـت لەسـەر یاخیبـوون (یۆحەنـا ٣: ٣٦).

پاشان پۆڵسی نێردراو ئەم وتەیەی داڕشت و گوتی: «ئەگەر بە دەمت دانت پێدا نا کە عیسا پەروەردگارە و بە دڵ باوەڕت کرد کە خودا لەناو مردووان هەڵیستاندەوە، ڕزگار دەبیت» (ڕۆما ١٠: ٩).

لە لەدایکبوونی ئاسایی یەکمدا، مرۆڤ لە دایک و باوکیەوە گوناهی بۆ دەمێنێتەوە و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ یاخیبوونی ڕەسەنی لە کاتی ئادام و حەوا کە ڕویدا (پەیدابوون ٣)، لەبەرئەوە دەبێت مرۆڤ سەرلەنوێ لەدایک ببێتەوە بۆ ئەوەی لە کاتی مردنیدا هیوای هەبێت. مرۆڤ پێویستی بە ڕزگارییە لە ئاکامەکانی گوناە کە خۆی دەنوێنێت لە مردنی هەتاهەتایی و جیابونەوە لە خودای بەدیهێنەر، بەڵام هەروەک ئەوەی یەکەم جار داوامان نەکرد بۆ ئەوەی لەدایک ببین، تەنها بەدیهێنەرەکەمان دەتوانێت لەدایکبوونی دووەممان پێ ببەخشێت. کتێبی پیرۆز دەڵێت: «ستایش بۆ خودا، باوکی عیسای مەسیحی پەروەردگارمان! بەهۆی بەزەییە فراوانەکەیەوە لەدایکبوونەوەی پێ بەخشین بۆ هیوایەکی زیندوو بە هەستانەوەی عیسای مەسیح لەنێو مردووان» (یەکەم پەترۆس ١: ٣).

باوەڕ بە عیسای پەروەردگار بەخششێکە لە خوداوە (ئەفەسۆس ٣: ٨) کە دڵخۆشە بەوەی بیداتە ئەوانەی داوای دەکەن، وە هەر کەسێک کە تۆبە دەکات یان لە گوناە دوردەکەوێتەوە بەدەستی دەهێنێ، وە وازی لێ بێنێ و تەنها باوەڕی بە عیسای مەسیح هەبێت، کاتێک نێردراوەکان بینییان کە خودا بەخششی تۆبەکردنی بە نەتەوەکان بەخشیوە، نەک تەنها جولەکە، ستایشی خودایان کرد (کردار ١١: ١٨). مەبەستیان تەنها شوێنکەوتنی خودا و دەستبەرداربوون لە هەموو شتێک و دوای هیچ شتێک نەکەویت جگە لە خودا. کاتێک دووەم جار لەدایک دەبینەوە، ئێمە بە تەواوی سەر بەو دەبین. دووبارە دۆزینەوەی کڵێسا ئەوەیە کە بزانیت یان بیرت بکەوێتەوە کەوا لە پێگەی یەکەمدا بۆچی کۆدەبینەوە، ئێمە کۆدەبینەوە بۆ پەرستنی خودای سێتایی: باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز، کە ڕزگاری کردین لە گوناە و لە مردن، وە ئەمەیە کە گۆرانی بەسەردا دەڵێین و لەپێناوی ستایشی خودا دەکەین وە ئەوەی فێری دەکەین و پەیڕەوی دەکەین لە لەئاوهەڵکێشان و ئێوارەخوانی پەروەردگار.

بەبێ باوەڕ و لەدایکبوونی دووەم، ناتوانرێ دووبارە کڵێسا بدۆزرێتەوە. ئەگەر عیسا لە گوناهەکانماندا نەمردبا؛ ئەگەر لەنێو مردووان هەڵنەستایەتەوە، ئەوا لەناو کڵێسا یان لە دەرەوەی ئەو هیوایەمان نەدەبوو.

## خودا ئێمەی لەخۆی گرت بۆ ئەوەی ببینە منداڵی ئەو

چەندەها ساڵە، لەگەڵ هەندێک لە خۆشەویستان گفتوگۆم دەکرد لەبارەی کڵێساوە، وە زانیان کەوا بە ئەزموونێکی بەهێزی باوەڕدا تێپەڕیووم و لە تەمەنی پازدە ساڵیدا عیسام قبوڵ کرد. کاتێک دوبارە لەدایک بوومەوە، هەموو شتێک گۆڕا، وە لە کتێبی پیرۆز و لە نوێژدا خودام ناسی، وە چێژم لە ستایش وەرگرت، ئارەزووم دەکرد هەموو هاوڕێکانم بزانن چۆن دووبارە لەدایک دەبنەوە، هێشتا هەندێک لەو خۆشەویستانە لێی تێناگەن لەگەڵ ئەوەی هەوڵیان داوە لێی تێبگەن. پێیان دەگوتم کە لە کڵێسا ئامادە دەبن. بەڵام من زانیم کە کڵێسا هیچ ناگەیەنێت بۆ ئەوان، تەنها هەوڵیان دەدا من ڕازی بکەن، لەبەرئەوە داوام لێکردن واز بهێنن لە ئامادەبوون لە کڵێسا. لە کۆتاییدا، گوێیان لە بیرۆکەکەم گرت و حەزیان پێی کرد. بەم شێوەیە توانیان بەیانیانی ڕۆژانی یەکشەمە لە کاری دیکە بەسەربەرن، هەموو ئەوەی کە ویستم لێیان ئەوەبوو تێبگەن لەوەی هیچ بەهایەکی گرنگ نییە لە ئامادەبون لە کڵێسا ئەگەر باوەڕنەهێنن بەوەی دەیلێن یان گوێیان لێی دەبێت.

لە توانای خۆم دڵنیا نیم بۆ هەمیشە ڕاسپاردەی ئامادەنەبوون لە کڵێسا بەوەی کە ستراتیژیەتێکی جاڕدانە، بەڵام لەم دۆخەدا ئەم ڕاسپاردەیە گرنگ بوو، لەبەر ئەوەی خۆشەویستانم لە کڵێسایەک ئامادە دەبوون کەوا فێرکردنێکی ڕوونی دەربارەی باوەڕ بە مەسیح پێشکەش نەدەکرد. وە لە کۆتاییدا هاوڕێکانم چاویان کەوت بە قەشەیەکی جیاواز و بانگهێشتی کردن بۆ باوەڕهێنان بە عیسای مەسیح و چێژوەرگرتن لە لەدایکبوونی دووەم، ئیتر دەستیان کرد بە ئامادەبوون لەو کڵێسایە کەوا لەوێ لەئاو هەڵکێشران، ماوەی نزیکەی بیست ساڵە بوونەتە ئەندامی ئەو خێزانە ڕۆحییە.

باوەڕ بە عیسا دەکرێت لە ناو کڵێسا یان لە دەرەوەی ڕووبدات، وە دەکرێت ئەزموونێکی کەسی بێت یان ئەزموونێک بێت لەگەڵ هاوڕێکانت بەشداری تێدا بکەیت، بەڵام دەبێت هەمیشە بەرهەمی پەیوەستبوونی بە کڵێساوەی هەبێت. کاتێک کتێبی پیرۆز باوەڕهێنانمان بە گرتنەخۆ وەسف دەکات. ئەم ڕەهەندە بەکۆمەڵە دەبینین کە دەتوانین لە (گەلاتیا ٤: ٤-٥) لەبارەیەوە بخوێنینەوە: «» کاتێک ئێمە وەک «منداڵ»ی خودا لەخۆگیراینەوە، ئیتر ئیمتیازی ئەوەمان بوو کە میراتگری ئەو بین، وەک ئەوەی لە جیهانی کۆندا هەبوو. بەڵام ئەم بەڵێنە هەموو ئەو ژن و پیاوانە دەگرێتەوە کە باوەڕیان بە عیسای مەسیح هەیە. کاتێک خودا تۆی لەخۆگرت و لە


9Marks Online PDF

ڕێگەی کوڕەوە بەخششی باوەڕی پێبەخشیت، پێشوازی لێکردیت لە خێزانێکی ڕۆحی لە خوشک و برایان، واتا پێشوازی لێکردیت بۆ ناو کڵێسا.

بەم شێوەیە بیری لێ بکەرەوە. منداڵی لەخۆگیراو لەگەڵ باوک و دایکێکی نوێ دەژی و خوشک و برای نوێی دەبێت. وە کاتێک دەبێتە کوڕ، هەروەها دەشبێتە برا، ئەوە دوو پەیوەندی نوێن بەڵام تایبەتن. کاتێک دەبیتە کوڕ، شانبەشانی خوشک و براکانت لە وێنەی خێزانەکەدا شوێنێک داگیر دەکەیت، لە کاتی باوەڕهێنان بە مەسیح ئەوە ڕوودەدات. خودای باوک دەتخاتە ناو لە وێنەی خێزانەکەت لەگەڵ کەسوکارە نوێیەکانتدا.

با لە نزیکەوە تەماشای ئەم وێنە خێزانییە بکەین؛ خودای باوک بوو کە « پێشتر بە خۆشەویستی ئێمەی دیاری کرد،... وەکو منداڵی خۆی لە خۆیمان بگرێتەوە» (ئەفەسۆس ١: ٥). پێش دەستپێکردنی زەمانە، ئەم خێزانەی لە هەموو سەردەم و تەمەنێکەوە کۆکردەوە، ئیتر خودای باوک کوڕەکەی نارد بۆ ئەوەی لە کۆیلایەتی گوناە و مردن ڕزگارمان بکات بۆ ئەوەی بتوانین ببینە ئەندامی خێزانەکەی (ڕۆما ٨: ١٥؛ گەلاتیا ٤: ٤). خودا ئەو ڕۆحەیە کە «خۆی شایەتی بۆ ڕۆحمان دەدات کە منداڵی خوداین.» (ڕۆمەکان ٨: ١٦). وە بە لەخۆگرتن، بوویتە وێنەی خێزانێک کە خودا تۆی کردۆتە ئەندامی و کەسوکاری نوێت هەیە، وە سێ تای سێتایی خودا، باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز، پێکەوە لەجیاتی ئێمە لە هاوئاهەنگییەکی تەواو دان.

ئێمە لە کوێی وێنەکەداین؟ وەک منداڵانی خودا، ئێمە هاومیراتگری مەسیحین (ڕۆما ٨: ١٧؛ گەلاتیا ٤: ٧)، ئەمەش واتا ئێمە هاوبەشین لە میراتەکەی (ئەفەسۆس ١١: ١، ١٤).

ئەوە چی لەخۆدەگرێت؟ پۆڵسی نێردراو لە نامەی کۆلۆسی ١: ١٦ پێمان دەڵێت: «هەمووی لە ڕێگەی ئەوەوە و بۆ ئەو بەدیهێنران.» ڕەنگە پوورە گەورەکەت بەخشندە بێت، بەڵام ناتوانێت دەستبەرداری میراتەکەی بێت. زانراوە کە خێزانەکان هەمیشە کۆک نین، بەڵام پەیوەندی ئەندامەکانی بە یەکترەوە وەک ئەندامانی یەک خێزان یارمەتیدەرە بۆ خۆڕاگری. تەنانەت لە کاتی ناکۆکیشدا، هاوبەشییان لە خوێنیان زاڵە بەسەر پەیوەندییەکانیاندا و لە ململانێییان دوور دەخاتەوە. لەگەڵ کڵێساشدا هەمان شت ڕوودەدات؛ لەبەر ئەوەی ئێمە لە ڕێگەی تۆبە و باوەڕەوە لەگەڵ خودا ئاشت

بووینـەوە هـەروەک چـۆن لەگـەڵ یەکـتردا ئاشـتبووینەوە. خوێنـی مەسـیح لـە کڵێسـای سـەرەتاییدا سـەرکەوتنی بەسـەر دابەشـکارییەکانی نێـوان نەتـەوەکان و جولەکەکانـدا بەدەستهێنا و ئـەم دابەشبوونە ئەوەیـە کـە کێشـەکانی ئەمڕۆی کڵێسـا سادە دەردەکەوێت ئەگـەر بـەراوردی بکەیـن لەگـەڵ کڵێسـای سـەرەتاییدا. ئێسـتا تەماشـای ئـەو پەرچـووە بکـەن کـە بـە بـاوەڕ ڕوویـدا کاتێـک هـەم جولەکـەکان و هـەم نەتـەوەکان باوەڕیـان بـە ئینجیـل هێنـا.

**«بۆیـە ئیـتر نامـۆ و بێگانـە نیـن، بەڵکـو دەبنـە هاوڵاتـی لەگـەڵ گەلـی پیـرۆزی خـودا و بنەماڵـەی خـودا، لەسـەر بناغـەی نێردراوان و پێغەمبـەران بنیـاد نـراون، عیسـای مەسـیحیش خـۆی گرنگتریـن بـەردی بناغەیـە. هەمـوو خانووەکـە بـە یەکبـوون لەگـەڵ مەسـیحدا پێکـەوە بەسـتراوە و گەشـە دەکات هەتـا ببێتـە پەرستگایەکی پیـرۆز بـۆ مەسـیح. ئێـوەش بـە یەکبـوون لەگەڵ ئـەودا پێکـەوە بنیادنـراون، تاکـو ببنـە خانوویـک بـۆ ڕۆحـی خـودا.» (ئەفەسـۆس ٢: ١٩-٢٢)**

کاتێـک کڵێسـا پێکـەوە شـاد دەبێـت بە خۆشـی بـاوەڕ و قبوڵکردنی مەسـیح، بـاوەڕداران دیدێکـی نوێیـان دەبێـت سـەبارەت بـەوەی چـی بـووە هـۆی دابەشـبوونیان و بەسـەریدا زاڵ دەبـن، وێرانبوونـی پەرسـتگای پیـرۆزی خـودا زەحمـەت دەبێـت.

## ڕیزکردن

یەکێـک لـە گەورەتریـن بەرپرسـیارێتییەکان کـە وەک پیرێـک لـە کڵێسـایەکدا چێـژی لـێ وەردەگـرم چاوپێکەوتنـە لەگـەڵ ئەندامـە نوێیـەکان. لـە مـاوەی پێنـج سـاڵی ڕابـردوودا، مـن و بـرا پیرەکانـم پێشـوازیمان کـردووە لـە زیاتـر لـە هـەزار ئەندامـی نـوێ بـۆ کڵێسـا. ئەمـەش واتـا مـن زۆر ئەزموونـی بـاوەڕم بیسـتووە. لـە ڕاسـتیدا مـن لەگەڵیـان کۆناکەمـەوە بـۆ ئـەوەی پرسـیار لـەو کەسـانە بکـەم داخـوا ئـارەزووی ئەندامێتـی دەکـەن، بەڵکـو تەنهـا بـۆ ئـەوەی دڵنیـا مـەوە لـەوەی کـە ئـەوان ئەزموونـی ئـەو باوەڕەیـان کـردووە کـە لـەم بابەتـەدا باسـمان کـرد، وە دەتوانـن بـۆ کەسـێکی دیکـەی بـاس بکـەن کـە حـەز دەکات ببێتـە بـاوەڕدار بـە مەسـیح.

هـەر کەسـێک چیرۆکێکـی تایبەتـی هەیـە لە ڕووی ڕۆڵـی خێـزان و کڵێسـا و خزمەتکردنی گەنجانـەوە؛ هەندێـک لـە تاکـەکان لـە گونـاه تێـوەگلاون، وە زۆربەیـان وا نیـن. بـە دەگمەن

کەسێک دەناسم کە ماوەیەکە لە کڵێسا دوور نەکەوتۆتەوە، هەروەها بە زۆری باوەڕی خەڵک تەواو وەک ئەوماڵە نییە کە تێیدا گەشە دەکەن. لە ڕاستیدا، من چێژ لە بیستنی ئەم چیرۆکە هەڵبژاردانە وەردەگرم سەبارەت بە کاری خودا لە لەخۆگرتن، وە چۆنیەتی ئەوەی مرۆڤ لەدایک دەبێتەوە.

هەندێک جار کەسێک دەبینم کە حەز دەکات ببێتە بەشێک لە کڵێساکەمان، بەڵام ڕوونە کە دووبارە لەدایک نەبووەتەوە. وە هەندێک جار داوا لە کەسێک دەکەم مژدەی خۆش یان ئینجیلی عیسام پێ بڵێت، هەروەک چۆن داوا لە کوڕە شەش ساڵانەکەم دەکەم باسی تیۆری ڕێژەیی ئەنیشتاینم بۆ بکات، هیچ وەڵامێک نادۆزمەوە جگە لە چاوخشاندنێکی تەواوی بەبێ وەڵام. زۆرجار چیرۆکێک دەبیستم دەربارەی کڵێسا، ڕەوشت و ئەزموون بەڵام شتێکی دیاریکراو نابیستم سەبارەت بە گوناه و نیعمەتی ڕزگاری بەخش بە عیسا، وە گواستنەوە لە مردنەوە بۆ ژیان، وە لە حوکمدامنەوە بۆ هەستانەوە.

لەو شوێنەی کە من لێی دەژیم، باو و ئاساییە کە کڵێساکان ئەندامی زۆریان هەبێت کە هێشتا باوەڕیان نەهێناوە. پێدەچێت کەم کەس لەوە تێبگات بۆچی ئەمە کێشەیە. بەڵام کتێبی پیرۆز باوەڕ وەک گۆڕان و گۆڕانکارییەک دەخاتە ڕوو کە گەلی خودا لە جیهان جیا دەکاتەوە. ئەزموونی گۆڕانی ژیانە بۆ هەتاهەتایی، ئەمەش ئەوەیە کە نووسەرانی پەیمانی کۆن هەندێک جار بە «پەیمانێکی نوێ» ناوی دەهێنن. خودا لە زمانی یەرمیا بەڵێنی بە گەلی کۆن داوە و فەرمووی: «فێرکردنەکانم دەخەمە ناو مێشکیان و لەسەر دڵیان دەینووسم. من دەبم بە خودای ئەوان و ئەوانیش دەبن بە گەلی من» (یەرمیا ٣١: ٣٣). پاش ئەو حزقیالی پێغەمبەر نووسی و بە ناوی خوداوە قسەی کرد و پێشبینی ئەوەی کرد کە عیسا بە نیقۆدیمۆسی دەڵێت: «دڵێکی نوێتان دەدەمێ و ڕۆحێکی نوێ دەخەمە ناوتانەوە، ئەو دڵە بەردینەتان لێ دەکەمەوە و دڵێکی گۆشتینتان دەدەمێ. ڕۆحی خۆم دەخەمە ناوتانەوە، واتان لێ دەکەم کە ڕێگای فەرزەکانم پەیڕەو بکەن و حوکمەکانم بەجێبهێنن و کاریان پێ بکەن» (حزقیال ٣٦: ٢٦ - ٢٧).

ئەم جۆرە دەقانە کڵێسا وەک شوێنێک وێنا ناکەن کە مرۆڤەکان لەناویدا ئەگەر بگونجێت هەوڵ بدەن باش بن و یارمەتی یەکتر بدەن، بەڵکو وەک پەیمانێکی نوێ وێنای دەکات. بە تەواوی دەچێتە ناو دڵمانەوە، وە گۆڕانێکی ڕیشەیی تێدا دەکات،

وامـان لێـدەکات لـە ژیانـی ڕابردوومـان دوور بکەوینـەوە، بەجێـی بهێڵیـن و ڕووبکەینـە مەسـیح کـە بـە ڕۆحـی پیـرۆز هێزمـان پـێ دەبەخشـێت بـۆ ئـەوەی گوێڕایەڵـی ئـەو شـەریعەتە بیـن کـە لەسـەر دڵـە نوێیەکانمـان نـووسراوە.

لـە کڵێسـادا، ناتوانیـن بـاری ڕۆحیـی ڕاستەقینەی هـەر یەکێـک بزانیـن کـە لـە قووڵایـی دڵیانـدا باوەڕیـان بـە چییـە، بـەڵام ئەمـە دیزاینـی پێکهاتـەی کتێبـی پیـرۆز سـەبارەت بـە کڵێسـاکانمان و ئامانجەکـەی و پەیڕەوکردنەکانـی ناگۆڕێـت. ئەگـەر لەدایـک بوویتـەوە، تۆبـەت کـردووە لـە گوناهەکانـت و بـاوەڕت بـە عیسـای پـەروەردگار هێنـاوە، دەتوانیـت ببیتـە ئەندامـی کڵێسـا. پێویسـت نـاکات ئـەرک قبـوڵ بکەیـت بەبـێ تێگەیشـتن یـان مەبەسـت وەک ئـەوەی لەگـەڵ مـن زیندەخـەون ببینیـت بـە داهاتوویەکـی بـێ کڵێسـا. کاتێـک بـاوەڕت بـە مەسـیح هەیـە، ناتوانیـت یارمەتـی بدەیـت، دەتوانیـت پەرسـتش بکەیـت، تـۆ چـۆن چاوەڕێـی کۆبوونـەوە و پەرستش دەکەیت لەگـەڵ باوەڕدارانـی دیکـە بـە عیسـا (لـە بەشـی داهاتـوودا باسـی کۆبوونـەوە و گردبوونـەوەکان دەکەیـن).

# بەشی سێیەم

## ئایا بەڕاستی پێویستەمان بەوەیە پێکەوە کۆببینەوە؟

نووسینی: جۆناتان لیمەن

کڵێسا کۆمەڵێک لە باوەڕدارە

↓

**کە وەک باڵوێزخانەی مەسیح لەسەر زەوی کۆدەبنەوە و نوێنەرایەتی شانشی ئاسمان دەکەن**

↓

بۆ جاڕدانی هەواڵی خۆش و ڕاسپاردەکانی مەسیحی پاشا

↓

لەپێناو یارمەتیدانی یەکتر وەک ئەو هاونیشتیمانیانەی کە سەر بە عیسان بە جێبەجێکردنی ئەرکەکان

↓

بۆ ئەوەی پیرۆزی و خۆشەویستی خودا دەربخەن

↓

بەهۆی گەلێکی یەکگرتوو و جۆراوجۆر

↓

لە سەرانسەری جیهان

↓

بە پەیڕەوکردنی فێرکردنەکانی پیران و نمونەکانیان



9Marks Online PDF

لـه هەمـوو جیهانـدا، هەواڵێکـی زۆر لەبـارەی نارەزایـی سیاسـی دەبیسـتین. کاتێـک هـەزاران هاوڵاتـی بـۆ ئامانجێکـی سیاسـی کۆدەبنـەوە و پێکـەوە ڕێپێـوان دەکـەن، جەمـاوەر گرنگـی پێـدەدەن و پەیامنێـران دەردەکـەون، کامێـرای ڤیدیۆیـی بەکاردەکەوێـت، سیاسـەتمەداران ئامـادەی چاوپێکەوتنـەکان دەبـن، خەڵکـی بە گشـتی تەنانەت لـە ماڵەوەش خەریکـی گـەڕان دەبـن لـە هـەواڵ، چـاو لـە مۆبایلەکانیـان هەڵناگـرن. لـەدوای چەنـد هەفتەیـەک، ڕەنگـە دەسـەڵاتی تەشریعی ناچاربێـت هەندێـک یاسـا دەربـکات، دەزگاکانـی حکومـەت هەندێـک سیاسـەتی نـوێ پەیـڕەو بکـەن، ڕەنگـە ویژدانـی میللەتەکـەش بگۆڕێـت، تەنانـەت ئەگـەر کەمێکیـش بێـت.

بـە دڵنیاییـەوە، گردبوونەوەکانـی خەڵکـی بەهێـزن، نـەک تەنها بەهـۆی ئـەوەی کاتێـک ئـەو گروپانـە کۆدەبنـەوە چـی ڕوودەدات، بەڵکـو بەهـۆی پێکەوەبوونـی ئـەو گروپەیـە. دەکرێـت خەڵکـی نـاو گروپەکـە ببنـە بزووتنـەوە و هێزێـک بـۆ سـەرەتای گۆڕانکارییەکـی بـاش لـە جیهانـدا، یـان بـەرەو خراپـتر. بـەم شـێوەیە هەمـوو گروپەکـە پێکـەوە باشـتر دەبـن لـە تاکـی ئەندامەکانـی.

شـتێکی نامـۆ نییـە کـە کەسـە ئەکادیمییـەکان چەندیـن کتێبیـان نووسـیوە لەسـەر دەروونناسـی جەمـاوەر، خەڵکـی ئارەزووەکانیـان یـان گلەییەکانیـان دەردەبـڕن، قسـەکەرانی سـەرنجڕاکێش و کاریگـەر ئـەو ئارەزووانـە یـان گلەییانـە پشتڕاسـت دەکەنـەوە، خەڵکـی بـە دەوری خۆیانـدا دەڕوانـن و سـەریان دەجووڵێنـن و گوێیـان لـە هـاواری ڕەزامەنـدی دەبێـت، بۆیـان دەردەکەوێـت کـە ئەوانـە بـە تەنهـا نیـن. ئارەزووەکانیـان زیـاد دەکات، وە کۆدەبنـەوە بـۆ ئـەوەی پێکـەوە کار بکـەن، جـا چ بنیادنـەر بێـت یـان وێرانکـەر.

چـی وا دەکات ئـەم جـۆرە گردبوونەوانـە هێنـدە بەهێـز بن؟ ئـەم گردبوونەوانـە بەهێزن چونکـە مرۆڤـەکان بـە جەسـتەیانەوە ئامـادەن و دەبینـن چـی لـە دەوروبەریـان هەیـە و گوێیـان لـە کەسـانی دیکـە دەبێـت و هەروەهـا هەسـتیان پێـدەکات، بـە پێچەوانـەی تەماشـاکردنی ڕووداوەکـە لـە شاشـەی تەلەفـۆن کـە تێیـدا نزیـک نیـت لـە جەسـتەی ئـەو ڕووداوەی کـە شـایەتحاڵن، بـەڵام لـە کۆبوونەوەکـەدا ئەوانـی دیکـە ڕاسـتەوخۆ دەورت دەدەن، بـەو شـتەی کـە هەمـوو واقیعەکـەت دیـاری دەکات؛ خـودا لـە ڕۆحێـک و جەسـتەیەکەوە ئێمـەی دروسـتکردووە و بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان بـە شـێوەیەکی نادیـار شـێوەی کێشـاوین، بـە جۆرێـک کـە ئـەوەی کاریگـەری لەسـەر جەسـتە هەبێـت کاریگـەری بکاتـە سـەر ڕۆح. لـە کۆبوونـەوەی پێکـەوەدا ئەزموونـی ئـەوە دەکەیـن کـە ئەوانـی دیکـە

حەزیان لێیەتی، ڕقیان لێیەتی، لێی دەترسن و باوەڕیان پێیەتی، ئینجا دەکرێت هەستمان بە شێوەیەکی ڕێژەیی بە شتێکی ئاسایی و ڕاست بگۆڕێت، وە هەستی خۆشەویستی، ڕق، ترس یان باوەڕ لە جەماوەرەوە بۆمان دەگوازرێتەوە. ئەمە نامۆ نییە؛ خودا ئێمەی لەسەر «وێنە»ی خۆی بەدیهێناوە (بڕوانە پەیدابوون ١: ٢٦-٢٨) با ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستودروستییەمان هەبێت کە لە ئەوەوە دێت. بەڵام ئێمە بڕیارمان داوە ڕەنگدانەوەی سیفەتی دیکە بین، وە بەم شێوەیە کەلتوورەکان دروست دەبن، ئێمە ڕەنگدانەوەی وێنەیەک دەکەین یان بە شێوەی باش یان خراپ لاسایی خەڵکی دەوروبەرمان دەکەینەوە. بە سادەیی گردبوونەوەکان ئەم پرۆسەیە خێرا دەکەن.

بەڵام کۆبوونەوەکان نەک تەنها بۆ ئەو کەسانە گرنگە کە لەناویاندان، بەڵکو کاریگەری لەو کەسانەش دەکات کە لە دەرەوەین. ڕەنگە جارێک لە پارکێکدا ڕۆیشتبیت، قەرەباڵغییەک لە دەوری شتێک بینیت کۆبوونەتەوە، سەرت بەرەو ئەو خەڵکە سوڕاندووە و گوتووتە: «چی لەوێ ڕوودەدات؟» بەم شێوەیە بەرەو خەڵکەکە ڕۆیشتوویت و گەیشتوویتە ئەوێ، تەماشات کردووە بزانیت چی ڕوودەدات. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی پرسیارت کردووە داخوا شتێکی گرنگ یان وروژێنەر لەوێ ڕوودەدات، تۆش ناتەوێت لەدەستی بدەیت.

ڕەنگە مۆبایلە زیرەکەکەت بگرێت، هەواڵێکت پێبگات لەبارەی ڕێپێوانێکەوە، وە پێت وابێت کە ئەمە گرنگە، ئیتر بە خێرایی کرتە لەسەر بەستەرەکە دەکەیت بۆ ئەوەی بزانیت چی ڕوودەدات؛ کۆبوونەوەکان ژیان و کەلتوور و جیهان دەگۆڕن، چونکە بەڕاستی بەهێزن.

## کڵێساکان کۆبوونەوەن

کڵێسا بەشداری دەکات لە داڕشتنی مرۆڤەکان، هەروەک چۆن لە نارەزایەتییە سیاسییەکاندا هەیە؛ چونکە هەر یەکێک لە ئێمە وەک تاک و وەک دەستەیەک لە دادەڕێژێت بۆ ئەوەی ببینە کەلتوورێک، هێزێک، یان بزووتنەوەیەک، هەروەها وەک شاری خودا دامانده‌ڕێژێت. هەروەک گردبوونەوەی کڵێساش، لەمەدا وەک ڕێپێوانە، شایەتییەکی دیار دەدات بۆ هەموو جیهان تاوەکو خەڵکی بتوانن ببینن و بە هەموو جیهان بڵێن ئێمە هاووڵاتیی ئاسمانین، لەوێشەوە خەڵکی دەپرسن: چی بەسەر ئەم خەڵکە هاتووە؟


9Marks Online PDF

هاوڕێیەکی قەشـەم لـەم دواییانـەدا تێبینـی ئـەوەی کـرد کاتێـک کەرەنتینی بەهـۆی پەتـای کرۆنـا کۆتایی هـات، لـە کۆبوونەوەکانـی کڵێسـاکەی سـەرلەنوێ «ڕۆحانیەت»ێکی قووڵـی بەرجەسـتە کـرد. ئـەو وشـەی «ڕۆحانیـەت»ی بەکارهێنـا. لەمەشـدا ڕاسـتی کـرد؛ چونکـە گردبوونەوەکانمـان هەمیشـە ڕۆحیـن، بـەڵام دژیەکییەکـە لەوەدایـە کـە بەشـێکی ڕۆحیـن چونکـە ئەندامەکانـی بـە جەسـتە ئامـادەن، خـودا هەمیشـە دەیەوێـت گەلەکـەی بـە جەسـتە کۆببنـەوە، بۆیـە ئـادەم و حـەوای بـە جەسـتەی فیزیکـی دروسـتکردووە، وە لـە باخچـەی عـەدەن لەگەڵیـان دەڕۆیشـت، هەتـا ئـەو کاتـەی گوناهیـان نەکـرد لەخـۆی دوور نەخسـتنەوە.

پاشـان خـودا گەلـی ئیسرائیـل لـە خاکـی بەڵێنـدراو کۆکـردەوە و فەرمانـی پێکـردن کـە بـە بەردەوامـی لـەو شـوێنە کۆببنـەوە کـە خـودا لێـی ئامـادە بـوو (دواوتـار ١٦: ١٦؛ ٣١: ١٠- ١٢، ٣٠). وە کاتێـک گوناهیـان کـرد، جارێکـی دیکـە لەسـەر زەوی دەریکردنـەوە.

ڕەنگـە جەسـتەبوون دیارتریـن سـەلماندن بێـت لەسـەر خواسـتی خـودا بـۆ کۆبوونـەوەی لەگـەڵ گەلەکـەی. کـوڕی خـودا شـێوەی مرۆڤـی وەرگـرت، وشـەکە لەگـەڵ خـودا بـوو و خـۆی خـودا بـوو (یۆحەنـا ١: ١-٢)، بـە جەسـتە هـات بـۆ ئـەوەی لەگەڵـمان بێـت (یۆحەنـا ١: ١٤)، وە بەڵێنـی دا بـۆ بنیادنانـی کڵێسـاکەی، کـە ئـەو وشـەیە کـە وەرگێـڕدراوە بـۆ «کۆمـەڵ یـان کۆبوونـەوە» (مەتـا ١٦: ١٨).

ڕەنگـە هەرگیـز بیـرت لـەوە نەکردبێتـەوە کـە بۆچی عیسـا بە تایبەتی وشـەی «کڵێسـا»ی هەڵبـژاردووە. لـە سـەردەمی عیسـادا جولەکـەکان لـە کەنیشـەکاندا کۆدەبوونـەوە، بـەڵام عیسـا وشـەی «کەنشـیت»ی بەکارنەهێنـاوە، بەڵکـو وشـەی «کڵێسـا»ی بەکارهێنـاوە، بۆچـی؟ بـە خوێندنـەوەی ڕووداوەکانـی چیرۆکـی کتێبـی پیـرۆز دەتوانیـن وەڵامـی ئـەم پرسـیارە بدەینـەوە، دەزانیـن کـە پەیمانـی کـۆن پێشـبینی کـردووە عیسـای مەسـیح ئـەو خەڵکـە کۆدەکاتـەوە کـە بەهـۆی ڕاپێچکراوییـەوە پـەرش و بـڵاو بوونەتـەوە (بڕوانـە یۆئێـل ٢: ١٦)، وە لـە پەیمانـی نوێـوە تێدەگەیـن کـە عیسـا ویسـتویەتی ئـەم کۆبوونـەوە یـان کڵێسـایانە کۆبکاتـەوە کـەوا پەیمانـی کـۆن پێشـبینی کـردووە جارێکـی دیکـە کۆببنـەوە کـە جارێکـی دیکـە خـودا لەگـەڵ گەلەکەیـدا نیشـتەجێ دەبێتـەوە. کتێبـی پیـرۆز دەڵێـت: «ئەوەتـا نشـینگەی خـودا لەگـەڵ خەڵـک، ئەویـش لەگەڵیـان نیشـتەجێ دەبێـت. ئەوانیـش دەبـن بـە گەلـی ئـەو، خـودا خـۆی لەگەڵیاندایـە و دەبێتـە خـودای ئـەوان» (ئاشـکراکردن ٢١: ٣، هەروەهـا بڕوانـە ئاشـکراکردن ٧: ٩ و ئایەتەکانـی دواتـر).

کاتێک کڵێسا کۆدەبێتەوە نوێنەرایەتی بوونی خودا دەکات لەگەڵ مرۆڤ کەوا ئاسمان دێتە سەر زەوی. کتێبی پیرۆز دەڵێت: «چونکە لە هەرکوێیەک دوو یان سێ کەس بە ناوی منەوە کۆببنەوە، من لەوێ لەنێوانیاندا دەبم» (مەتا ١٨: ٢٠). ئەمە لە ئینتەرنێت و لە سەر و مێشکماندا ڕوونادات، بەڵکو دێتە دی «کاتێک لە کڵێسا کۆدەبینەوە»، کە ئەمە دەربڕینێکە پۆڵسی نێردراو بەکاریهێناوە بۆ ئەوەی ئاماژە بکات بەوەی کڵێسا نابێتە کڵێسا هەتاوەکو کۆنەبێتەوە (یەکەم کۆرنسۆس ١١: ١٨).

هەندێک جار خەڵکی حەز دەکەن بڵێن: «کڵێسا گەلە نەک شوێن»، بەڵام وردترین ئەوەیە بڵێین کڵێسا گەلێکە لە شوێنێکدا کۆدەبێتەوە، وە ئەوەی کڵێسا لە ڕاستیدا دەکاتە کڵێسا کۆبوونەوەیە بە ڕێکوپێکی پێکەوە.

ئەمە بەو واتایە نییە کە کڵێسا نابێتە کڵێسا کاتێک خەڵک کۆنابنەوە، بۆ نموونە تیپێکی تۆپی پێ لە تیپ بوون هەڵناوەشێتەوە کاتێک ئەندامانی تیپەکە یاری ناکەن. وە ئەو خاڵە گرنگەی کە دەمانەوێت سەرنجی لەسەر بدەین ئەوەیە کە کۆبوونەوەی بەردەوام پێکەوە هێندە پێویستە بۆ ئەوەی کڵێسایەک کڵێسا بێت هێندەش پێویستە تیمێک کۆببێتەوە بۆ یاریکردن بۆ ئەوەی تیمێک بێت.

عیسا کاری کرد لەسەر ڕێکخستنی کڵێسا بەم شێوەیە، وە مەبەستی ئەوە بوو کە ئێمە بە بەردەوامی سەرنجمان لەسەر مەسیحیەت بێت بەوەی بەردەوام کۆببینەوە و یەکتر ببینین، لە یەکتر فێربین، یەکتر هان بدەین، یەکتری ڕاست بکەینەوە، یەکترمان خۆشبووێت. شتە ڕۆحییەکان کاتێک ڕوودەدەن کە باوەڕداران شان بە شانی یەکتر ڕادەوەستن و هەمان هەوا هەڵدەمژن، پێکەوە گۆرانی بڵێن و هەمان وتاری ببیستن و بەشداری بکەن لە هەمان نان و یەک جەستەدا (بڕوانە یەکەم کۆرنسۆس ١٠: ١٧) بەم شێوەیە تەماشای دەوروبەرت دەکەیت و دەبینیت کە تۆ لەم باوەڕەدا تەنها نین، دەتوانین چی بکەین پێکەوە؟

ئەمەش زۆرێک لە یەزدانناسی ڕوون دەکاتەوە، بەڵام وانەیەکمان پێشکەش دەکات و هۆکاری نووسینی ئەم ئایەتانەی نامەی عیبرانییەکان ڕوون دەکاتەوە:

> **«هەروەها با ئاگاداری یەکتری بین بۆ هاندان لەسەر خۆشەویستی و کاری چاک. با واز لە کۆبوونەوەکانمان نەهێنین،**



9Marks Online PDF

**وەک هەندێک لەسەری ڕاهاتوون، بەڵکو یەکتری هانبدەین، بە تایبەتی کە دەبینن ڕۆژی هاتنەوەی مەسیح نزیک دەبێتەوە. ئەگەر لەدوای ئەوەی کە ڕاستیمان ناسی، بەردەوام بین لەوەی بە ئەنقەست گوناە بکەین، ئەوا هیچ قوربانییەک نییە بۆ ئەوەی گوناهەکانمان پاک بکاتەوە، بەڵکو تەنها چاوەڕێکردنی حوکمدانی ترسناک و ئاگری بڵێسەدار کە خەریکە دوژمنەکانی خودا دەخوات.» (عیبرانییەکان ١٠: ٢٤ - ٢٧)**

لە کۆبوونەوەدا، خۆشەویستی و کردەوەی باش بەرامبەر بە یەکتری دەنوێنین، وە یەکتری هان دەدەین. سەرنج بدە ئەو هۆشدارییەی نووسەری نامەی عیبرانییەکان کە ئەگەر بەردەوام بین لە گوناهکردن بە ئەنجامدانی ئەم کارانە، لەوانەش نەکردنی کۆبوونەوە، دەبێت چاوەڕوانی حوکمی باشی خودا بین کە بە ڕژدی مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتانەدا دەکات.

مەبەست لەم خاڵە ئەوە نییە کە ئامادەبوون لە کڵێسا بتکاتە باوەڕدار، بەڵکو ئامادەبوون لە کڵێسا ئەوەیە کە باوەڕداران دەیکەن، وە ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە ڕۆحی مەسیح لە ئێمەدایە، ئیتر ئێمە ئارەزووی کۆبوونەوەمان دەکەین لەگەڵ گەلی مەسیح.

## سەرنجدان لە وشەی خودا

لە بەشی یەکەمدا باسم لەوە کرد کە من کاتێک چوومە واشنتۆن دی سی لە نەچوونە کڵێساوە گۆڕام بۆ سێ جار بەشداریکردن لە هەفتەیەکدا. پێش ئەو ڕۆژانە، لە گەلی خودا دوورکەوتبوومەوە هەتا ئەوەی کاتێک کەسێک لە دەوروبەری هەندێک باوەڕدار دەبینیم شەرمم دەکرد. بەڵام لەناکاو، زۆر بە سەیری، ویستم لەگەڵیان بم. بۆیە هەموو هەفتەیەک چاوەڕێی بەشداریکردنم دەکرد لە کڵێسا، بۆ ئەوەی لەگەڵ باوەڕداران بم.

چی پاڵنەر و هاندەرم بوو بۆ ئەم گۆڕانکارییە؟ ئەوەی بە ڕوونی جێگەی سەرنج بوو ئەوە بوو کە ویستم گوێم لە دەنگی خودا بێت. لە کۆتاییدا، ئەمەیە کە کۆبوونەوەکانی کڵێسا لە نارەزایەتی سیاسی یان هەر گردبوونەوەیەکی دیکە جیا دەکاتەوە؛ ئێمە لە دەوری وشەی خودا کۆدەبینەوە. پۆڵسی نێردراو دەڵێت: «چونکە


9Marks Online PDF

پەیامی خوداتان وەک پەیامی مرۆڤ لە ئێمە وەرنەگرت، بەڵکو وەک بەڕاستی وشەی خودا بێت، لە ڕاستیشدا هەر بەو جۆرەیە، ئەوەی لەناو ئێوەی باوەڕداریشدا کار دەکات.» (یەکەم سالۆنیکی ٢: ١٣).

لە کۆبوونەوەی کڵێسادا، خودا قسە دەکات و خەڵکی هەسارەی زەوی دەتوانن گوێیان لە دەنگی بێت، وە دەبینن خەڵکی لە دەوری قسەکەی گەشە دەکەن. کاتێک باوەڕداران بەشداری کۆبوونەوە دەکەن، پۆڵسی نێردراو بەڵێنی داوە کە بەهۆی گوناهەکانیانەوە سەرزەنشت دەکرێن و نهێنییەکانی دڵیان دەردەکەوێت، دەکەونە سەر ڕوو و کڕنۆش بۆ خودا دەبەن و هاوار دەکەن: «بەڕاستی خودا لەنێوتاندایە!» (بڕوانە یەکەم کۆرنسۆس ١٤: ٢٤-٢٥).

## ئالنگاری «کۆڤید-١٩» و نەبوونی کۆبوونەوە

پەتای کرۆنا ئالنگاری هەموو کڵێساکانی سەرتاسەری جیهان کردووە، لەبەر ئەوەی پیرۆزبووانی زۆر شوێن ڕووبەڕووی سەختیی بوونەوە بە تایبەتی لە کۆبوونەوە و فێرکردنی وشەی خودا پێکەوە. لەدوای دوو مانگ لە کۆبوونەوە نەکردن لە ڕۆژانی سەرەتای پەتاکەدا، هەستم دەکرد کە ئاراستەکردنی کڵێساکەمم لەدەستداوە، هەندێک جار هەندێک هاوڕێ دەیانپرسی «کڵێساکەت چۆنە؟» بە زەحمەت دەمتوانی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، پەیوەندی تەلەفۆنیم دەکرد، بە بەردەوامی نامەم بۆ ئەندامان دەنارد، بەڵام سەرکەوتوو نەبووم لە جێگیرکردن و چاودێریکردنی هەموو کڵێساکە، هەستم دەکرد کڵێساکە وەک ئەوە وایە ئاوی باران لەدوای زریانێک لە شوێنی ڕاوەستانی ئۆتۆمبێلەکان کۆبووبێتەوە، ئاوەکان بڵاو بوونەتەوە و لێرە و لەوێ گۆماوی بچووکی دروست کردووە.

پیران زیاتر و زیاتر هەستیان بە نیگەرانی دەکرد بۆ ئەو ئەندامە لاوازانەی لە ڕووی ڕۆحییەوە لە باوەڕەکەیاندا تووشی لاوازی ببوون یان تووشی ئەزموون ببوون، ئێمەش نیگەران بووین بۆ ئەوانەی کە پێدەچوو لە ئێستاوە لە ڕووی ڕۆحییەوە وێران بوون و خەریک بوو واز لە باوەڕەکەیان بهێنن.

لە ڕاستیدا، کۆنەبوونەوە کاریگەری لەسەر هەموو کەسێک هەبوو، جا لە ڕووی ڕۆحییەوە پێگەیشتوو بێت یان پێنەپێگەیشتوو. هەریەکێک لە ئێمە پێویستی بە بینین



9Marks Online PDF

و گوێگرتنی بەردەوام هەیە لە برا پیرۆزەکانمان. ئەگەرنا، دەبێت ناچار دەبین شوێنی ئەو نمونانە بکەوین کە هاوکارمانن، یان هاوڕێن لە قوتابخانە، یان ئەو کارەکتەرانەی لە تەلەفزیۆن دەیانبینین.

هەر کە پەتاکە دەستی پێکرد، لە سەرانسەری جیهاندا زۆرێک لە کڵێساکان ڕاستەوخۆ خزمەتەکانیان پەخش کرد، چەند دەنگێک ستایشی بەهای بەردەوامی ئەو شتەیان کرد کە پێی دەگوترێت «کڵێسای گریمانەیی». بەم شێوەیە، ئەو قەشانەی پێشتر لە دژی بیرۆکەکە بوون، «شوێنی فێرکاری گریمانەیی»یان کردەوە و قەشەی تەرخانکراویان بۆ دامەزراند، بەڵێنیان دا کە هەتا ماوەیەک بەردەوام بێت، هەندێکیش دەیانگوت ئەوەی ڕوویداوە پێشکەوتنێکی سەرنجڕاکێشە لە لە مێژووی نێردراوییێتی مەزن.

ڕەنگە لێرەدا بپرسین: لە چیت کەمە کاتێک کڵێساکەتان جگە لە پەخشێکی ڕاستەوخۆی کە هەفتانە پێشکەش دەکرێت هیچی دیکە نییە؟ لەلای باوەڕدارە نوێیەکانەوە، بیر لە هاوئەندامەکانیان ناکەنەوە، بیریان بەلای ئەواندا ناچێت، بە ڕێکەوت چاویان پێیان ناکەوێت و بچنە ناو گفتوگۆیەکی خێرا لەگەڵیان کە دەبێتە هۆی گفتوگۆیەکی درێژتر لە کاتی نانخواردن، لەمەش زیاتر، دوور دەبیت لە هاندان و پرسیارکردن و خۆشەویستی.

ئێمە سوپاسی خودا دەکەین کە دەتوانین ڕاستی و فێرکردنەکانی کتێبی پیرۆز بە شێوەیەکی گریمانەیی «دابەزێنین»، بەڵام سوپاسی خودا دەکەین کە ژیانی مەسیحی زیاترە لە تەنها گواستنەوەی زانیاری. کاتێک کڵێسا تەنها لە ئینتەرنێتدا بوونی هەیە، ناتوانین هەست بە ڕاستییە بەرجەستەکراوەکان بکەین لە خێزانی خودادا، هەروەها ناتوانین ئەزموونی بکەین و شایەتی باوەڕمان بدەین، پەیوەندییەکی خۆشەویستی لە نێوان خوشک و براکاندا دروست دەکات. زاراوەی «کڵێسای گریمانەیی» دوو زاراوەی لێکدراوی دژبەیەکە.

بیری لێ بکەرەوە. ڕەنگە تۆ بە درێژایی هەفتە بەرامبەر بە برایەک قینت لە دڵدا بێت و دەیشاریتەوە، بەڵام کاتێک دێیتە سەر خوانی پەروەردگار، ڕۆحی پیرۆز بەرەو هەستێکی حوکمدان دەتبات، وە دان بە گوناهەکەتدا دەنێیت، وە لەوانەیە لەگەڵ هەستێکی گومانت هەبێت بەرامبەر بە خوشکێک، بەڵام کاتێک دەیبینیت



9Marks Online PDF

هەمان ئەو گۆرانییە ستایشانە دەڵێتەوە کەوا تۆ دەیڵێیت، دڵت هەست دەکات بە حەسانەوە و سەرزەنشت. ڕەنگە لە دڵەڕاوکێدا بیت سەبارەت بەوەی کە لە ڕووی سیاسییەوە لە وڵاتەکەتدا ڕوودەدات، بەڵام کاتێک وتاربێژ هاتنی مەسیح بە سەرکەوتن و ڕەوایەتییەوە ڕادەگەیەنێت، گوێت لێدەبێت ئەوانەی دەوروبەرت هاوار دەکەن و دەڵێن «ئامین»، بەم شێوەیە دێتەوە بیرت کە تۆ سەر بەو نیشتمانە ئاسمانییەیت کە باوەڕداران تێیدا هەمان هیوایان هەیە. ڕەنگە هەست بکەیت لە تاریکیدا بەردەوام بیت لە هەوڵدان، بەڵام ژن و مێردێکی بەتەمەن دەناسیت کە لە کاتی نانخواردنی نیوەڕۆدا بە مکوڕی و ڕاستگۆییەوە لێت دەپرسن: «چۆنیت؟»، لە کۆتاییدا ئەم دوو هاوسەرە بەرەو ڕووناکی ڕاتدەکێشن.

کاتێک کڵێساکە گریمانەیی بێت ناتوانرێت ئەزموونی هیچ کام لەمانە بکرێت؛ چونکە خودا ئێمەی وەک بوونەوەری جەستەیی و پەیوەندیدار دروستکردووە، وە ناکرێت ژیانی مەسیحی و ژیانی کڵێسا لە ئینتەرنێتەوە «دابەزێنرێت»، بەڵکو دەبێت ئەزموونی بکەین و چاودێری بکەین و ببیستین و بچینە ناویەوە و شوێنی بکەوین، بۆیە پۆڵسی نێردراو تیمۆساوسی قوتابی هاندا کەوا چاودێری خۆی و ژیانی و فێرکردن بکات بۆ ئەوەی خۆی و گوێگرانی ڕزگار بن (یەکەم تیمۆساوس ٤: ١٦).

سەیر نییە کەوا کڵێسای گریمانەیی یان ئۆنلاین هەتا دێت زیاتر جەماوەریتر دەبێت؛ چونکە گونجاو و ئاسوودەیە و با ڕاشکاوانە بڵێم کەوا ڕێگەمان پێدەدات خۆمان لە پەیوەندی پڕ لە ئاژاوە بەدوور بگرین، وە بە ئاسانی دەتوانین لێی ئامادە بین. چەندە فریودانێکی بەهێزە! کاتێک بێ هاوسەر بووم، چوومە شارێکی دیکە، نە دەچوومە کڵێسا و نە کەسیشم لەو شارەدا دەناسی. چەند ڕۆژێک لەدوای گەیشتنم، بیرۆکەیەک لە مێشکمدا سەریهەڵدا، دەتوانم بچمە دەرەوە و هەر شتێکم پێ خۆش بێت بیکەم، کەسیش لێرە نابینێت و نابیستێت و ناپرسێت چی دەکەم، ئەمەش شتێکی خۆشە. سوپاسی خودا دەکەم کەوا یەکسەر ڕۆحی پیرۆز سەرزەنشتی کردم و پێی گوتم: «ئایا دەزانی ئەو دەنگە لە کوێوە هاتووە؟ نەخێر، ئەو دەنگە ئاماژەیەکە ناکرێت پەیڕەوی لێ بکرێت». چ نیعمەتێکە! ئەو ڕۆژە ڕۆحی پیرۆز دڵی منی پشکنی، بە زۆری ڕۆحی پیرۆز خوشک و برایان لە کڵێسا بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدات لە کۆششکردن و زاڵبوون بەسەر تاقیکردنەوە و گەمژەییە جۆراوجۆرەکاندا.

ڕەنگە کۆبوونەوە لە کڵێسادا ناڕەحەت بێت، بەڵام پڕە لە خۆشەویستی.



9Marks Online PDF

پەیوەندییەکان نارێکن، بەڵام خۆشەویستییەکی بەربڵاویش هەیە، ڕەنگە گفتوگۆکان ترسناک بن، بەڵام خۆشەویستیش ترسناکە.

ئێمە ترسمان لەوە هەیە کە ئامانج لە هەنگاونان بەرەو کڵێسای گریمانەیی تەنهاکردنی ئایینی مەسیحی بێت. دەتوانین باسی دانایی بکەین لە بەکارهێنانی شێوازێکی لەو جۆرە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە دۆخە نائاساییەکاندا، وەک پەتای کرۆنا. بۆ نموونە شارە کەناراوەکانی ئەمریکا لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا نەیاندەتوانی ڕۆژانی یەکشەممە کۆببنەوە بەهۆی پچڕانی کارەبا کەوا لەلایەن حکومەتەوە سەپێندرابوو. وە ئەمەش شتێکی ئاسایی بوو. بەڵام پێشنیارکردن یان هاندانی کڵێسای گریمانەیی وەک بژاردەیەکی هەمیشەیی تەنانەت بە نیازێکی باشیشەوە زیان بە پرۆسەی بەقوتابیکردن دەگەیەنێت، هەروەها باوەڕداران ڕادەهێنێت بە دەستەواژەی خۆیی و سەربەخۆ بیر لە باوەڕەکەیان بکەنەوە، وە فێریان دەکات کە دەتوانن شوێن عیسا بکەون وەک ئەوەی ئەندام بن لە «خێزانی خودا» بەبێ ئەوەی فێربن مەبەست لێی ئەوەیە بەشێک بن لە خێزان و لە پێناویدا قوربانی بدەن.

کاتێک ئەمە لەبەرچاو دەگیرێت، پێویستە شوانەکان خەڵکی هان بدەن بۆ ئەوەی بەگوێرەی توانا لە «ئامادەبوون لە کڵێسا»ی گریمانەیی دوور بکەونەوە. ماوەیەکی کەم پێش ئێستا بە هاوپیرەکانم گوت: «برایانم، پێویستمان بەوەیە ڕێگایەکی باش بدۆزینەوە بەبیری برایانمان بهێنێتەوە کەوا بژاردەی پەخشی ڕاستەوخۆ بۆ ئەوان باش نییە، وە بۆ پرۆسەی بەقوتابیکردن و باوەڕیش باش نییە. ئێمە پێویستمان بەوەیە بۆیان ڕوون بێتەوە بۆ ئەوەی ئەگەر بۆیان کرا ئەوان بەم شێوەیە ڕازی نەبن و هەوڵ نەدەن و لەگەڵمان کۆنەبنەوە». وە کاتێک کتێبی پیرۆز ڕایسپارد کۆببینەوە، مەبەست ئەوە نەبووە کە ببێتە بارگرانی لەسەرمان (بڕوانە عیبرانییەکان ١٠: ١٠؛ یەکەم یۆحەنا ٥: ٣)، بەڵکو تاوەکو بۆ بەرژەوەندی باوەڕ و خۆشەویستی و خۆشیمان بین.

## باڵیۆزخانەی ئاسمان

ئێمە ئەم بابەتە بە بەراوردکردنی کۆبوونەوەکانی کڵێسا لەگەڵ نارەزایەتییە سیاسییەکان دەستپێکرد، بەڵام لە بەشەکانی دیکە بابەتێکی دیکە دەخەینە ڕوو کە یارمەتیدەرمان دەبێت لە بەراوردکردنی کڵێسای کۆبووەوە بە باڵیۆزخانەی ئاسمان.



9Marks Online PDF

باڵیۆزخانـە شـوێنێکە کـە وڵاتێـک بـە فەرمـی پەسـەندی دەکات لـە سـنوورەکانی خۆیدا هەبێت بۆ بەرژەوەنـدی وڵاتێکی دیکـە. ئـەم شـوێنە نوێنەرایەتـی وڵاتێکی بیانـی دەکات، بـە نـاوی حکومەتەکەیـەوە قسـە دەکات و نوێنەرایەتـی دەکات. بـۆ نموونـە، ئەگـەر سـەردانی واشـنتۆنی پایتەخـت بکەیـت، دەتوانیـت لـەوێ بـە ڕیـزی باڵیۆزخانەکانـدا بڕۆیـت، باڵیۆزخانەکانـی هەمـوو جیهـان لـە ڕیـزی یەکـتر دەبینیـت، هەروەهـا ئـاڵای ژاپـۆن و بەریتانیـا و ئیتالیـا و فینلانـد دەبینیـت، هـەر باڵیۆزخانەیـەک نوێنەرایەتـی وڵاتێـک لـە جیهـان و حکومەتەکـەی دەکات. وە ئەگـەر بچیتـە نـاو یەکێـک لـەم باڵیۆزخانانـە، گوێـت لـە زمانـی ئـەو وڵاتـە دەبێـت کـە باڵیۆزخانەکـە نوێنەرایەتـی دەکات، وە کاتێـک مامەڵـە لەگـەڵ کارمەندەکانـی دەکەیـت کەلتـوری ئـەم وڵاتـە دەزانیـت، ئەگـەر بەشـداری ژەمـی ئێـوارە لـە باڵیۆزخانەکـە بکەیـت، ئـەوا دەزانیـت تامـی خواردنـە بەناوبانگەکانـی ئـەو وڵاتـە چۆنـە، ئەگـەر خـۆت بخزێنیتـە نـاو ئۆفیسـەکانی پشـتەوە، کارە دیپلۆماسـییەکانی دەزانیـت.

مەبەسـت لـە کڵێسـای کۆبـووەوە چییـە؟ باڵیۆزخانـەی ئاسـمانە. پێویسـتە چـی بدۆزیتـەوە کاتێـک دەچیتـە نـاو کڵێسـاکەتەوە یـان کڵێسـاکەمان؟ نەتەوەیەکـی تـەواو جیـاواز دەبیـت، نامـۆ و میـوان و هاوڵاتیانـی شانشـینی مەسـیح دەبینیـت. لەنـاو ئـەم کڵێسـایانەدا، گوێـت لـە قسـەکانی پاشـای ئاسـمان دەبێـت کـە ڕادەگەیەنرێـت، هەروەهـا گوێـت لـە زمانـی ئاسـمان دەبێـت کـە بـاوەڕ و هیـوا و خۆشەویسـتی پشـتڕاسـت دەکاتـەوە، هەروەهـا تامـی خوانـی ئاسـمانی دەکەیـت کـە لـە کۆتایـی زەمانـدا لەگەڵیـدا دادەنیشـین کـە لـە ئێوارەخوانـی پـەروەردگار ئەندامانـی کڵێسـا دەیخـۆن، وە تـۆ بەرپرسـیار دەبیـت لـە کارە دیپلۆماسـییەکانی ئاسـمان؛ لەبـەر ئـەوەی تـۆ بانگهێشـت کرایـت بـۆ ئـەوەی ئینجیـل بـۆ نەتەوەکـەت و هەمـوو گەلانـی دیکـە جاڕ بدەیـت.

هـەر هێنـدە نییـە، بەڵکـو دەبێـت سـەرەتا ئەزموونـی کەلتـوری ئاسـمان بکەیـت؛ لەبـەر ئـەوەی هاوڵاتیانـی ئاسـمان لـەم باڵیۆزخانەیـەدا لـە ڕۆحـدا هـەژارن، وە نـەرم و نیانـن. لەبـەر ئـەوەی شـوێنی مەسـیح کەوتـوون، ئـەوان برسـی و تینـووی ڕاستودروسـتین، دڵپاکـن، ئاشتیسـازن، ئەگـەر لـە لا ڕومەتێکیـان بدرێـت لایەکـەی دیکـە ڕادەگـرن، میلێکـی دیکـە لەگـەڵ دەڕۆن، ئەگـەر پێویسـت بـکات عەبـا و چاکەتەکەیـان دەدەن، چاویـان لـە ژنـان نییـە، گوناهـی داوێنپیسـی ناکـەن و ڕقیـان لێیەتـی و ناکـوژن.

عیسـا داوای لـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان و دادگای بـاڵا و بەشـی فەلسـەفەی زانکۆیـەک نەکـردووە کـە نوێنەرایەتـی بکـەن و بڕیارەکانـی ڕابگەیەنـن، بەڵکـو داوای لـە خەڵکـی


9Marks Online PDF

سـاده و سـاكار كـرد ئـەم كاره بكـەن. ئەمـەى بـە ڕوونـى دەرخسـت كاتێـك داواى لـە كڵێسـاكەى ئێمـە و تـۆ كـرد نوێنەرايەتـى ئـەو بكـەن.

بەداخـەوە كڵێسـاكانمان هەميشـە ئاسـمان ڕاناگەيەنـن، هەروەهـا بە باشـى بەرجەسـتەى ناكـەن. بەڵكـو زۆرجـار بێـزارت دەكات و قسـەى بێهەسـت دەكات، بێهيـوات دەكات و هەڵـەت دەرهـەق دەكات. كۆبوونەوەكانمـان تەنهـا نيشـانە و مـژدەى ئـەم كۆبوونـەوە ئاسـمانييەن كـە لـە داهاتـوودا ڕوودەدات، هـەروەک چـۆن ئـەو پارچـە نانـە بچووكانـەى لـە ئێوارەخوانـى پـەروەردگاردا دەيخۆيـن نيشـانەى خوانـى ئاسـمانين. ئەوانـە هێـما و نيشـانەن نـەک خـودى شـتەكان. بـەڵام ئێمـە پەرۆشـى ئەوەيـن ئاراسـتەت بكەيـن بـۆ كرۆكـى ئاسـمان، واتـا بـۆ خـودى عيسـا كـە گوناهـى نەكـردووە و كـەس بـێ هيـوا نـاكات. مـژدەى خـۆش ئەوەيـە كـە هەمـوو گوناهبـاران دەتوانـن لـەم ئەركـەدا بێنـە پاڵـمان، ئەگـەر دان بـە گوناهەكانيانـدا بنێـن و شـوێن عيسـاى پـەروەردگار بكـەون.



9Marks Online PDF

# بەشی چوارەم

## بۆچی وتار و فێرکردن دوو شتی زۆر گرنگن؟

نووسینی: کۆڵن هانسن

کڵێسا کۆمەڵێک لە باوەڕدارە

↓

**کە وەک باڵوێزخانەی مەسیح لەسەر زەوی کۆدەبنەوە و نوێنەرایەتی شانشی ئاسمان دەکەن**

↓

**بۆ جاڕدانی هەواڵی خۆش و ڕاسپاردەکانی مەسیحی پاشا**

↓

لەپێناو یارمەتیدانی یەکتر وەک ئەو هاونیشتیمانیانەی کە سەر بە عیسان بە جێبەجێکردنی ئەرکەکان

↓

بۆ ئەوەی پیرۆزی و خۆشەویستی خودا دەربخەن

↓

بەهۆی گەلێکی یەکگرتوو و جۆراوجۆر

↓

لە سەرانسەری جیهان

↓

بە پەیڕەوکردنی فێرکردنەکانی پیران و نمونەکانیان



9Marks Online PDF

چـی مـاف بـە هـەر وتاربێـژێـک دەدات کـە هەفتانـە لانیکـەم نیـو کاتژمێـر ڕابوەسـتێت و بانگەشـەی ئـەوە بـکات کـە بەنـاوی خـوداوە قسـە دەکات؟ هیـچ سـەرۆک وڵاتێـک ناتوانێـت شـانازی بـەم دەسـەڵاتەوە بـکات، وە هیـچ کەسـیش پێـی وا نییـە کـە مامۆسـتای بیـرکاری یـان ئـەدەب شـایەنی ئـەم ئیمتیازەیـە. لـەم ڕۆژانـەدا بـە بەردەوامـی چەنـدە قسـەی ئـاوا دەبیسـتین؟ ئـەوەی ڕۆژێـک لـە ڕۆژان وەک ئامـرازی کات بەسـەربردنی گەشـتیاری جیهانـی کـۆن بەناوبانـگ بـوو، ئەمـڕۆ بـە دەگمـەن لـە هیـچ شـارێکدا بینـەر بـۆ لای خـۆی ڕادەکێشـێت، پێویسـت نـاکات بڵێیـن ئەمـڕۆ ڕێگـە خۆشـکردن بـۆ پیشـەیەکی قازانجبەخـش لـە قسـەکردن لەبـەردەم خەڵکـدا زەحمەتـە.

وتاربێـژەکان دەسـەڵات و زانسـتێکی بـاڵا یـان دەسـەڵاتی سیاسـی یـان قسـەکردنێکی گەشەسـەندوویان نییـە، بەڵکـو ئـەوان تەنهـا لـە وشـەی خـوداوە دەسـەڵات وەردەگرن. پۆڵسـی نێـردراو بـە تیمۆساوسـی قوتابییـە گەنجەکـەی گـوت: «وشـەی خـودا ڕابگەیەنـە، ئامـادە بـە لـە کاتـی گونجـاو و نەگونجـاو، خەڵکـی ڕاسـتەڕێ بکـە، سەرزەنشـت بکـە و ورەیـان بـەرز بکـەرەوە، بەوپـەڕی پشـوودرێژی و هەوڵـی فێرکـردن» (دووەم تیمۆسـاوس ٤: ٢).

وتاربێـژەکان دەسـەڵاتی هەڵسـەنگاندنی نوێتریـن زنجیـرەی «نێتفلێکس»یـان نییـە. وە هیـچ دەسـەڵاتێکیان نییـە بـۆ پێشـنیارکردنی چێشـتخانەیەک، هەروەهـا هیـچ دەسـەڵاتێکیان نەدەبـوو ئەگـەر بیرۆکەکانیـان لەسـەر ئـەو تیۆرییـە پیلانگێڕییـەی کـە لـە فەیسـبووک بینیویانـە باسـی بکـەن. ڕەنگـە چەنـد خاڵێکـی بـاش، سـەرنجڕاکێش، یـان شایسـتە پێشـنیار بکـەن؛ ڕەنگـە هەندێـک ئامـۆژگاری بـاش بـدەن ئەگـەر پێویسـتت بـە کارێـک هەبێـت، یـان یارمەتیـت بـدەن بـۆ دۆزینـەوەی کارێـک، بـەڵام هیـچ دەسـەڵاتێکی تایبەتیـان نییـە بـۆ قسـەکردن لەبـری خـودا تەنهـا ئـەوە نەبێـت کاتێـک بانگەشـەی وشـەی خـودا دەکـەن.

عیسـا گەورەتریـن و باشـترین وتاربێـژ و مزگێنیـدەرە، هیـچ کەسـێک ناتوانێـت پەیامێکی باشـتری هەبێـت لـە وتـاری چیـای ئـەو کـە ڕاسـتی و دەسـەڵاتەکەی هەتـا ئەمـڕۆش ژیـان دەگـۆڕێـت و دەجووڵێـت، بـەڵام کاریگـەری لەسـەر گوێگرانـی ڕەسـەن دروسـتکردووە لەبەر ئـەوەی جیـاوازە لـەوەی لـە مامۆسـتایانەوە دەیبیسـتین. مەتـا پێمـان دەڵێـت: «کاتێـک عیسـا ئـەم وتانـەی تـەواو کـرد، خەڵکەکـە لـە فێرکردنەکـەی سەرسـام بـوون، چونکـە وەک دەسـەڵاتدارێک فێـری دەکـردن، نـەک وەکـو مامۆسـتایانی تـەورات» (مەتـا ٧: ٢٨ – ٢٩).

مامـەکان مامۆسـتای فەرمـی گەلـی عیبرانـی بـوون. بۆچـی خەڵکـی ڕێزیـان لـە



9Marks Online PDF

دەسـەڵاتی ئـەوان نەدەگـرت؟ لەبـەر ئـەوەی ئـەوان بـە گوێـرەی بیرکردنـەوەی خەڵکەکـە فێریـان دەکـرد، هەروەهـا یاسـا گونجاوەکانـی خۆیـان بـۆ شـەریعەتی خـودا زیـاد دەکـرد. بـەڵام لەبـەر ئـەوەی عیسـا خـودی خودایـە، بـە دەسـەڵاتەوە فێـری کـردن؛ ئـەو کەسـەیە کـە شـەریعەتی دانـاوە و بـە تـەواوی گوێڕایەڵـی بـووە.

لەگـەڵ دۆزینـەوەی کڵێسـادا، ئێمـە بـەدوای دەسـەڵاتی خوداییـدا دەگەڕێیـن، نـەک تەنهـا دانایـی مرۆڤانـە. ئێمـە لـە ئێسـتادا ئەوەنـدە دانایـی مرۆڤانەمـان هەیـە کـە هەتـا ئێسـتا کـەس بـەو شـێوەیە بەرفراوانـە دەسـتی پـێ نەگەیشـتووە. لەوانەیـە تێبینـی ئـەوەت کردبێـت کـە کتێبەکانـی گەشـەپێدانی کەسـیی پڕفرۆشـترینی کتێبەکانـە، هـەروەک چـۆن پۆدکاسـتەکانی دیجیتاڵـی بەڵێـن دەدەن کـە باشـترین بـن. لـە ڕاسـتیدا، هەرگیـز ناگەیتـە ئـەو ئاسـتەی تـۆڕی ئینتەرنێـت بتوانێـت پێشکەشـی بـکات، بۆیـە ئـەو کڵێسـایەی کـە دانایـی مرۆڤانـە پێشـکەش دەکات ڕووبەڕووی کێبڕکێیەکـی تونـد دەبێتـەوە. بۆچـی گـوێ لـە قەشـەیەکی ناوخۆیـی بگریـت لەبـری ئـەوەی لـە کەناڵێکـی یوتیـوب بەشـداری بکەیت؟ بۆچـی بەرەبەیانـی یەکشـەممە زوو لەخـەو هەڵدەسـتین لەبـری ئـەوەی تەماشـای ئـەو بەرنامـەی هەواڵـە بکەیـن کـە میوانـداری سیاسـەتمەدارە بەهێـزەکان دەکات؟

ئێمـە هەمـوو هەفتەیـەک لەگـەڵ کڵێسـا کۆدەبینـەوە چونکـە لـەوێ گـوێ لـە خـودای پاشـا دەگریـن، هەروەهـا گوێمـان لـەو مـژدە و ئامۆژگارییانـە دەبێـت کـە بـۆ ژیانمـان پێشکەشـی دەکات، هەروەهـا هـەر جارێـک کتێبـی پیـرۆز دەکەینـەوە گوێـی لێدەگریـن، بـەڵام لـە هـەر کۆبوونەوەیەکـی هەفتانـەدا پێکـەوە گوێـی لێدەگریـن، لەوێـدا وەک گەلـی ئـەو ژیانمـان دادەڕێژێتـەوە. کەواتـە وتـار و فێرکـردن دوو شـتی بنەڕەتیـن لـە کۆبوونەوەکانی کڵێسـاکەمان. سـەرنجی کۆبوونەوەکانمـان لەسـەر وشـەی خـودا پـەرە بـەو کەلتـوورە ئاسـمانییە دەدات کـە دەبێـت وەک گەلێکـی بەڕێـز هەمانبێـت بـۆ ئـەوەی ئێمـەش لـە بەرامبـەردا بتوانیـن خـوێ و ڕووناکـی بیـن لـەو شـار و گەلانـەی کـە تێیـدا دەژیـن.

دەتوانیـت بـە یارمەتـی ڕۆحـی پیـرۆز دانایـی خودایـی ڕابگەیەنیـت کاتێـک گوێـت لێـی دەبێـت. وە ئـەم داناییـە وەک دانایـی مرۆڤانـەی مامۆستاکان و خزمەتـکارە خۆشـەویستەکانە نییە کـە لـە سۆشـیال میدیـا و لـە لیسـتی پڕفرۆشـترین کتێبەکانـدان. بـە دڵنیاییـەوە، دەسـەڵاتی وتاربێـژ هەمـوو ئـەو شـتانە دەگرێتـەوە کـە خـودا فەرموویەتـی، بـەڵام لـەوە تێناپەڕێـت کـە خـودا فەرموویەتـی. ڕەنگـە وتاربێـژ تاوانبـار بـن بـە گوتنـی زیاتـر یـان کەمتـر لـەوەی خـودا فەرموویەتـی، ئەمـەش واتـا کتێبـی پیـرۆز بنەمایـە، بـەڵام هەروەهـا مـەودای وتاردانـە.

زۆر جـار مـارک دیڤـەر کاری وتاربێـژی بـەراورد دەکات بـە کاری پۆسـتەچی کـە بەپـێ ناچێتـە بەردەرگاکـەت، پۆسـتەکەت ناکاتـەوە، هیـچ تێبینیـەک زیـاد دەکات، زەرفەکـە دووبـارە مـۆر ناکاتـەوە، ئینجـا نامەکـە بخاتـە نـاو سـندوقی پۆسـتەکەتەوە، بـەڵام پۆسـتەچی بـە سـادەیی نامەکـە دەگەیەنێـت. بـۆ وتاربێژیـش بـە هەمـان شـێوەیە؛ وشـەکە یارمەتیدەرمانـە بـۆ جیاکردنـەوەی دەسـەڵاتی گونجـا و دروسـتی وتاربێـژ چونکـە تەنهـا دەسـەڵاتی گەیاندنـی پۆسـتەکەی هەیـە، هیچـی زیاتـر نـا.

پەروەردەکارانـی گەشـەپێدانی کەسـیی هیـچ دەسـەڵاتێکیان نییـە؛ چونکـە ئـەوان بەرژەوەندییەکـی تایبەتیـان هەیـە کـە ئـەوەت پـێ بڵێـن کـە تـۆ دەتەوێـت بیبیسـتت، ئەگینـا تـۆ بەرهەمەکانیـان ناکڕیـت، هەروەهـا لـە بەرنامەکانیـان بەشـدار نابیـت. ئـەم جـۆرە زانایانـە وشـەی خـودا تێدەپەڕێنـن، بانگەشـە بـۆ دەسـەڵاتێک دەکـەن کـە نییانـە، هەوڵـدەدەن ویژدانـت سـنووردار بکـەن لەسـەر ئـەو بابەتانـەی کـە تەنهـا بـە کتێبـی پیـرۆز چارەسـەر ناکرێـت، لەوانەیـە هەوڵبـدەن پێـت بڵێـن کـە پێویسـتە یـاوەری کـێ بکەیـت یـان لـە هەڵبژاردنەکانـدا دەنـگ بـە کـێ بدەیـت یـان لـە کوێـدا نـاوی منداڵەکانتـان لـە قوتابخانـە تۆمـار بکەیـت، یـان ئـەو جلوبەرگانـەی کـە دەربڕینـی خوداپەرسـتین. لـە هەمـوو ئـەم شـتانەدا، ڕەنگـە بـە دروسـتی داناییـت پێبـدەن، بـەڵام نابێـت ئامـۆژگاری بـاش لەگـەڵ دەسـەڵاتی خودایـی یەکسـان بکەیـن؛ وتـار شـوێنێک نییـە بـۆ ڕامانـی مرۆڤانـە بەڵکـو دەسـەڵاتی خوداییـە.

## پەروەردگار ئەمەی فەرموو

تێبینـی دەکەیـن لـە سەرانسـەری پەیمانـی کۆنـدا کـە پێغەمبـەران ئـەو دەسـتەواژەیە دووبـارە دەکەنـەوە: «پـەروەردگار ئەمـەی فەرمـوو»، ئـەوان بـە دەسـەڵاتەوە قسـەیان کـردووە، چونکـە خـودا پەیامەکـەی پـێ سـپاردوون، ئیـتر بەنـاوی ئـەوەوە قسـەیان کـردووە. ئەمـەش واتـا پێغەمبـەران هەمیشـە ئـەو شـتانەیان نەگوتـووە کـە خەڵکـی دەیانویسـت بیبیسـتن. لـە ڕاسـتیدا، ئـەوە بـاو بـووە کـە پاشـاکان سـزای پێغەمبەرێـک بـدەن کاتێـک پێغەمبەرەکـە بـە دڵـی ئـەوان قسـەی نەکـردووە.

بـۆ نموونـە، پاشـا سـدقیا ڕێگـەی دا یەرمیـا پێغەمبـەر فـڕێ بدرێتـە چاڵێکـەوە، لـەوێ بەجێـی هێشـت هەتـا لـە برسـێتیدا بمرێـت (یەرمیـا ٣٨: ٩). بۆچـی پاشـا ئەمـەی کـرد؟ چونکـە یەرمیـای پێغەمبـەر بـە گەلـی ئۆرشـەلیمی گـوت کـە کلدانییـەکان دەیانکـوژن


9Marks Online PDF

ئەگەر لە شارەکەدا بمێننەوە. بێگومان یەرمیا لە قسەکەی ڕاستی دەکرد، بەڵام پاشا و سەرکردەکانی سوپا نەیانویست ئەمە ببیستن (یەرمیا ٣٨: ٢ - ٤)، وە ئەم پێغەمبەرەیان تاوانبار کرد بۆ ئەوەی گوێ لە پەیامەکەی نەگرن، وە پێیان باشتر بوو گوێ لەو پێغەمبەرە درۆیینانە بگرن کە درۆیان پێدەگوتن بۆ ئەوەی دڵنەواییان بدەن. بەڵام خودا بەم درۆیانە دڵخۆش نەبوو، بۆیە پێی فەرموون: «ئەوەتا من زەقنەبووتیان دەرخوارد دەدەم و ئاوی ژەهراوییان پێ دەنۆشم، چونکە لەلای پێغەمبەرەکانی ئۆرشەلیمەوە گڵاوی بۆ هەموو زەوی بڵاو بووەوە.» (یەرمیا ٢٣: ١٥).

سەرباری ئەوەش، خودا لە ڕێگەی حزقیێلی پێغەمبەرەوە سەرزەنشتی ئەو سەرکردانە یان شوانانەی کرد کە درۆیان لەگەڵ گەل دەکرد، لە کاتێکدا دەبووا منداڵەکانی ئەو گەلە بپارێزن، پێی فەرموون: «قوڕبەسەر شوانەکانی ئیسرائیل، ئەوانەی هەر خەریکی خۆیانن، ئایا نابێت شوانەکان مێگەل بلەوەڕێنن؟» (حزقیێل ٤٣: ٢-٣).

ئەم جۆرە ئەزموونانە لە کاتی دۆزینەوەی کڵێسادا هۆشداریمان پێدەدەن، ئێمە مەیلی ئەوەمان هەیە بەدوای ئەو ڕابەرانەدا بگەڕێین کە ئەو شتەمان پێدەڵێن کە دەمانەوێت بیبیستن، وە ڕابەرانیش مەیلیان هەیە ئەو شتانە بە خەڵک بڵێن کە دەیانەوێت؛ چونکە ئاسانترە بەم شێوەیە بژێوی ژیانت دابین بکەیت، بەجۆرێک وا دیارە وتاربێژان بە هەموو ئازایەتی و بوێرییەکەوە ڕاستییەکان دەڵێن لە کاتێکدا تەنها بە توندی قسە لەسەر کەسانی دەرەوەی کڵێساکەیان دەکەن. پێدەچێت ئەوان بوێرییان هەبێت، بەڵام ڕووبەڕووی ئەو کەسانە نابنەوە کە پارەیان پێدەدەن بۆ بژێوییان.

لە ڕاستیدا، ڕەنگە ئەمە گەورەترین ئالنگاری بێت کە زۆربەی وتاربێژان ڕووبەڕووی دەبنەوە. چۆن دەتوانن بانگەشەی کتێبی پیرۆز بکەن و هیچی دیکە بەبێ ئەوەی هەست بە سووکایەتی بکەن؟ چۆن دەتوانن قسەی سەخت و دروست بە کەسانێک بڵێن کە جڵەوگیری بژێوی ژیانیان دەکەن، وە دەتوانن خۆیان و خێزانەکانیان لە ماڵ و کۆمەڵگاکانیان دەربکەن؟

## خۆت فێری وشەکە بکە

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ئەزموونەی وتاربێژان تووشی دەبن، گرنگە ئامادە بین گوێ لە وشەکە بگرین و گرنگی پێ بدەین تەنانەت ئەگەر هەموو کاتێک حەزیشمان لێی

نەبێت، یان لە سەرەتادا لەگەڵیدا هاوڕا نەبین. کاتێک دووبارە کڵێساکە دەدۆزیتەوە، تۆ بەدوای وتاربێژێکدا دەگەڕێیت کە وات لێناکەن پشتیان پێ ببەستیت بۆ بیرۆکەی شاراوەی نێو کتێبی پیرۆز، بەڵکو نیشانت دەدەن چۆن خۆت فێری وشەکەش بکەیت.

بە دڵنیاییەوە باشترین وتاربێژان وات لێناکەن سەرسام بیت بە لێهاتووییەکانیان، بەڵکو شکۆمەندی خودا نیشان دەدەن وەک ئەوەی لە وشەی پیرۆزدا دەیبینیت. کاتێک خودا بەم شێوەیە دەبینیت، حەز دەکەیت هێندەی دەتوانیت لێی فێر بیت، خۆت زیاتر خولیای خوێندنەوە و جێبەجێکردنی وشەکە دەبیت، پاشان دەچیتە ناو بازنەیەکی کاریگەر لە هاوبەشکردنی. هەتا وتاربێژان زیاتر یارمەتیت بدەن بۆ زانین و خۆشویستنی وشەکە، زیاتر تامی دەکەیت و وتارەکە دەوڵەمەندترە بە بابەتی فیکری.

ئەم پەیوەندییە لە نێوان وتاربێژان و ئەندامانی کڵێسادا کلیلی هەر کڵێسایەکی ڕاستەقینەیە؛ چونکە لە کڵێسادا یەک مامۆستا نییە، بەڵکو هەموومان هەتا ڕادەیەک بانگکراوین بۆ فێرکردنی وشەکە. بۆ نموونە، هەموو پیران نەک تەنها وتاربێژێک، پێویستە وەک بەشێک لە ئەرکی ڕابەرایەتییان مامۆستا بن (یەکەم تیمۆساوس ٣: ٢)، وە باوکان پێویستە منداڵەکانیان فێری وشەکە بکەن (دواوتار ٦: ٧)، وە ژنە بەتەمەنەکان پێویستە ژنانی گەنج فێر بکەن (تیتۆس ٢: ٣- ٥).

بەلانی کەمەوە بەهۆی چوار جوڵەوە بیر لە کاری وشەکە بکەوە لە کڵێسا: (١) وتاربێژ هەموو کڵێسا فێری وشەکە دەکات (٢) ئەندامانی کڵێسا وەڵامی دەدەنەوە و وشەی خودا دەخەنە ناو دەم و دڵیانەوە بە گۆرانی ڕۆحی و نوێژی بەکۆمەڵ (٣) هەموو ئەندامانی کڵێسا خۆیان فێری وشەکە دەبن (٤) ئەندامانی کڵێسا یەکتری فێری وشەکە دەکەن بۆ نەوەی داهاتوو، ئەمەش واتا هەموو ئەندامێکی کڵێسا بانگ کراوە بۆ ئەوەی ببێتە قوتابی و هەروەها مامۆستاش بۆ وشەکە.

بەم تێڕوانینە بۆ وشەکە، کڵێساکان خۆیان لە یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی ئەمڕۆ دەپارێزن، کە نووسەرانی کتێبی پیرۆز پێشبینی دەکەن و بۆ خۆیان بەرگەیان گرتووە. پۆڵسی نێردراو بە تیمۆساوسی قوتابی گوت کە باوەڕدارانی ئەفەسۆس ئاگادار بکاتەوە و بڵێت: «گوێ نەدەنە ئەفسانە و ڕەچەڵەکی بێ کۆتایی، چونکە دەمەقاڵەی لێ دەکەوێتەوە، لەبری پلانی خودایی کە لە باوەڕەوەیە» (یەکەم تیمۆساوس ١: ٤). وە لە دووەم نامەی پۆڵسدا بۆ تیمۆساوس، پۆڵس هۆشداریشی داوە: «چونکە کاتێک دێت


9Marks Online PDF

خەڵـک بەرگـەی فێرکردنـی دروسـت ناگـرن، بەڵـکو بەگوێـرەی ئـارەزووی تایبەتـی خۆیـان ماموٚسـتا کۆدەکەنـەوە تاکـو ختووکـەی گوێیـان بـدات. بـۆ ڕاسـتی گوێیـان دادەخـەن، بـۆ ئەفسـانە لادەدەن» (دووەم تیموٚسـاوس ٤: ٣-٤). بـەم شـێوەیە دەبینیـن کـە کڵێسـایەک سـەرنجی لەسـەر وشـەکە بێـت، ئەندامەکانـی کەمـتر نیگـەران دەبـن بـۆ «هەوەسـەکانیان»، ڕواڵەتێـک لـە زانیـن بـەڵام گەمژەیـی، وەک ئـەوەی ڕەنگـە پۆڵسـی نێـردراو پێشـبینی کردبێـت کـە شـەیتان خـۆی ئینتەرنێتـی داهێنـاوە، وە وەک ئامرازێـک بـەکاری دەهێنێـت بـۆ دابەشـکردن و سـەرقاڵکردنی کڵێسـاکان.

بیـر لـەو ئالنگارییـە گەورەیـە بکـەرەوە کـە ڕووبـەڕووی وتاربێـژ دەبێتـەوە لـە کاتـی کەرەنتینـدا کـە لـە هەندێـک شـوێنی جیهـان ڕوودەدات. لەوانەیـە وتاربێـژ هەفتانـە پێویسـتی بـە چـل و پێنـج یـان تەنانـەت شەسـت خولـەک هەبێـت لـە سەرنجڕاکێشـانی تـۆ ئەگـەر تـۆش سـەرنجت دابەش نەبێـت لەسـەر منداڵەکانـت و خەواڵوویـی و کورتەنامەکاندا کـە لەسـەر شاشـەی موٚبایلەکـەت دەردەکـەون لەکاتێکـدا هەوڵدەدەیـت لـە ماڵەکەتـدا تەماشـای وتارەکـە بکەیـت. بـەڵام پێدەچێـت سـۆشـیال میدیـا و کورتـە ڤیدیـۆ و فایلـە دەنگییـەکان زاڵ بـن بەسـەر هەمـوو سـاتێکی بەتاڵـدا جگـە لـە کارکـردن و لێخوڕیـن و خەوتـن. سـەیر نییـە کـە کڵێسـاکانمان شکسـتیان هێنـاوە لـە تێگەیشـتن و مامەڵەکـردن لەگەڵیـدا، چونکـە ئێمـە پێشـینەیی نادەیـن بـە هەمـان لاپەڕەکانـی کتێبـی پیـرۆز. ڕوونـە کـە ئـەو کڵێسـایانەی لـەدوای پاشـەکشـەی «کۆڤیـد-١٩» بەهێزتـر سـەرهەڵدەدەن ئەوانـە دەبـن کـە جیـاوازی دەکەیـن لـە نێـوان وشـەی خـودا کـە بەهێـز جاڕدەدرێـت لەگـەڵ وشـە بێشـومارەکانی دیکـە، وە کێبڕکـێ دەکـەن بـۆ ئـەوەی وردە وردە سـەرنجمان کـەم ببێتـەوە.

## پێناسەی وتاری باش چییە؟

لەگـەڵ دۆزینـەوەی کڵێسـاکەدا، ڕەنگـە ڕووبـەڕووی کۆمەڵێـک شـێواز و مـاوەی وتـاری جۆراوجـۆر ببیتـەوە، وە لـە کتێبـی پیـرۆزدا هیـچ شـێوازێکی ڕوون بـۆ وتـار نادۆزیتـەوە؛ لەبـەر ئـەوەی تـەواوی کتێبـی پیـرۆز لـە خـوداوە سروشـی لـە خـوداوە هاتـووە. بـەڵام هێشـتا دەتوانیـت بیرۆکەیـەک لـە کەسـایەتییە جیاوازەکانـی ئـەو نووسـەرانە وەربگریـت کـە کتێبـی پیرۆزیـان نووسـیوە؛ نووسـینەکانی پۆڵـس وەک نووسـینی پەتـرۆس نیـن، هەروەهـا جیـاوازن لـە نووسـینەکانی یۆحەنـا. لەوانەیـە پێـت بـاش بێـت وتـاری تـۆ بـە جـۆش و خـرۆش و بەسـۆز بێـت، وە ڕەنگـە پێـت بـاش بێـت کـە وتارێـک پێشـکەش بکەیـت


9Marks Online PDF

چەندین ئاماژە لە ئاماژەکانی زمانی عیبری و یۆنانی لەخۆ بگرێت. وە ڕەنگە خودا یەکێک یان هەردوو ڕێگاکە لە هەمان وتاردا بەکاربهێنێت بۆ پاڵنەرمان بۆ کاردانەوە لەگەڵ خۆشەویستی و گوێڕایەلی.

هەروەها لەوانەیە گوێت لە وتاربێژان بێت کە مشتومڕ دەکەن ئایا وتارەکە بابەتی بێت یان ڕوونکردنەوە، هەروەها ڕەنگە هەندێک بارودۆخ پێویستیان بە وتاری بابەتیی هەبێت وەکو ئەوەی سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، پەتایەکی جیهانی، یان نادادپەروەری ڕەگەزی. لێرەدا سێ بابەت دەهێنینەوە کە لەم دواییانەدا جێگەی سەرنجن، بەڵام زۆرێک لە بابەتەکان مەترسی سنووردارکردنی هێزی وتاربێژان و دوودڵییان لە دەستکاریکردنی واتای کتێبی پیرۆز بۆ ئەوەی خاڵەکەیان بخەنە ڕوو. ئێمە پێمان وایە باشترە شێوازێکی بەردەوام لە وتاری ڕوونکردنەوە لە کڵێسادا هەبێت، کە دەقەکە لێکدەداتەوە و ئەو خاڵە دەخاتە ڕوو کە دەقی کتێبی پیرۆز دەیخاتە ڕوو ئەو پەیامەیە هەروەک وتاربێژێک هەیە دەڵێت کە پۆڵس فەرمانی بە وتاربێژان کردووە نەک تەنها وتار بدەن، بەڵکو وشەکە ڕابگەیەنن.

لە وتاردا، کە هەفتە بە هەفتە لە نێوان ئایەت و بابەتەکانی کتێبی پیرۆزدا دەگەڕێت، خودا شتەکان جڵەوگیر دەکات نەک وتاربێژ ئەو کەسەیە کە پلانەکە دادەنێت. لەبیرت بێت وتاربێژ ئەو پۆستەچییەیە کە پۆستەکە دەگەیەنێت. «لەم هەفتەیەدا فێر دەبین کە خودا دەیەوێت چیمان فێر بکات لە بەشی یەکەمی نامەی ڕۆما، وە لە هەفتەی داهاتوو فێری ئەوە دەبین کە لە بەشی دووەمی نامەی ڕۆما هاتووە، هەفتەی دوای ئەوەش سەرنج دەخەینە سەر بەشی سێیەمی نامەی ڕۆما». کاتێک بەم شێوەیە گوێمان لە کتێبی پیرۆز دەبێت، بۆمان دەردەکەوێت کە پلانی خودا بە وردی لەگەڵ پلانی ئێمەدا هاوڕا نییە. بۆ نموونە، ڕەنگە نامەی ڕۆما شتگەلێکی تێدابێت کە وتاربێژ هەست ناکات حەزی لێی بێت باسی بکات، بەڵام لە بارودۆخەکەدا پەیامێک لە خوداوە دەبینێت کە داوای لێدەکات لەگەڵ کەسانی دیکەدا باسی بکات.

لە کۆتاییدا، ئایا دەمانەوێت پەیڕەوی لە پلانی خودا بکەین یان پلانی خۆمان؟ چونکە ڕێگا و بیرکردنەوەکانی خودا بەرزتر و باشترن لە بیرکردنەوەکانی ئێمە (ئیشایا ٥٥: ٩). پێویستە ئاماژەکانمان لە خوداوە وەربگرین نەک لە جیهانەوە. بە دڵنیاییەوە شتێکی تایبەت ڕوودەدات کاتێک گوێت لە ڕۆحی پیرۆز دەبێت قسەی خودا دەکات


9Marks Online PDF

کاتێک وا دەردەکەوێت وتاربێژەکە هەوڵ دەدات ئەوەی هەفتەی ڕابردوو تەواو بکات کە لێی ڕاوەستاوە.

کاتێک دووبارە کڵێسا دەدۆزیتەوە، بە ئەگەرێکی زۆرەوە ڕووبەڕووی ئەو مشتومڕە دەبیتەوە کە سەبارەت بە وتارە تۆمارکراو و ڕاستەوخۆ و کەسییەکان هەیە. ساڵانێک لەمەوبەر، لەگەڵ وتاربێژێکی بەهرەمەندی تایبەت گفتوگۆیەکم کرد، کە دەبووا کەسێکی کۆمیدی سەرکەوتوو بێت. لە ڕاستیدا، ئەم وتاربێژە هونەری کۆمیدیای خوێندبوو بۆ ئەوەی فێری چۆنیەتی پەیوەندیکردن بێت لەگەڵ گوێگرانی لەکاتی وتاردا، هەروەها تێگەیشتنێکی قووڵی هەبوو لە چەمکەکان کتێبی پیرۆز و یەزدانناسی، دەیتوانی بە لێهاتوویی و داهێنەرانە بیانگوازێتەوە بۆ بۆ ئەو گوێگرانەی گومانیان هەیە. کڵێساکە بەهۆی وتارە تۆمارکراوەکانی فراوان بوو بۆ چەندین شوێنی وڵات، بەبری ئەوەی ڕاستەوخۆ خۆی وتاریان بۆ بدات. هەرگیز شوێنەکە لەبیر ناکەم، کەوا گوتی ناعەقڵانییە خەڵک گوێیان لە وتاربێژی پلە دوو دەبێت، لە کاتێکدا دەتوانن گوێ لە وتاربێژێکی پلە یەکی وەک ئەو بگرن. بە دڵنیاییەوە، نەمدەتوانی لەگەڵیدا بچمە ناو مشتومڕەوە کەوا ئەو ئامانجی کۆکردنەوەی شوێنکەوتەیەکی زۆری کەسیی خۆی بوو.

بەڵام هەروەک دواتر گوتم، تێگەیشتم کە بەهانەکەی زۆر شتی دەرخست. لەو سیناریۆیەی کە ئاماژەی بۆ کرد، نەك تەنها لەگەڵ شوانە گەنجەکان و و مەشقکاران کێبڕکێی دەکرد، بەڵکو تەنانەت لەگەڵ هەموو وتاربێژەکانی دیکەشدا کێبڕکێی دەکرد، جا ئەوان زیندوو بن یان مردوو. بۆچی تۆمارەکانی وتاربێژێکی پلە یەکی وەک بیل گراهام لێنادەین؟ چی ئەگەر کڵێسا ئەکتەرێک بەکرێ بگرێت بۆ ئەوەی باشترین کاری چارڵز سپێرجۆن بکات؟ ڕەنگە بتوانین وەک پاڵەوانیەتی تۆپی پێی کۆلێژەکان بەشداربووان کۆبکەینەوە، وە داوایان لێبکەین لە خولێک بۆ خولێکی دیکە دەنگ بدەن بە وتاربێژە دڵخوازەکەیان هەتا ئەوەی لەسەر یەک وتاربێژ جێگیر دەبن بۆ ڕابەرایەتی و ڕێنماییکردنی هەموویان. جارێکی دیکە کەس ملکەچی وتاربێژێکی پلە دوو و ئاست نزم نابێت، تەنها گوێمان لە باشترین وتاربێژان دەبێت ئەگەر خودا پێی وایە ئەمە باشترین شتە بۆ ئێمە.

بەڵام شتەکە ئاوا نییە. باشترین وتاربێژ لەلات ئەوەیە کەوا دڵسۆزە بۆ وشەی خودا و ئامادەیە لەگەڵت کۆببێتەوە و قاوەت لەگەڵدا بخواتەوە یان لە نەخۆشخانە سەردانیت بکات، ئێمە لە هەموو خزمەتێکی پەرستشدا پێکەوە کتێبی پیرۆز

دەخوێنینەوە بۆ هۆکارێک. کە وتار دەسەڵاتی وشەی خودا لە ڕێگەی کارەکتەر و ئەزموونی مامۆستاوە دێت بۆ گۆڕینی ڕەوتی هاوچەرخ و بۆ پێداویستییە تایبەتەکانی کەسی و لۆکاڵی؛ ئەو وتاربێژەی کەوا ئاماژەم پێیدا ڕەنگە لەو وتاربێژە باشتر بێت کە گوێی لێدەگریت، بەڵام ئەو وتاربێژەی لە کڵێساکەت هەیە بەڕاستی باشترین کەسە کەوا کڵێساکەت دەیناسێت، ئەمەش گرنگە کاتێک بابەتەکە پەیوەستە بە جێبەجێکردنی کتێبی پیرۆز لەسەر تۆ و ئەو کۆمەڵە باوەڕدارانەی نوێژیان لەگەڵ دەکەیت.

بە دڵنیاییەوە، قەشەکان هەموو وردەکارییەکی هەموو ئەو کەسانە نازانن کە گوێیان لێدەگرن، بەڵام هۆکارێک هەیە زۆرێک لە قەشەکان لە کاتی کەرەنتینی پەتای کرۆنادا کێشەیان هەبووە لە وتارەکانیان لەبەردەم کامێرادا، نزایان کردووە هەست بە جوولەی ڕۆحی پیرۆز بکەن لە کاردانەوە و مامەڵەی وتارەکانیان. کاتێک ڕووبەڕوو دەمانبینن، ڕۆحی پیرۆز بانگهێشتیان دەکات بۆ پشوودان لە ماندووبوون و ئازارەکانیان، وە نابێت کڵێسا لە کاتی پەرستشەکاندا سەرنج لەسەر کۆبوونەوەی باوەڕداران کاڵ بکاتەوە وەک ئەوەی هاوشێوەی ئاهەنگێکی مۆسیقایی یان نمایشێکی مەسرەحی یان فیلمێک نمایش بکات، لەبەر چەندین هۆکار. یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەیە کە لە کاتی وتارەکەدا قەشەکان توانیویانە بە هەستیارییەوە کاردانەوەیان هەبێت و ڕۆحی پیرۆز ئاراستەیان دەکات.

## کات و شوێن

لە کۆتاییدا، وتار تەنها گەیاندنی زانیاری نییە. ئەگەر ئەمە تاکە ئامانجی بانگەواز بێت، بە دڵنیاییەوە کاریگەرترین ئامراز نییە بۆ گەیاندنی زانیاری. پاشان دەتوانین بچینە سەر ڤیدیۆ یان فایلە دەنگیەکان یان تەنانەت کتێب و واز لە پەرستشی پێکەوە بهێنین، بەڵام بیستنی وتار تەنها پەیوەندی بە تۆوە و بە ڕۆیشتنی کەسیی تۆ لەگەڵ عیسای مەسیحدا نییە، بەڵکو پەیوەندی هەیە بە پێکهێنانی کەلتوورێکی ئاسمانی، وە بنیادنانی شارێکی ئاسمانی لە کڵێساکەتدا، وە پێکەوە داڕشتنی ژیان.

لەگەڵ فێرکردنی ڕاستەوخۆ کە ڕووبەڕوو ڕوودەدات دوو شت ڕوودەدەن و ناتوانرێت لەسەر فایلێکی دەنگی دابنرێت لەلایەن شوانێکەوە کەوا بە شێوەیەکی کەسیی نایناسێت. یەکەم، کۆمەڵی باوەڕداران و وتاربێژ پێکەوە ئەزموونی وتارێک

دەکـەن وەک ڕووداوێکـی بەکۆمـەڵ لـە کات و شـوێنێکدا. بەڵـێ، بێگومـان بەهـا هەیـە لـە جێبەجێکردنـی وتـاری تەنهـا بـۆ ڕامـان و پەرسـتن، بـەڵام بەهـای زیاتـر هەیـە لـە جێبەجێکردنـی بـۆ هەمووممـان پێکـەوە وەک گەلێـک. پێکـەوە بـەو شـێوەیەی کـە بـە درێژایـی هەفتـە مامەڵـە لەگـەڵ یەکـتر دەکەیـن دەتوانیـن وتـاری کاریگـەر بهێنیـن. هەروەهـا لـە کۆتاییـدا لەبیـرت بێـت کـە وتاربێـژ لـە ئێمـە باڵاتـر نییـە، بەڵکـو یەکێکـە لـە ئێمـە و باسـی ئـەو پێکهاتەیەمـان بـۆ دەکات کـە لـە ڕێگـەی وشـەی خـوداوە وەک شـارێکی نـوێ بەسـەرمان دێـت، وە وتـار بینینێـک لـە قسـەی خـوداوە دەخاتـە ڕوو بـۆ گەلێکـی دیاریکـراو و لـە شـوێنێکی دیاریکـراو کـە پێکـەوە پەیـمان دەدەن بـۆ گوێڕایەڵـی خـودا و خۆشەویسـتی یەکـتر.

دووەم، نموونـە و کەسـایەتی وتاربێـژ شـێواز بـۆ تـەواوی کۆمەڵـی بـاوەڕداران دادەنێـت؛ وتاربێـژان دەترسـن و ئێمـە لێیـان تێدەگەیـن کاتێـک درک بـەوە دەکـەن کـە کڵێسـاکانیان چـۆن لاوازی و خاڵـە بەهێزەکانیـان دەبینـن. کاتێـک مـن لـە قوتابخانـەی یەزدانناسـی هونـەری وتاربێژیـم دەخوێنـد، مامۆسـتاکەم هەندێـک قسـەی ڕژدی کـرد، وە پێـی گوتـم کە بەدرێژایـی سـاڵان کڵێسـاکەی ڕەنگـە ئـەو قسـانەی بەبیـر نەیێتـەوە کـەوا ئـەو گوتوویەتـی، بـەڵام خـودا کڵێسـاکەی داڕشـتووە لەڕێـگای قسـەکانی و نموونەیـی لـە خوداناسـی و ئـەو پاکییـەی بـە تێپەڕینـی کات دەریبڕیـوە.

کەسـایەتی وتاربێـژ و پەیامەکـەی تێکـەڵ دەبـن، بـە هێـزی ڕۆحـی پیـرۆز گوێگـران بـەو وشـانە دەگۆڕدرێـن تەنانـەت ئەگـەر هەمیشـەش لەبیریـان نەمێنێـت، ئەمـەش لـە فێرکردنـدا شـتێکی بـاوە نـەک هـەر لـە وتـاردا؛ ئێمـە بـە گشـتی باشـترین مامۆسـتاکانمان لەبیـر نییـە کـە لێیانـەوە فێربوویـن، بـەڵام دانایـی ئەوانمـان لەبیـرە لەپـاڵ بەهرەکانیـان لـە پەیوەندیکـردن و خۆشەویسـتییان بـۆ ئێمـە بـە شـێوەیەکی کەسـی.

کاتێـک دووبـارە کڵێسـات دۆزییـەوە، بـەدوای ئـەو وتاربێژانـەدا بگـەڕێ کـە بـە باشـی تۆیـان خۆشـدەوێت، وە دەزانـن چـۆن ڕووبـەڕووت بکەنـەوە بـە ڕاسـتییەکانی خـۆت و لـە کاتـی پێویسـتدا وەک پزیشـکێکی لێهاتـوو برینەکانـت تیـمار بکـەن، وە بـەدوای ئـەو کەسـانەدا بگـەڕێ کـە دەزانـن دەسـەڵاتیان لـە پاشـای پاشـاکانەوە وەرگرتـووە، وە مـژدەی خۆشـی ئـەو و ڕاوێژەکانـی ڕادەگەیەنـن، وە ئـارەزووی پشـتگیری مـاددی تـۆ ناکـەن، بەڵکـو هـەوڵ دەدەن بـۆ ببنـە نموونەیـەک شـوێنیان بکەویـت، نـەک تەنهـا گرنگـی بـەوە بـدەن بـە فێرکـردن سەرنجڕاکێشـییان سەرسـامتان بکـەن.



9Marks Online PDF

# بەشی پێنجەم

## ئایا بەڕاستی پەیوەندیکردن بە کڵێسا پێویستە؟

نووسینی: جۆناتان لیمەن

کڵێسا کۆمەڵێک لە باوەڕدارە

↓

کە وەک باڵوێزخانەی مەسیح لەسەر زەوی کۆدەبنەوە و نوێنەرایەتی شانشی ئاسمان دەکەن

↓

بۆ جاڕدانی هەواڵی خۆش و ڕاسپاردەکانی مەسیحی پاشا

↓

**لەپێناو یارمەتیدانی یەکتر وەک ئەو هاونیشتیمانیانەی کە سەر بە عیسان بە جێبەجێکردنی ئەرکەکان**

↓

بۆ ئەوەی پیرۆزی و خۆشەویستی خودا دەربخەن

↓

بەهۆی گەلێکی یەکگرتوو و جۆراوجۆر

↓

لە سەرانسەری جیهان

↓

بە پەیڕەوکردنی فێرکردنەکانی پیران و نمونەکانیان

کاتێـک لـە زانکـۆ بـووم شـەش مانگـم لـە وڵاتێکـی دیکـە بەسـەربرد. لـەم نێوەنـدەدا، پاسـپۆرتەکەم بەسـەرچوو، بۆیـە چوومـە باڵیۆزخانـەی ئـەوێ. هەرکـە لـە دەروازەکـە چوومـە ژوورەوە، وەک ئـەوە بـوو لەسـەر خاکـی وڵاتـی خـۆم بـم.

باڵیۆزخانـە هەمـان دەسـەڵاتی حکومەتـی وڵاتەکەمـی هەیـە، دەتوانێـت بـە حکومـەت و گەلـی وڵاتێکـی دیکـە بڵێـت: «وڵاتەکەمـان داوای ئەمـە دەکات، چـی دەوێـت و واتـای هەیـە»، دەتوانێـت لەبـارەی کەسـێکەوە بڵێـت: «ئەمـە یەکێکـە لـە ئێمـە».

لـە پەنجەرەکـە ڕاوەسـتام و پاسـپۆرتی بەسـەرچووم دایـە کارمەندەکە. چەند پرسـیارێکی لێکـردم، هەندێـک داتـای لـە کۆمپیوتەرەکەیـدا نووسـی، زۆری نەخایانـد پاسـپۆرتێکی نوێـم بـۆ هـات کـە ئـەوەی پشتڕاسـت دەکـردەوە مـن سـەر بـە وڵاتەکەمـم. باڵیۆزخانـە منـی نەکـرد بـە هاوڵاتـی وڵات؛ چونکـە مـن بـە لەدایکبوونـم هاوڵاتیـم، بـەڵام ئـەو بـە فەرمـی دانـی بـەم ڕەگەزنامەیـەدا نـا و دووپاتـی کـردەوە. باڵیۆزخانـە بـە شـێوەیەک پەیوەنـدی بـە وڵاتەکەمـەوە کـرد کـە مـن ناتوانـم بیکـەم، هەرچەنـدە مـن لـەوێ لەدایـک بـووم.

## ئایا بەڕاستی کڵێساکان دەسەڵاتیان هەیە؟

کڵێسـاکان خەڵکـی ناکـەن بـە بـاوەڕدار بـە مەسـیح؛ بەڵکـو لـە ڕێگـەی لەدایکبوونـی نوێـوە دەبینـە بـاوەڕدار، وەک ئـەوەی لـە بەشـی دووەمـی ئـەم کتێبـەدا باسـمان کـرد. بەڵام کڵێسـاکان باڵیۆزخانەکانـی ئاسـمانن کـە لەلایـەن مەسـیحەوە ئەرکـی دووپاتکردنـەوەی هاووڵاتیبوونـی ئاسـمانی باوەڕدارانیـان پـێ سـپێردراوە.

ڕەنگـە کڵێسـاکانی لەئاوهەڵکێشـی و پیرانـی و ئەنگلیکانـەکان جیـاواز بـن سـەبارەت بـەوەی کـە بـە تـەواوی کـێ بەرپرسـیارە لـەم ڕاگەیانـدن و دووپاتکردنـەوە، وە ئایـا ئـەوە هەمـوو کۆمەڵـی بـاوەڕداران یـان تەنهـا پیـران یـان قەشـە یـان چاودێـر بەرپرسـیارە لـە کارکـردن بەنـاوی کۆمەڵـی بـاوەڕداران، بـەڵام هەمـوان لەسـەر ئـەوە کۆکـن کـە عیسـای پـەروەردگار ئـەم دەسـەڵاتەی بـە کڵێسـاکان داوە. لەبـری ئـەوەی وەک باڵیۆزخانـە پاسـپۆرت ڕادەسـت بـکات، کڵێسـا بـاوەڕداران لەئـاو هەڵدەکێشـت و لەگەڵیانـدا بەشـداری دەکات لـە ئێوارەخوانـی پـەروەردگار. زۆرجـار، بـاوەڕداران پێیـان وا نییـە کـە کڵێسـاکان دەسـەڵاتیان لـە خـوداوە هەیـە. دەکرێـت بـاوک و حکومـەت دەسـەڵاتیان هەبێـت، بـەڵام کڵێسـاکان نـا.

لـە ڕاسـتیدا، ئەمـە ئەوەیـە کـە لـە عیسـای مەسـیحەوە فێـری دەبیـن کـەوا کلیلـی



9Marks Online PDF

شانشینی بە کڵێساکان بەخشیوە هەروەک لە مەتا ١٦: ١٨ هاتووە. یەکەم، لە مەتا ١٦: ١٣-٢٠، مەسیح فێری ئەوەمان دەکات کە کلیلەکانی شانشین بەکاردەهێنرێن بۆ پشتڕاستکردنەوەی دانپێدانانی ڕاستەقینە بە ئینجیل. پەترۆس دان بە ناسنامەی مەسیحدا دەنێت و عیسای مەسیح خۆی وەڵامی پەترۆسی پشتڕاست کردەوە و بەڵێنی دا کە کڵێساکەی بنیاد بنێت. بۆ ئەم مەبەستە مەسیح «کلیلەکانی شانشینی ئاسمان»ی ڕادەستی پەترۆس و نێردراوان کرد (مەتا ١٦: ١٩). ئەم کلیلانە چی دەکەن؟ لەسەر زەوی ئەوە دەکاتەوە و دایدەخات کە لە ئاسمان کراوەتەوە و داخراوە. ڕەنگە لە ئێستادا چیتر باسی ئەمە نەکەین، بۆیە ڕەنگە لە واتاکەی تێنەگەیت. بەڵام بە شێوەیەک بیر لە کلیلەکان بکەوە وەک ئەوەی دەسەڵاتی باڵوێزخانەیە بۆ ڕاگەیاندنی فەرمی یاسا و بڕیارەکانی حکومەتی وڵاتەکە.

دووەم: لە مەتا ١٨: ١٥-٢٠، عیسای مەسیح فێری ئەوەمان دەکات کە کلیلەکان بەکاردەهێنرێن بۆ پشتڕاستکردنەوەی دانپێدانانی ڕاستەقینەی پەیامی ئینجیل، عیسای مەسیح کلیلەکانی شانشینی داوەتە دەست کڵێسای ناوخۆیی، بەرپرسیارێتییان هەیە لە بێبەشکردنی هەر کەسێک دەزانن ژیان و ڕاگەیاندنی باوەڕی لەگەڵ یەکتر ناگونجێت. بیر لەوە بکەوە کڵێسا دەسەڵاتی باڵیۆزخانەی هەیە، وە دەتوانێت بە فەرمی ڕایبگەیەنێت کێ هاوڵاتی وڵاتەکەیەتی.

بە کورتی، کڵێساکان خاوەنی کلیلی شانشینین، واتە دەسەڵاتیان هەیە بەناوی ئاسمانەوە پێناسەی پەیامی ئینجیل و باوەڕدارانی بکەن، یان بە دیاریکراوی، واتای دانپێدانانی ڕاستەقینە، وە ماهیەتی دانپێدانەری ڕاستەقینە.

**دەسەڵاتی کلیلەکانی شانشین بە واتای مافی ڕاگەیاندن بەناوی عیسای مەسیحەوە بۆ پێناسەی پەیامی ئینجیل و باوەڕدارانی، یان بە دیاریکراوی، واتای دانپێدانانی ڕاستەقینە، وە ماهیەتی دانپێدانەری ڕاستەقینە.**

کاری دادوەر لە هۆڵی دادگادا لێکچوونێکی دیکەیە کە ڕەنگە بۆ تێگەیشتن لە هێزی کڵێسا و خاوەنداریێتی کلیلی شانشینی بەسوود بێت؛ دادوەر یاسا دەرناکات، هەروەها کەسێک بێتاوان ناکات یان تاوانباری ناکات، بەڵکو دەسەڵاتی هەیە بەناوی وڵاتەوە لێکدانەوە بۆ یاسا بکات، وە بڕیارێکی فەرمی دەربکات کە دەڵێت کەسێک

«تاوانبـاره» یـان «بێتـاوان»، وە ئەمـەش ئەوەیـە کـە لەگـەڵ ڕاگەیاندنەکانـی کڵێسـا ڕوودەدات کـە ڕاگەیاندنـی فەرمییـە و نوێنەرایەتـی شانشـینی ئاسـمان دەکات لەسـەر زەوی.

هەندێـک جـار کڵێسـاکان بڕیـاری هەڵـە دەدەن، وەک چـۆن لـە باڵیـۆز و باڵیۆزخانـە، یـان لـە دادوەر و دادگاکانـدا هەیـە. بـەڵام ئـەم ئەرکـە ئەرکێکە لەلایەن عیسـای مەسـیحەوە بـە کڵێسـاکان دراوە.

## پێناسەی ئەرکەکان چییە؟ پاسپۆرتی ئاسمانی

چۆن کڵێساکان ئەم بڕیارە فەرمیانە دەردەکەن؟

یەکـەم: بـەو وتـارە دەکرێـت کـە لـە بەشـی پێشـوودا باسـمان کـرد؛ کاتێـک وتاربێژێـک وتـار دەدات، ویژدانـی کۆمەڵـی بـاوەڕداران «دەبەسـتێتەوە» یـان «دەکاتـەوە» بـۆ ئـەوەی لـە وشـەی خـودا تێبگـەن.

دووەم: بەهـۆی پیادەکردنـی ئەرکـەکان کڵێسـاکان «دەبەسـتێت» یـان دەکاتـەوە» (وەک ئـەو ئـەرک و ڕێسـایانەی کـە عیسـای پـەروەردگار فێـری دەکات).

لەئاوهەڵکێشـان لـە ڕێوڕەسـمەکاندا لـە پێـش هەمـوو شـتێکەوەیە؛ دەرگای پێشـەوەیە بـۆ ئەندامێتـی کڵێسـا. وە ئەوانـەی بـە نـاوی مەسـیح کۆدەبنـەوە (مەتـا ١٨: ٢٠) بـە نـاوی ئـەوەوە خەڵکـی لەئـاو هەڵدەکێشـن (مەتـا ٢٨: ١٩). وە بەهـۆی لەئاوهەڵکێشـان، هەریەکەمـان ڕایدەگەیەنیـن و دەڵێیـن: «مـن لەگـەڵ عیسـای مەسـیحم»، لێـرەدا کڵێسـا دووپاتـی دەکاتـەوە و دەڵێـت: «ئـەم کەسـە لەگـەڵ عیسـاس مەسـیحە»، بـەم شـێوەیە یـەک ڕاگەیانـدن لـە هـەردوو لایەنـەوە بـۆ هەمـان بابـەت دەبێـت.

ڕێوڕەسـمی دووەم بریتییـە لـە ئێوارەخوانـی پـەروەردگار، کـە ژەمێکـی ڕێکخـراوی خێزانـە بـۆ ئەندامـەکان (بڕوانە مەتـا ٢٦: ٢٦-٢٩). ئەندامبـوون لـە کڵێسـا بـە سـادەیی بـە واتـای ئەندامبـوون و بەشـداریکردن لـە خوانـی پـەروەردگار دێـت؛ چونکـە ئێوارەخوانـی پـەروەردگار ڕێگـەی چوونـە ژوورەوەیـە کـە ئێمـەی بـاوەڕداران تێیـدا یەکـتر دەناسـین. لێـرەدا بـا بزانیـن پۆڵسـی نێردراو چـی دەڵێـت: «لەبـەر ئـەوەی یـەک نـان هەیـە، ئێمـە کـە زۆریـن، یـەک لەشـین، چونکـە هەموومـان بەشـداری لـە یـەک نانـدا دەکەیـن» (یەکـەم کۆرنسـۆس ١٠: ١٧).

بەشداریکردن لە خواردنی یەک نان ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئێمە یەک جەستەین و پشتڕاستی دەکاتەوە کە ئێمە باوەڕدارین. دیسانەوە، بیروڕای جیاواز هەیە سەبارەت بەوەی نانی ئێوارەخوانی پەروەردگار بەڕاستی ئاماژە بۆ چی دەکات، بەڵام هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئێوارەخوانی پەروەردگار ئەرکێکە کە کڵێسا بەهۆیەوە ئەندامێتیمان لە جەستەی مەسیحدا دووپات دەکاتەوە.

زۆرجار باوەڕداران بە شێوەیەکی تاکەکەسی مامەڵە لەگەڵ ڕێوڕەسمەکان دەکەن و هەست دەکەن کە دەتوانن لەماڵەوە یان کەمپی هاوینە یان لە گەشتەکانی دەرەوەدا لەئاوهەڵکێشان و ئێوارەخوانی پەروەردگار پەیڕەو بکەن و مانەوە لە ماڵەوە لە کاتی پەتای کرۆنادا وایکردووە خەڵکی بەم ئاراستەیە بیربکەنەوە.

بە دڵنیاییەوە پەیمانی نوێ پێویستی بەوە نەبووە کە لەئاوهەڵکێشان تەنها لە کڵێسادا بێت؛ بۆ نموونە فیلیپۆس، خەساوێکی حەبەشی لەئاو هەڵکێشا (کردار ٨: ٢٦-٤٠)، هەروەها نێردراوییێتییەکان پێویستە بتوانن بچنە سەر خاکە نوێیەکان، بەڵام دۆخی ئاسایی ئەوەیە کە ئەم دوو ڕێوڕەسمە لەناو کۆبوونەوەی کڵێسادا ئاهەنگی بۆ بگێڕدرێت، وە هەوەک لەژێر چاودێری کڵێسای ئۆرشەلیمدا سێ هەزار کەس لەئاو هەڵکێشران (کردار ٢: ٤١). پۆڵسی نێردراو ئاگادارمان دەکاتەوە کە بەشداری لە ئێوارەخوانی پەروەردگاردا نەکەین مەگەر «ڕێز لە جەستەی مەسیح نەگرێت» (یەکەم کۆرنسۆس ١١: ٢٩)؛ لێرەدا مەبەست لە جەستە کڵێسایە. ئینجا هەروەها پێمان دەڵێت: بەر لە خواردنی ئێوارەخوانی پەروەردگار «چاوەڕێی یەکتری بکەن.» (یەکەم کۆرنسۆس ١١: ٣٣)، وە لە کۆتاییدا، ئێوارەخوانی پەروەردگار ڕووداوێکی کڵێساییە.

جارێک کە لەگەڵ کڵێسا ئێوارەخوانی پەروەردگارم دەخوارد، بە براکانی دەوروبەرم گوت: "لەکاتی بەشداریکردنمان لەم ئێوارەخوانە، با تەماشای یەکتر بکەین، لە کۆتاییدا با یەکتر لە باوەش بگرین». دەمویست هەست بە سروشتی بەکۆمەڵی ئەو کارە بکەم کە دەیکەین. هاوڕێکانم گلەییان لە داواکەم هەبوو، بەڵام ڕازی بوون، وە پێکەوە کۆبووینەوە، ئێوارەخوانمان خوارد و تەماشای یەکترمان کرد، پاشان باوەشمان بە یەکتردا کرد. کەمێک سەیر بوو، من هەمیشە پێشنیاری ئەوە ناکەم، بەڵکو هەوڵ دەدەم ئەو خاڵە بخەمە ڕوو: «ئێوارەخوانی پەروەردگار ژەمێکی خێزانییە، نەک تاکەکەسی.»


9Marks Online PDF

## پێناسەی ئەندامێتی کڵێسا چییە؟

ئەندامێتـی کڵێسـا ئـەو ڕێگایەیـە کـە ئیمـەی بـاوەڕداران بـە فەرمـی ناسراویـن و پابەنـد بیـن بـە یەکـترەوە. ئەندامێتـی بەشـداره لـە بەهێزکردنـی یەکـتر لـە ڕێگـەی ڕێوڕەسمەکانەوە، وە دەکرێـت ئەندامێتـی کڵێسـا بـەوە پێناسـە بکرێـت پشـتگیریکردنە لـە دانپێدانانـی بـاوەڕدار بـە باوەڕەکـەی و سەرپەرشـتیکردنی بەقوتابیکـردن و بەدواداچوونـی، لەگـەڵ ملکەچبوونـی بـاوەڕدار بـۆ کڵێسـا و سەرپەرشـتی. وە دەکرێـت بـەم شـێوەیە بیـر لـە ئەندامێتـی کڵێسـا بکەیتـەوە:




وشـەی «ملکـەچ دەبێـت» ترسـناکە، بـە تایبەتـی کاتێـک کڵێسـا دەگرێتـەوە، بـەڵام دەبێـت بیڵێیـن. کاتێـک دەبیتـە ئەندامـی کڵێسـا، تـۆ بـە واتایەکـی هەندێـک بیرۆکراسـی نـاڕوون ملکەچـی ڕابـەران و دامەزراوەکـە نیت، بەڵکـو ملکەچـی خێزانێـک و ئەندامەکانـی دەبیـت. ئـەوە ئـەو شـێوازەیە کـە تـۆ دەڵێیـت: «ئەمـە گروپێکـی تایبەتـی باوەڕدارانـە کـە مـن بانگهێشـتی ژیانمـی دەکـەم، وە داوا دەکـەم لێپرسـینەوەم لەگـەڵ بکـەن بـە شـوێنکەوتنی عیسـای مەسـیح، هەروەهـا داوایـان لێدەکـەم بەرپرسـیار بـن لـە ڕێگاکـەم لـە ژیانـی مەسـیحیدا. ئەگـەر شکسـتم شـەکەت بـووم، ئـەوە ئەرکـی ئەوانـە کـە هانـم بـدەن. وە ئەگـەر لـە ڕێـگا تەسـکەکە لابـدەم، ئـەوە ئەرکـی ئەوانـە ڕاسـتم بکەنـەوە. ئەگـەر لـە سـەختی داراییـدا بـم، ئـەوە ئەرکـی ئەوانـە ئـاگادارم بـن.»

بـەڵام ئـەم پابەندبوونـە بـە دوو ئاراسـتەدا دەڕوات. کاتێـک داوا لـە ئەندامانـی دیکـەی کڵێسـا دەکەیـت کـە گرنگیـت پێبـدەن، ئـەوا تـۆش پەیمانێـک دەدەیـت بـۆ ئـەوەی گرنگییان پێبدەیـت، وە بـەم شـێوەیە تـۆ بەشـێکیت لـە کڵێسـا بەپێـی ئـەو ڕێسـایەی پێشـوو کـە


9Marks Online PDF

باوەڕ و بڕوای ئەوانی دیکە دووپات دەکاتەوە، وە گرنگییان پێدەدات (دەگەڕێینەوە سەر ئەم خاڵە.)

ئەوەی لێرەدا پێویستە ڕوون بکرێتەوە ئەوەیە کە لەئاوهەڵکێشان و ئێوارەخوانی پەروەردگار و ئەندامێتی کڵێسا بە یەکەوە پەیوەستن، بەڵام هەندێک شتی تایبەت هەیە؛ بەگشتی کڵێسا خەڵکی لەئاو هەڵدەکێشێت و وەک ئەندامانی کڵێسا لەخۆیان دەگرێت، هەروەک ئێوارەخوانی پەروەردگاریش ئیمتیازێکە بۆ ئەندامانی کڵێسا، جا ئەو کڵێسایە بێت کە باوەڕدارەکە پەیوەندی پێوە کردووە یان کاتێک سەردانی کڵێسایەکی دیکە دەکات. لە کۆتاییدا، سێ ڕێوڕەسمەکە پێکەوە کاردەکەن بۆ ئەنجامدانی هەمان کار: دووپاتکردنەوە و جیاکردنەوەی گەلی خودا، وە ئەم ڕێوڕەسمانە بۆ گەلانی جیهان ڕایدەگەیەنن کەوا: «ئەمانە هاوڵاتیانی شانشینی ئاسمانن».

## ئایا بەس نییە سەر بە کڵێسایەکی گشتگیر بیت؟

هەندێک جار هەندێک خەڵکی دەڵێن: «پێویست ناکات پەیوەندی بە کڵێسایەک بکەم، من سەر بە کڵێسای گشتگیری مەسیحم.» (زانایانی یەزدانناسی بە تەواوی جەستەی مەسیح لە سەرانسەری جیهان و بە درێژایی مێژوو دەڵێن کڵێسای گشتگیر.) ئایا ئەمە ڕاستە؟ ئایا دەتوانین کڵێسای ناوخۆیی پشتگوێ بخەین هەتا ئەو کاتەی هەموومان دەبینە ئەندامی کڵێسای گشتگیر لە کاتی باوەڕهێنان بە مەسیح؟

بە کورتی وەڵامەکە ئەوەیە «نەخێر»؛ پێویست ناکات ببینە ئەندامی کڵێسایەک بۆ ئەوەی ڕزگاری بەدەستبهێنیت؛ لەبەر ئەوەی ئەندامێتی ئێمە لە کڵێسای گشتگیر بەخششە (ئەفەسۆس ٢: ١١-٢٢)، هەروەک ئەوەی ڕاستودروستیمان لە مەسیحدا بەخششێکە، وە باوەڕیش بەخششە، بەڵام پێویستە بەشداری کڵێسایەک بکەیت بۆ ئەوەی گوێڕایەڵی کتێبی پیرۆز بیت هەروەک چۆن دەبێت باوەڕمان کاری چاک بپۆشێت (کۆلۆسی ٣: ١٠، ١٢؛ یاقوب ٢: ١٤-١٦)، بۆیە دەبێت ئەندامێتی گشتگیرمان لەگەڵ کڵێسای ناوخۆیی «بپۆشین»، ئەندامێتیمان لە کڵێسای گشتگیردا ناکرێت تەنها وەک بیرۆکەیەک بمێنێتەوە، چونکە هەتا ئەوەی ڕاستەقینە بێت لە کاتی ڕاستەقینەدا لەسەر زەوی دەردەکەوێت و لە شوێنێک لەگەڵ کەسانی ڕاستەقینەی ئاسایی وەک فڵان و فیسار، ڕوونە کە ئەو کەرەنتینەی بەهۆی پەتای کرۆناوە هاتووە هیچ کام لەمانە ناگۆڕێت.



9Marks Online PDF

ئەگـەر ڕۆحـی پیـرۆز لـە تـۆدا بێـت، پێویسـتت پەیوەسـتبوون و پابەندبـوون دەبێـت بـە جەسـتەی مەسـیح، تەنها دەتوانیـت ئـەوە بکەیـت؛ ئەندامێتـی ڕاستەقینە لـە کڵێسـای گشـتگیردا ئەندامێتـی لـە کڵێسـای ناوخۆییـدا دروسـت دەکات، کـە لـە بەرامبـەردا ئەندامێتـی گشـتگیر بـەم شـێوەیە دەردەکەوێـت:




ڕەنگـە چەنـد هاوڕێیـەک بناسـیت کـە هەوڵیـان داوە دوور لـە کڵێسـا ژیانێکـی باوەڕدارانـە بـە مەسـیح بژیـن، وردە وردە هەسـتیان بـە لاوازی باوەڕەکەیـان کـردووە، بەجۆرێـک هەندێـک جـار باوەڕەکەیـان بـە تـەواوی نەمـاوە. هاوڕێیەکـم هەبـوو کـە هانـم دەدا پەیوەنـدی بـە کڵێسـاکەمەوە بـکات، لـەدوای ئـەوەی چەنـد مانگێـک بەشـداری کـرد لـە کڵێسـا، بەڵام پاشـان ڕەتیکـردەوە چونکـە نەیدەویسـت خـۆی بخاتـە ژێـر لێپرسـینەوەی کڵێسـا. لـەم کاتـەدا، ئـەو لـە گوناهێکـی مەترسـیدار تێوەگلابـوو، ئـەوەی جێگـەی سەرسـوڕمان بـوو، ئامادەبوونـی زیاتـر و زیاتـر پچڕپچـڕ بـوو هەتـا بـە تـەواوی وازی لـە ئامادەبـوون هێنـا. لـە کۆتاییـدا، جارێـک لـە کاتـی قاوەخواردنـەوەدا پێـی گوتـم: «جۆناسـان، مـن ئیـتر بـاوەڕدار نیـم، یـان لانیکـەم، مـن وەک تـۆ بـاوەڕدار نیـم».

ئەندامێتـی کڵێسـا ئارامـی بـۆ ئـەو مەڕانـە دابیـن دەکات کـە مەسـیح شـوانیەتی، وە خۆراکـی پێویسـت دابیـن دەکات بـۆ لکاندنـی بـە جەسـتەوە، وەک لکاندنـی قـۆڵ بـە شـان کـە مەسـیح سـەرەکەیە، وە خۆشەویسـتی پێشـکەش بـەو خێزانـە دەکات کـە مەسـیح نۆبـەرەی چەنـدان میراتگـرە، وە پەیوەسـتی و ئەرکەکانـی هاوڵاتیبـوون لـەو نەتـەوە پیـرۆزەدا ڕوون دەکاتـەوە کـە مەسـیح پاشـایە.

## ئایا بەڕاستی ئەندامێتی کڵێسا بەگوێرەی کتێبی پیرۆزە؟

پرسیارێکی دیکە کە خەڵکی دەیکەن ئەوەیە کە ئایا ئەندامێتی کڵێسا بەڕاستی لە کتێبی پیرۆزدا بوونی هەیە، ڕەنگە تۆ خۆت ئەم پرسیارەت کردبێت.

ساتێک بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە تەرخان بکە، پاشان چەند دەقێک باس دەکەین لە مەتا ١٨: ١٧؛ یەکەم کۆرنسۆس ٥: ٢، کە عیسای مەسیح و پۆڵسی نێردراو باسیان لە دەرکردنی کەسێک کرد لە ئەندامێتی کڵێسا، یان ئەوەی کە پۆڵسی نێردراو دەڵێت «لەناو» کڵێسا (ئایەتی ١٢) یان ڕەنگە ئاماژە بکەین بە بەشی دووەمی کرداری نێردراوان کەوا لۆقای مزگێنیدەر دەڵێت: سێ هەزار کەس «هاتنەپاڵ» کڵێسای ئۆرشەلیم (ئایەتی ١٤) یان ئەوەی لە بەشی شەشەمی کرداری نێردراوان باسکراوە سەبارەت بە بانگهێشتی کڵێسا پێکەوە (ئایەتی ٢). بەم شێوەیە دەبینین کە زاراوەی «ئەندامێتی کڵێسا» لە کتێبی پیرۆزدا بەم شێوەیەی ئەمڕۆ بەکارنەهاتووە، بەڵام ئەم پەیڕەوکردنە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەکاردەهێنرێت هەر جارێک لە پەیمانی نوێدا وشەی «کڵێسا» بەکاردەهێنرێت، وەک ئەوەی لۆقای مزگێنیدەر دەڵێت: «کڵێسا بە گوڕ لە پێناوی ئەو نوێژیان بۆ خودا دەکرد» (کردار ١٢: ٥) یان هەروەک پۆڵسی سەبارەت بە کڵێساکانی گەلاتیا نووسیویەتی (گەلاتیا ١: ٢). هەرچەندە هەموو ئەو ئامرازانەیان بەکارنەهێناوە کە ئەمڕۆ بەکاریان دەهێنین، وەک وانەکانی پێش ئەندامێتی، نامیلکەی ئەندامێتی، یان لستی ناوی ئەندامان -ڕەنگە ئەندامانی کڵێسا و ناوەکانیان زانیوە.

بەڵام گرنگ ئەوەیە چیرۆکێکی گەورەتر دەبینیت بۆ ئەوەی لە مەبەستە گەورەکانی خودا بۆ کڵێساکانمان تێبگەیت، خودا هەمیشە بە درێژایی کتێبی پیرۆز هێڵێکی گەش لە دەوری گەلەکەی دەکێشێت بۆ جیاکردنەوەیان، کتێبی پیرۆز باس لەوە دەکات کە لە ناوەوە و دەرەوەی بەهەشتی عەدەن هەیە، وە ئەوەی لە ناوەوە و دەرەوەی کەشتییەکەی نوح هەبوو، ئیسرائیل لە میسر لە خاکی گۆشەن دابڕاو بوون و خودا جیاوازی کرد لە نێوان ئەوەی لە ناوەوە بوو و ئەوەی لە دەرەوە بوو، وە دەتوانیت بیر لەو پەتایانە بکەیتەوە تووشی خاکی میسر بوون، هەندێکیان بەبێ ئەوەی زیان بە گەلی خودا بگەیەنن میسرییەکانیان کردە ئامانج، وەک ئەوەی خودا ڕایگەیاند:

**«بەڵام لەو ڕۆژەدا خاکی گۆشەن جیا دەکەمەوە کە گەلەکەمی لەسەر دەژین، بۆ ئەوەی مێش لەوێدا نەبێت، هەتا بزانیت من**

**یەزدانم لە ناوەڕاستی خاکەکەدا. جیاوازییەک لەنێوان گەلەکەم و گەلەکەت دادەنێم، بەیانی ئەم نیشانەیە دەبێت.» (دەرچوون ٨: ٢٢-٢٣)**

خودا مێشی بەکارهێنا بۆ کێشانی هێڵێک لە نێوان گەلەکەی لەگەڵ ئەو کەسانەی لە گەلەکەی ئەو نین، پاشان عیبرانییەکان لە بیابان گەشتیان کرد و خودا ڕاسپاردە تایبەتەکانی پێدان سەبارەت بە پاکی بۆ ئەوەی جیاوازی بکات لەنێوان ئەوانەی لەناو ئۆردوگاکە و دەرەوەی ئۆردوگاکەدان؛ پیسەکان دەبێ لە دەرەوەی ئۆردوگاکە بمێننەوە، لە کۆتاییدا خودا ئەوانی برد بۆ خاکی بەڵێندراو و جیاوازی کرد لەنێوان ئەوەی لەناو خاکی بەڵێندراوە و ئەوەی لە دەرەوەی خاکی بەڵێندراوە. خودا هەمیشە گەلەکەی جیا دەکاتەوە بۆ ئەوەی شکۆمەندی ئەو دەربخەن، وە ویستویەتی ئەو باڵیۆزانەی نوێنەرایەتی ئەو دەکەن جیا بن. سەیر نییە کە پۆڵسی نێردراو زمانی پەیمانی کۆن بەکاردەهێنێت کاتێک دەڵێت:

**لەگەڵ بێباوەڕان لەژێر یەک نیرداb مەبن، چونکە چ هەماهەنگییەک لەنێوان ڕاستودروستی و خراپەدا هەیە؟ یاخود چ هاوبەشییەکە لەنێوان تاریکی و ڕووناکیدا؟ چ ڕێککەوتنێک لەنێوان مەسیح و بەلیعالدا هەیە؟ یان باوەڕدار چ پشکێکی لەگەڵ بێباوەڕدا هەیە؟ پەرستگای خوداش چ ڕێککەوتنێکی لەگەڵ بت هەیە؟ چونکە ئێمە پەرستگای خودای زیندووین، وەک خودا فەرموویەتی: ﴿تێیاندا نیشتەجێ دەبم و لەگەڵیان دەڕۆم، دەبم بە خودای ئەوان و ئەوانیش دەبن بە گەلی من.﴾ ﴿یەزدان دەفەرموێ: لەبەر ئەوە لە ناوەڕاستیان بڕۆنە دەرەوە و بەجێیان بهێڵن. دەست لە هیچ شتێکی گڵاو مەدەن، ئینجا وەرتاندەگرمەوە.﴾ ﴿یەزدانی هەرە بەتوانا ئەمە دەفەرموێت: من دەبمە باوکی ئێوە و ئێوەش دەبنە کوڕ و کچی من.﴾ (دووەم کۆرنسۆس ٦: ١٤-١٨)**

کاتێک خەڵک دەپرسن ئایا ئەندامێتی کڵێسا لە کتێبی پیرۆزدا هەیە، زۆرجار بەدوای شتێکی بەرنامەڕێژدا دەگەڕێن وەک ئەندامێتی لە یانەیەک یان هۆڵێکی وەرزشی. دەستەواژەی «ئەندامبوونی کڵێسا» لە کتێبی پیرۆزدا نییە. با ئەم


9Marks Online PDF

بیرکردنەوانـە لـە خۆمـان دوور بخەینـەوە. بەڵکـو بـا لەبـری ئـەوە دەسـتەواژەی «پەرسـتگای خـودای زینـدوو» لەبەرچـاو بگریـن، کـە ئـەو وێنەیەیـە پۆڵسـی نێـردراو بـەکاری هێنـاوە بـۆ وەسـفکردنی ئـەوەی ئێمـە کێیـن، ئـەم پەرسـتگایەش ناکرێنـت لـە ژێـر «نیـر» یـان لـە «هاوبەشـی»دا بێـت لەگـەڵ بێبـاوەڕان. بۆچـی؟ چونکە خـودا لەم پەرسـتگایەدا نیشـتەجێیە و پێیـەوە پەیوەسـتە. بەڵـێ، دەبێـت بـەردەوام بیـن لـە بانگهێشـتکردنی بێبـاوەڕان بـۆ کۆبوونەوەکانـی پەرسـتن (یەکـەم کۆرنسـۆس ١٤: ٢٤-٢٥)، بـەڵام مەبەسـت لێـرەدا ئەوەیـە کـە دەبێـت کڵێسـا ڕوون بێـت سـەبارەت بـەوەی کـێ سـەر بـەو کڵێسـایەیە، وە کـێ سـەر بـەو نییـە، بـە تایبەتـی لەپێنـاو شـایەتیدانی کڵێسـا، خـودا دەیەوێـت ئێمـە جیـاواز بیـن بـۆ ئـەوەی بتوانیـن شـایەتییەکی سـەرنجڕاکێش و قەناعەتبەخـش پێشکەشـی جیهـان بکەیـن.

لێـرەوە ئەندامێتـی ڕاسـتەقینەی کڵێسـا لـە هەمـوو لاپەڕەیەکـی نامەکانـی پەیمانـی نوێـدا ڕاسـتییەکی گریمانەکـراوە، بـەڵام زمانەکـە جیـاوازە و ئەندامێتـی لـە کڵێسـادا ئەندامێتییـە لـە خێزانـدا، لەگەڵیـدا پابەندبوونـی خێزانیـش دێتـە ئـاراوە. ئەندامێتییـە لـە جەسـتەیەکدا، وە لەگـەڵ هەمـوو ئـەو مەرجانـەدا دێـت کـە پەیوەنـدی بـە هەمـوو بەشـێکی دیکـەی جەسـتەوە هەبێـت، هەروەهـا هەمـوو دەقێکـی کتێبـی پیـرۆز سـەبارەت بـە کڵێسـا یارمەتیدەرمانـە بـۆ تێگەیشـتن لـەوەی ئەندامێتـی چییـە؛ چونکـە لـە جیهانـدا هیـچ شـتێک وەک کڵێسـا نییـە.

## ئەندامێتی ئەرکە

بـا جارێکـی دیکـە بگەڕێینـەوە بـۆ ئـەو بیرۆکەیـەی کـە کڵێسـا باڵیۆزخانەیەکـە یـان خاڵێکـە کـە نوێنەرایەتـی شانشـینی ئاسـمان دەکات، وە دوایـن خـاڵ کـە لـەم بابەتـەدا باسـی دەکەیـن ئەوەیـە کـە ئەندامێتـی تەنهـا حاڵەتێـک نییـە، بەڵکـو ئەرکێکـە. وە چـاوەڕوان دەکرێـت ئەندامەکـە بچێتـە سـەر کارەکـەی (عیبرانییـەکان ١٠: ٢٤-٢٥).

لـە سـەرەتای بابەتەکـەدا باسـم کـرد کـە جارێـک چوومـە باڵیۆزخانـە و پاسـپۆرتی بەسـەرچووم ڕادەسـت کـرد، ئەویـش پاسـپۆرتێکی نوێـی پێـدام؟ گریـمان هەرکـە پاسـپۆرتە نوێیەکـەم ڕادەسـت کـرد، باڵیۆزخانـە وایـان لێکـردم خـۆم پاسـپۆرتەکان بپشـکنم، ئەمـەش ڕێـک ئەوەیـە کـە ئەندامێتـی کڵێسـا دەیـکات؛ پاڵـت دەنێـت بـۆ کارکـردن بـە مەبەسـتی دابینکردنـی پاراسـتنی پێویسـت بـۆ پێناسـەکردنی پەیامـی ئینجیـل و بـاوەڕداران پێـی، پشـتگیریکردن و ڕاگەیاندنـی، ئەمـە کاری تۆیـە.

ئـەم کارە لـە کوێـوە هاتـووە؟ لێـرەدا بەشـێکی سـەرنجڕاکێش دەخەینـەڕوو؛ چونکـە یارمەتیـدەرە بـۆ ئـەوەی بزانیـن چـۆن هەمـوو کتێبـی پیـرۆز پەیوەنـدی بـە یەکـترەوە هەیـە. جارێکـی دیکـە بیـر لـە فەرمانـی خـودا بکـەرەوە بـۆ ئـادەم لـە بەشـی یەکەمـی پەیدابـوون کاتێـک فەرمانـی پێکـرد بەرهەمـدار بێـت و زۆر بێـت و زاڵ بێـت بەسـەر زەویـدا (پەیدابـوون ١: ٢٨)، بۆیـە ئـادەم دەبـووا پاشا بێـت (بڕوانـە زەبـووری ٨)، پاشـان بیـر لـە فەرمانـی خـودا بکـەرەوە بـۆ ئـادەم لـە بەشـی دووەمـی پەیدابـوون بـۆ دروسـتکردنی بەهەشـتێک و پاراسـتنی (پەیدابـوون ٢: ١٥)، وە ببێتـە کاهیـن و یارمەتیـدەر بێـت لـە پاراسـتنی پیـرۆزی ئـەو شـوێنەی کـە خـودا تێیـدا نیشـتەجێیە، خـودا مەبەسـتی ئـەوە بـوو کـە ئـادەم ببێتـە پاشـا و کاهیـن.

| |
|---|
| ئەرکـی ئـادەم وەک پاشـا: زەوییـە نوێیەکـە بخاتـە ژێـر ڕکێفـی خـۆی و فـەرمانڕەوایەتـی بـکات. |
| ئەرکـی ئـادەم وەک کاهیـن: ئـەو بەهەشـتە بپارێزێـت کـە خـودا تێیـدا نیشـتەجێیە بـۆ ئـەوەی پیـرۆز بێـت |

هـەر وەک دەزانیـن ئـادەم لـەم ئەرکـەدا شکسـتی هێنـا، ڕێگـەی دا مارەکـە بچێتـە نـاو بەهەشـتەوە، هـەروەک نـوح و ئیبراهیـم و نەتـەوەی عیبرانیـش شکسـتیان هێنـا، پاشـان مەسـیح هـات و ئەرکـی کاهیـن و پاشـای بـە تـەواوی بەجـێ هێنـا و هەروەهـا ئێمەشـی ڕاسپارد ئەرکـی پاشـا و کاهینێکمان هەبێـت کاتێـک گوتـی: «بـەڵام ئێـوە گەلێکـی هەڵبژێـردراون، کاهینێتـی شـاهانە» (یەکـەم پەتـرۆس ٢: ٩).

وە شـتە نایابەکـە ئەوەیـە کـە کاری تـۆ وەک ئەندامـی کڵێسـا کاری ڕەسـەنی ئادەمـە. ئەمـە کۆپییەکـی پەیمانـی نوێیـە کـە مەسـیح پێـی بەخشـیویت. کەواتـە دەبـێ وەک پاشـاکان سـنوورەکانی بەهەشـت فـراوان بکەیـن لـە هەمـان کاتـدا چاودێریـی بکەیـن، هەروەهـا وەک کاهیـن گرنگیـی پـێ بدەیـن.

وەک پاشـاین، دەبێـت هەوڵبدەیـن کەسـانی دیکـە بەقوتابـی بکەیـن، وە باڵیـۆزی ئاشـتەوایی بیـن، ئامانجـمان ئـەوە بێـت لەسـەر زەوی زۆرێـک لـە دڵـەکان ملکـەچ بکەیـن بـۆ خـودا و باڵادەسـتی ئینجیل. لـە بەشـی هەشـتەمی ئـەم کتێبـە زیاتـر بیـر لـەم بابەتـە دەکەینـەوە سـەبارەت بـە نێردراوێتـی مـەزن (مەتـا ٢٨: ١٨-٢٠؛ دووەم کۆرنسـۆس ٥: ١٨-٢٠).



9Marks Online PDF

ئەرکی شاهانەی ئێمە، وەک ئەندامانی کڵێسا، بریتییە لە بەقوتابیکردنی کەسانی دیکە و فراوانکردنی شانشین.

ئەرکی کاهینییێتیمان، وەک ئەندامانی کڵێسا، پاراستنی پیرۆزیمانە بە پارێزگاری پێناسەی پەیامی ئینجیل و باوەڕدارانی، هەروەها پاراستنی شانشین.

وەک کاهین، ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە چاودێری ئەو شوێنە بکەین کە خودا تێیدا نیشتەجێیە، کە لە کڵێسادا خۆی دەنوێنێت، دەبێت پیرۆزیمان بپارێزین بە دابڕان لە پیسییەکانی ژیانی تاک و بەکۆمەڵمان، ئەمەش بە گرنگیدان بە پێناسەی پەیامی ئینجیل و باوەڕداران پێی. مەبەست لە کڵێسای بەکۆمەڵ ئەوەیە تۆ یارمەتی بدەیت لە بڕیاردان و دیاریکردنی ئەوەی کێ ئەندامە و کێ ئەندام نییە. لە هەر کڵێسایەکدا، ئەمە واتای ئەوەیە تۆ یارمەتی ئەندامانی دیکە دەدەیت بە پیرۆزی خودا بژیت، هەموو شتێک بکەیت کە لە تواناتدا بێت بۆ ئەوەی دڵنیا بیت لەوەی کڵێساکە بە چەسپاوی لەسەر ئینجیل دەمێنێتەوە (کردار ١٧: ١١). لە بەشی داهاتوو سەبارەت بە تەمبێکردنی کڵێسایی بە وردی باسی دەکەین (یەکەم کۆرنسۆس ٣: ١٦-١٧؛ دووەم کۆرنسۆس ٦: ١٤ – ٧: ١).

خاڵی گرنگ بۆ تۆ ئێستا ئەوەیە کە ئەندامێتی کڵێسا شتێکی نەرێیی نییە، وە تەنها حاڵەتێک نییە، وە ئەندامێتی نییە لە یانەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەت یان بەرنامەی بەخشینی دیاری، بەڵکو کارێکە کە ئەندام دەچێتە سەر کارەکەی، ڕاهێنانی کار وەردەگرێت، بە مێشک و دڵ بەشداری تێیدا دەکات، هەروەک پێویستی بە بیرکردنەوە هەیە لە دروستکردنی کاریگەری. لەم هەفتەیەدا وەبەرهێنانت چی بووە؟ ئایا دەتوانیت یارمەتی هەموو تیمەکە بدەیت و قورساییت هەبێت یان تەمبەڵی دەکەیت؟

سەرباری ئەمە، ئەگەر ئەرکی تۆ تێبینیکردنی پێناسەی پەیامی ئینجیل و باوەڕدارانە پێی، ئەوا تۆ پێویستت بە خوێندنی ئینجیل و تێگەیشتنیەتی. کاریگەرییەکانی ئەم ئەرکە چین؟ چی هەڕەشەی لێدەکات؟ چۆن پەیوەست دەبیت بە بیروباوەڕەکانی دیکە سەبارەت بە باوەڕ بە سێیانەیی یان گوناە یانیش ڕۆژانی کۆتایی؟ واتای چییە بۆ کار یان ژیانی شارستانیت یان پەروەردەی منداڵ؟ باوەڕی ڕاستەقینە چۆنە لە



9Marks Online PDF

ژیانـی کەسێکدا بـە بـەراورد بـە باوەڕێکـی سـاختەی هـەر بـە نـاو؟ ئایـا دەتوانیـت ئـەو جیاوازییـە بزانیـت لـە نێـوان ئەندامێکـی کڵێسـا کـە بەهـۆی لاوازییـەوە تووشـی گونـاه دەبێـت و ئەندامێـک کـە بەهـۆی خراپەکەیـەوە گونـاه دەکات؛ چونکـە گورگێکـە لە پێسـتی مـەڕ؟ ئایا دەزانیـت چـۆن مامەڵـە لەگـەڵ هـەردوو جۆرەکـە بکەیـت؟ ئایـا دەزانـی چـۆن جیـاوازی بکەیـت لـە نێـوان مامۆسـتای ڕاسـتەقینە و مامۆسـتای درۆییـن؟

ئایـا ئەندامانـی دیکـەی کڵێسـاکەت دەناسیت کـە دەتوانیـت وەبەرهێنـان لـە ژیانیانـدا بکەیـت؟ ئایـا ڕێگەیـان پێدەدەیـت خشـتەی کارەکـەت تێـک بـدەن و بیگـۆڕن؟ ئایـا یارمەتییـان دەدەیـت کاتێـک لـە ڕووی داراییـەوە کێشـەیان هەیـە یـان بەدرێژایـی هەفتـە کاتەکانـت پاشـەکەوت دەکەیـت، بەشـداریکردنەکانت لـە کڵێسـا دەژمێـری لـەو نـەوەد خولەکـەی کـە لـە ڕۆژی یەکشـەممەدا بەشـداری دەکەیـت؟

ئێمـە سـاڵانێک لـە قوتابخانـە و زانکـۆ ڕاهێنـان دەکەیـن لەسـەر ئـەو و پیشـانەی کـە دەمانەوێـت کاریـان تێـدا بکەیـن، هەفتـەی چـل کاتژمێـر بەسـەر دەبەیـن و خۆمـان بـۆ ئـەم کارە تەرخـان دەکەیـن، هەمیشـە فێـر دەبیـن و ڕاهێنـان دەکەیـن، گەشـە دەکەیـن. وە ئـەوە هەمـووی باشـە. بـەڵام ئـەوەی دەکرێـت ببێتـە تـەوەری سـەرنجدانمان کـە مەبەسـتی ئەرکەکەمانـە بـۆ پاراسـتنی گەلـی خـودا و ئینجیلەکـەی و فراوانکردنـی سـەروەری ئینجیـل؟

## پابەندبوونی ڕژد

کاتێـک کەسـێک دەیەوێـت پەیوەنـدی بـەو کڵێسـایەوە بـکات کـەوا مـن بەڕێـوەی دەبـەم، هەندێـک جـار لـە کۆتایـی چاوپێکەوتنـی ئەندامێتیدا شـتێکی لـەم شـێوەیەی پـێ دەڵێـم:

> **هاوڕێـم، بـە هاتنـە پـاڵ کڵێسـا تـۆ بـە هاوبەشـی بەرپرسیار دەبیت لـە بەردەوامبوونـی ئـەم کۆمەڵەیـە، یـان بـەردەوام نەبوونـی، لـە جاڕدانـی پەیامـی ئینجیـل بـە هەمـوو سەرڕاسـتییەکەوە. ئەمـەش واتـا تـۆ بـە هاوبەشـی بەرپرسـیار دەبیـت لـەوەی کـە ئـەم کڵێسـا فێـری دەکات، وە ئایـا ژیانـی ئەندامەکانـی بـە ڕاسـتی و دڵسـۆزی دەمێنێتـەوە یـان نـا. ڕۆژێـک لـە ڕۆژان، لەبـەردەم خـودا ڕادەوەسـتیت و حسـابێک پێشـکەش دەکەیـت کـە چـۆن ئـەم**

**بەرپرسیارێتیەت بەجێهێناوە. ئێمە پێویستمان بە دەستی زیاترە ئامادە بێت بۆ دروێنەکردن، بۆیە هیوادارین لەم کارەدا بێیتە پاڵمان.**

چاوپێکەوتنی ئەندامبوون جۆرێکە لە چاوپێکەوتنی کار. عیسای پەروەردگار پرسیاری لە پەترۆسی قوتابی کرد سەبارەت بەوەی عیسا کێیە، پێش ئەوەی وا لە پەترۆسی نێردراو بکات کار بکات لە بنیادنانی کڵێسای مەسیح، ئێمەش دەبێت هەمان شت بکەین، دڵنیا بین لەوەی کە خەڵکی باوەڕیان بەوەیە عیسای پەروەردگار کێیە، وە ئەو ئەرکە دەزانن کە لە کاتی پەیوەستبوونیان بە کڵێسا ئەنجامی دەدەن.


9Marks Online PDF

# بەشی شەشەم

## ئایا بەڕاستی تەمبێکردنی کڵێسا خۆشەویستی نیشان دەدات؟

نووسینی: جۆناتان لیمەن

کڵێسا کۆمەڵێک لە باوەڕدارە

↓

**کە وەک باڵوێزخانەی مەسیح لەسەر زەوی کۆدەبنەوە و نوێنەرایەتی شانشی ئاسمان دەکەن**

↓

بۆ جاڕدانی هەواڵی خۆش و ڕاسپاردەکانی مەسیحی پاشا

↓

لەپێناو یارمەتیدانی یەکتر وەک ئەو هاونیشتیمانیانەی کە سەر بە عیسان بە جێبەجێکردنی ئەرکەکان

↓

**بۆ ئەوەی پیرۆزی و خۆشەویستی خودا دەربخەن**

↓

بەهۆی گەلێکی یەکگرتوو و جۆراوجۆر

↓

لە سەرانسەری جیهان

↓

بە پەیڕەوکردنی فێرکردنەکانی پیران و نمونەکانیان



9Marks Online PDF

لەوانەیە تۆ سەرسام بیت بە زاراوەی «تەمبێکردنی کڵێسایی»، وە ڕەنگە پرسیار بکەیت: ئایا بەڕاستی کڵێساکان تەمبێکردن پەیڕەو دەکەن؟ ئایا دەکرێت تەمبێکردن لە خۆشەویستیەوە بێت؟

لە ڕاستیدا، تەمبێکردنی کڵێسایی بەشێکی سەرەکییە لە بەقوتابیکردنی مەسیحی، بۆیە سەرنج بدە ئەوەی کە چۆن وشەکانی قوتابی و بەقوتابیکردن پێکەوە گرێدراون. ئەگەر تەمبێکردن پەروەردە و ڕاستکردنەوە لەخۆ بگرێت، ئەوا بەزۆری خەڵک وشەی «تەمبێکردن» بەکاردەهێنن بۆ ئاماژەکردن بە لایەنی ڕاستکردنەوە. بەڵام هەم پەروەردە و هەم هەڵسەنگاندن پێویستن بۆ گەشەکردن. چۆن قوتابی دەتوانێت وانەیەک لە مامۆستایەک فێربێت بەبێ ئەوەی هەڵەکانی بۆ ڕاست بکاتەوە؟ یان ئەو ڕاهێنەرەی پلانی یاری بۆ یارییەکی تۆپی پێ ڕوون بکاتەوە بەبێ ئەوەی هیچ تێبینییەک بدات لەسەر ئاستی یاریزانان، وە هەڵەکان ڕاست بکاتەوە؟

هەروەها بەقوتابیکردن پەروەردە و ڕاستکردنەوە دەگرێتەوە، مرۆڤەکان زاراوەی «تەمبێکردنی کڵێسایی» بەکاردەهێنن بۆ مەبەست لە بەشی دووەم، کە ڕاستکردنەوەی قوتابییەکەیە بۆ ئەوەی گوناە نەکات، پرۆسەی تەمبێکردن بە هۆشداری تایبەت دەست پێدەکات، وەک ئەوەی هاوڕێیەک لەسەر کورسی هۆڵی کڵێسا دادەنیشێت و دەڵێت، «بەڕاستی تۆ خۆپەرستیت»، وە دەست دەکات بە باسکردنی چەندین نموونەی حاشاهەڵنەگر کە ئەمە پشتڕاست دەکەنەوە. بێگومان بیستنی ئەم قسانە ئاسان نییە، بەڵام هاوڕێکەم کاتێک بە ڕوونی قسەی لەگەڵ کردم ڕاستی کرد و یارمەتی دام بۆ گەشەکردن، وە پرۆسەکە یان بەو شێوەیە کۆتایی دێت کە کەسەکە تۆبە بکات، یان ئەگەر پێویست بوو، کڵێسا بێبەری بکات، ئەگەر تۆبە نەکات، وە لە ئەندامێتی کڵێسا و بەشداریکردن لە خوانی پەروەردگار بێبەشی دەکات.

هەروەها خەڵکی دەستەواژەی «تەمبێکردنی کڵێسایی» بەکاردەهێنن بۆ ئاماژەکردن بە تایبەتی بۆ ئەم هەنگاوەی دوایی هەروەک دەڵێن: «کڵێسا جۆنی تەمبێکرد و دووری خستەوە»، ئەمەش بەو واتایە دێت کە کڵێسا جۆنی لە ئەندامێتی کڵێسا و بەشداریکردن لە ئێوارەخوانی پەروەردگار دەرکردووە، هەروەها دەتوانرێت دەستەواژەی «بێبەریکردنی کڵێسایی» بەکاربهێنرێت ("دەرکردن لە ئێوارەخوانی پەروەردگار") بۆ ئاماژەکردن بەم هەنگاوەی کۆتایی.

لەم قۆناغەی کۆتاییدا، تەمبێکردنی کڵێسایی لایەنێکی دیکەی ئەندامێتی کڵێسایە. لەبیرت بێت کە بابەتی پێشوو نیشانی دا کە ئەندامێتی بریتییە لە پشتگیری دانپێدانان بە باوەڕ و ڕاگەیاندنی. وە لە قۆناغی کۆتاییدا، مەبەست لە تەمبێکردن هەڵوەشاندنەوەی ئەم دووپاتکردنەوەیە بەهۆی گوناهێکەوە کە: (١) کەسەکە تۆبەی لێ نەکردووە، (٢) دەتوانرێت پشتڕاست بکرێتەوە؛ (٣) مەترسیدارە. کڵێسا کاتێک کەسێک لە ئەندامێتی دەردەکات بە تەواوی دڵنیاییەوە ڕاناگەیەنێت کەوا بێباوەڕە؛ کڵێساکان وەک ڕۆحی پیرۆز توانای چوونە ناو دڵی مرۆڤیان نییە، کەوا ڕۆحی پیرۆز دەتوانێت دڵی مرۆڤ ببینێت، بەڵام کڵێسا ڕایدەگەیەنێت: «ئێمە نامانەوێت پشتگیری لە دانپێدانانی ئاشکرای باوەڕت بکەین بەهۆی ئەم گوناهە تایبەتەی کە لە ژیانتدا دەستت پێیەوە گرتووە، وە ناتەوێت وازی لێبهێنیت [پێوەری ١]، وە ئەم گوناهە دەکرێت پشتڕاست بکرێتەوە هیچ ناکۆکییەکی لەبارەوە نییە [پێوەری ٢]، وە هێندە مەترسیدارە [پێوەری ٣] کەوا کاریگەری هەیە لەسەر متمانەپێکراوی ڕاگەیاندنی باوەڕەکەت».

چەندە مەترسیدارە؟ پێویستی بە دادوەرێک هەیە بۆ ئەوەی بە جیا تەماشای هەر حاڵەتێک بکات. بەڵام بزانە کە کۆتا هێڵ ئەوەیە هەندێک گوناە کە تۆبەی لێ نەکراوە متمانەی دانپێدانان بە باوەڕ ناهێڵێت و باوەڕی پێ ناکرێت، لە کاتێکدا گوناهەکانی دیکە ڕەنگە ئاوا نەبن. کڵێسا نابێت مێردێکی خۆپەرست دابڕێت سەرەڕای هەموو ئەو نارەزایەتییەی ژنەکەی کەوا هەموو ئایسکرێمی ماڵەوەی خواردووە، ئەمەش نموونەیەکی تەواو گریمانەییە، لە کاتێکدا دەبێت کڵێسا مێردی ژنێک دابڕێت و لە ئەندامێتی دووری بخاتەوە ئەگەر وازی لە ژنەکەی هێنابێت.

بە شێوەیەکی ئاسایی، کەسێک کە لەلایەن کڵێساوە تەمبێ کراوە، هێشتا ئازادە لە بەشداریکردن لە کۆبوونەوە گشتیەکانی کڵێساکەدا (مەگەر هەڕەشەی جەستەیی، شارستانی یان هەڕەشەی دیکە نەبێت)، بەڵام نابێتە ئەندامی کڵێساکە، وە لەگەڵ کڵێسادا ئێوارەخوانی پەروەردگار ناخوات، وە لەدوای خزمەتەکان گفتوگۆی ئاسایی و سادە لەگەڵیدا نابێت، بەڵکو دەبێت بە دانایی و بانگەوازی ڕژدی تۆبەکردن بێت.

تەمبێکردنی کڵێسایی پەیوەندی بە هیچ جۆرە سزایەکە نییە، وە هیچی زیاتر نییە لە شێوازی دەرنەچوون لە یەکێک لە بابەتەکانی خوێندنی قوتابخانەدا، ئامانجی تەمبێکردن پاڵنانی خەڵکە بۆ تۆبەکردن، هەروەک پۆڵسی نێردراو فەرمووی: «ئەم


9Marks Online PDF

کەسە دەبێت بدرێتە دەست شەیتان تاکو سروشتی دنیایی بفەوتێنێت، بۆ ئەوەی ڕۆحەکەی لە ڕۆژی یەزداندا ڕزگاری بێت» (یەکەم کۆرنسۆس ٥: ٥).

بەڵام جگە لەو سوودەی کە تەمبێکردنی کڵێسایی بەدوایدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی تاک لە گوناه دوور بخاتەوە، هەروەها سوودی بۆ هەموو کڵێساکە دەبێت، بە تایبەت بۆ ئەوانەی لاوازن کە لەوانەیە لەلایەن کەسانی دیکەوە بەکار بهێنرێن. لەم ساڵانەی دواییدا، هەندێک کەس بەهۆی پشتگوێخستنی دەستدرێژی سێکسی کڵێساکانیان بەجێهێشتووە، بۆیە ئاگاداربە، دەستبەرداری تەمبێکردن مەبن تەنها لەبەر ئەوەی هەندێک کەس بە باشی پەیڕەویان نەکردووە. یارمەتی کڵێساکەت بدە بەرەو بەدیهێنانی دیدگایەکی بەگوێرەی کتێبی پیرۆز بۆ کڵێسا کە تێیدا مەحاڵە سووکایەتییەکان بشاردرێتەوە، هەروەک ئەندامانی لاواز وای دەبینن کەوا هاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵی باوەڕداران پارێزراوترین شوێنە، وە ئەم گۆشەنیگایەی بەگوێرەی کتێبی پیرۆز کەلتووری بەقوتابیکردن و تەمبێکردن دەگرێتەوە کەوا ئەندامەکان بە کراوەیی و سادەیی دەژین و دەزانن کەوا دەتوانن بە زوویی دان بە گوناهەکانیان بنێن کە هێشتا ئەم گوناهانە هەتا ڕادەیەک بچووکن پێش دارمانی ڕەوشتی و بڵاوبوونەوەی. ئەم جۆرە کڵێسایە دەتوانێت کاری باش بکات بۆ چارەسەری گوناهی گەورەتر کاتێک ڕوودەدات، ڕاگەیاندن و دوورخستەوەی دەبێت.

## خۆشەویستی بەپێی تێگەیشتنی جیهان

ئەمە پوختەیەکی خێرا بوو لە تەمبێکردنی کڵێسایی، دەمانەوێت بە فراوانتر و بە وردەکاری زیاتر باسی تەمبێکردنی کڵێسایی بکەین لە گفتوگۆیەکی فراوان سەبارەت بە خۆشەویستی لە پاشماوەی بابەتەکەدا؛ تەمبێکردنێکی زبر ئێستا وامان لێدەکات هەست بەوە بکەین خۆشەویست نین.

یەکەم ئەزموونی من لەگەڵ تەمبێکردن لە کۆتاییەکانی ساڵانی نەوەدەکان بوو کاتێک بێ هاوسەر بووم، لەگەڵ هاوڕێی وەرزشی ڕاکردنم و هاوڕێ باشەکەم چێژم لە نانخواردنی نیوەڕۆ دەبینی، باسمان لە بابەتەکانی ژیانی سۆزداریم دەکرد. پاشان پرسیارم لێکرد دەربارەی گرنگیپێدانە کەسییەکانی، ئەویش دانی بەوەدانا کە لە هەندێک گوناهدا تێوەگلاوە. کاتێک لێم پرسی ئایا فێرکاری کتێبی پیرۆز لەسەر ئەم گوناهە دەزانێت، گوتی دەیزانێت، بەڵام قەناعەتی وابوو کە کتێبی پیرۆز لەم

فێرکاریانەدا دروست نییە و نەپێـکاوە، ڕەتیکردەوە پاشەکشە بکات. لەدوای چەند ڕۆژێک هاوڕێیەکی دیکەی باشم لەگەڵ خۆم هێنا و جارێکی دیکە ڕووبەڕووی بوومەوە، بەڵام هەمان ئەنجام. لە کۆتاییدا، پیرانی کڵێسا دەستوەردانیان لەم بابەتەدا کرد، هەمان وەڵامی دانەوە. لە کۆتاییدا، پیرانی کڵێسا بابەتەکەیان خستە بەردەم کڵێسا، کڵێسا دوو مانگ مۆڵەتی بە هاوڕێکەم دا بۆ ئەوەی تۆبە بکات، بەڵام ئەو لە گوناهەکەی پەشیمان نەبووەوە، بۆیە کڵێسا بڕیاری دا بە دەرکردنی و بێبەریکردنی لە ئەندامێتی کڵێسا، ئیتر تەمبێکردنی کڵێسایی لەسەری جێبەجێ کرا لەدوای ئەوەی گوناهەکەی سێ پێوەرەکەی بڕی؛ ئەو تۆبەی نەکرد، بە ئاسانی دەتوانرا گوناهەکە دووپات بکرێتەوە، واتا هەمووان لەسەر ڕاستییەکەی کۆک بوون، سەرباری ئەوەش کە هێندە مەترسیدار بوو متمانەی ڕاگەیاندنی باوەڕەکەی لاواز بکات. بە درێایی ئەم هەموو مانگە هەندێک جار پرسیارم دەکرد کە داخوا ئێمە خۆشەویستی پیشان دەدەین؛ چونکە جێبەجێکردنی تەمبێکردنی کڵێساییی هەمیشە خۆشەویستی نیشان نادات. لە ئەنجامدا، ڕەچاوکردنی کەلتووری بە گوێمدا چرپاندی کە تەمبێکردنکردنی ئەم کەسە خۆشەویستی بۆ ئەو نیشان نادات.

جیهان لەوە تێدەگات کە خۆشەویستی ئاگرێکی ناوەکییە هەستی پێدەکەیت لەو کاتەی ئەو کەسە دەبینیت کە لەلایەن خوداوە بۆت داڕێژراوە، ئەوەش کاتێک ڕوودەدات کە ئەو کەسە دەدۆزیتەوە کە تەواوت دەکات. هەروەها خۆشەویستی واتە ڕێگە بە کەسێکی دیکە بدەیت بەدوای خولیای ئاگرەکەدا بگەڕێت لەناو خۆتدا، سەرباری ئەوەی هەرچییەک بێت.

بۆ دۆزینەوەی خۆشەویستی پێویستە خۆت بزانیت و دەرببڕیت و بەدی بهێنیت. ئەگەر خۆشەویستی داوات لێبکات دەستبەرداری دایک و باوکت و خوێندن و کڵێساکەت و بۆچوونە نەریتییەکانت بیت سەبارەت بە ڕەوشت، تەنانەت سەبارەت بە کۆمەڵگا بە گشتی، با وابێت. خۆشەویستی داوای ئەوەت لێدەکات کە لەگەڵتدا دەگونجێت.

لە ڕاستیدا خۆشەویستی کەسی بەرامبەر مەحکوم ناکات، بەڵکو ئازادی دەکات. ئەوە دوایین کارتێکی براوە و بەهانەیەکە کەوا هیچ بەهانەیەکی دیکە ناهێڵێت، وە دوایین پاساوە بۆ ئەنجامدانی هەرچییەکی دەتەوێت بیکەیت. «بەڵام خۆشم دەوێت...»، «ئەگەر بەڕاستی یەکتریان خۆشدەوێت، بە دڵنیاییەوە دەبێت ئەوە قبوڵ بکەین...»، «ئەگەر خودا خۆشەویستییە، ئەوا دەبێت...».

خۆشەویستی، یـان لانیکـەم، وەک پێناسـەی دەکەیـن تاکـە یاسـایە کـە دانوسـتانی لەسـەر نییـە؛ خەڵکـی جیهـان بـاوەڕی بـەوە نییـە کـە خـودا خۆشەویسـتییە، بەڵکـو باوەڕیـان وایـە خۆشەویسـتی خودایـە.

بەداخـەوە هـەر کەلتـوور نییـە کـە بـەم شـێوەیە پێناسـەی خۆشەویستی دەکات، بەڵکو زۆرجـار بـاوەڕداران ملکەچـی ئـەم تێنەگەیشـتنە هەڵەیـەی خۆشەویسـتی دەبن.

بـۆ ئـەوەی یارمەتیت بدەیـن لـە دووبـارە دۆزینـەوەی کڵێسـا، لـەم بەشـەدا دەمانەوێت قەناعەتـت پـێ بهێنیـن بـە سـێ شـتی دیکـە: یەکـەم، تەمبێکردنـی کڵێسـایی شـتێکی بەگوێـرەی کتێبـی پیـرۆزە. دووەم: تەمبێکردنـی کڵێسـایی خۆشەویسـتی دەردەبڕێـت. هەرچەنـدە ڕەنگـە کڵێسـا بـە شـێوەیەک تەمبێکـردن پەیـڕەو بـکات کـە خۆشەویسـتی نیشـان نـەدات، بـەڵام هەمـان ئـەم پەیڕەوکردنـە لەلایـەن مەسـیحەوە دامـەزراوە و بـە دڵنیاییـەوە خۆشەویسـتی نیشـان دەدات. سـێیەم، لـە هەمـووی گرنگـترە، تەمبێکردنـی کڵێسـایی فێرمـان دەکات دەربـارەی خۆشەویسـتی پیـرۆزی خـودا، وە ئێمـە بابەتەکـە کۆتایـی پێدەهێنیـن بـە بیرکردنەوەیەکـی کارا لـەوەی هەمـوو ئەمانـە بـۆ تـۆ واتایـان چییـە.

## ئایا بەڕاستی تەمبێکردنی کڵێسایی بەگوێری کتێبی پیرۆزە؟

وەڵامەکـە بریتییـە لـە «بەڵـێ». لـە مەتـا ١٨، عیسـای مەسـیح بابەتەکـەی وروژانـد کاتێـک ڕوونـی کـردەوە کـە چـۆن شـوانی بـاش نـەوەد و نـۆ مەڕەکـە بەجێدەهێڵێـت بـۆ ئـەوەی بـەدوای مەڕێکـی ونبـوودا بگەڕێـت (مەتـا ١٨: ١٠-١٤). چـۆن بـەدوای ونبووەکانـدا دەگەڕێیـن؟ عیسـای پـەروەردگار وەڵام دەداتـەوە:

> **«ئەگـەر خوشـک یـان براکـەت خراپـەی لەگـەڵ کردیـت، بـڕۆ بـە تەنها لەنێـوان خـۆت و خـۆی گلەیـی لـێ بکە. ئەگـەر گوێـی لێگرتی، ئـەوا براکـەت بەدەسـتدەهێنیتەوە. خـۆ ئەگـەر گوێـی نەگـرت، یـەک یـان دوو کـەس لەگـەڵ خـۆت ببـە، تاکـو ﴿هـەر بابەتێـک لەسـەر زاری دوو یـان سـێ شـایەت ڕاسـتییەکەی بسـەلمێنرێت.﴾ ئەگـەر بەگوێـی نەکـردن، بـە کڵێسـا بڵـێ، ئەگـەر بەگوێـی کڵێساشـی نەکـرد، ئـەوا بـە بتپەرسـت و باجگـری دابنـێ». (مەتـا ١٨: ١٥-١٧)**

سـەرنج بـدەن کـە عیسـای مەسـیح دەیەوێـت بەگوێـرەی توانـا بـە سـادەیی بیهێڵێتـەوە،



9Marks Online PDF

بەڵام ئامادەشە بابەتەکە بداتە دەست هەموو کڵێسا، چونکە هەموومان بەشدارین لە پشتگیری یەکتر؛ چونکە ئێمە هەمان ناوی بنەماڵەمان هەیە، وە بەرپرسیارین لە یەکتر؛ چونکە ئێمە ئەندامی جیاوازی یەک جەستەین.

هەروەها سەرنج بدەن کە عیسای مەسیح ڕێز لە پرۆسەی یاسایی دەگرێت، وە دەبێت ڕووداوەکە لەلایەن دوو یان سێ شایەتحاڵەوە بسەلمێنرێت وەک لە شەریعەتدا هاتووە (دواوتار ١٩: ١٥). عیسای پەروەردگار نەیدەویست گوێ لە تۆمەتی درۆیین یان دادپەروەری بەکۆمەڵ بگرێت بۆ حوکمدانی کڵێسا، وە نەیدەویست شوانەکان ڕوونکردنەوە کەسییەکانی خۆیان بدەن بۆ ئەم کەسانە و ڕاییگەیەنن، بۆ نموونە، کە کەسەکە «لووتبەرزە». بەڵکو دەبێت گوناهەکە پشتڕاست بکرێتەوە، نەبێتە جێگەی ناکۆکی.

لە یەکەم کۆرنسۆس ٥، پۆڵسی نێردراو هەمان شت دەڵێت، ڕووبەڕووی کڵێسای کۆرنسۆس دەبێتەوە سەبارەت بە ئەندامێک کە هاوسەرگیری لەگەڵ هاوسەری باوکی کردووە (ئایەتی ١)، ئەندامانی کڵێساکەش ئەمەیان دەزانی، بەڵام بە هۆکارێک چاوپۆشییان لێکردبوو، ڕەنگە پێیان وابووبێت کە ئەوان بەمە خۆشەویستی و لێبوردەیی دەردەبڕن. حاڵەتەکە هەرچییەک بێت، پۆڵسی نێردراو بە خەڵکی کۆرنسۆس دەڵێت کە نابێت چاوپۆشی بکەن، بەڵکو دەبێت ئەم کەسە لە ناویان نەمێنێت (یەکەم کۆرنسۆس ٥: ٢).

چی فێر دەبین لەوەی کە ڕێکارەکانی پۆڵسی نێردراو خێراتر بوون لە ڕێکارەکانی عیسای مەسیح کە گرتییە بەر؟ هیچ ڕێکارێکی دروست نییە بۆ هەموو حاڵەتەکانی تەمبێکردنی کڵێسایی؛ چونکە هەر یەکێک پێویستی بە مامەڵەکردنە بە وردبینی و دانایی و گرنگیدان بەپێی هەندێک ڕاستی پەیوەست بە حاڵەتەکە، وە بەپێی هەر وردەکارییەکی بنەڕەتی پەیوەندیدار. بەس نییە کە کڵێساکە خۆشەویستی نیشان بدات، بەڵکو دەبێت دانایشی هەبێت.

ئایەتەکانی یەکەم کۆرنسۆس ٥ یارمەتیدەرمان دەدەن بۆ بینینی ئامانجی تەمبێکردن:

یەکەم: تەمبێکردن ئەو گوناهە ئاشکرا دەکات (یەکەم کۆرنسۆس ٥: ٢) کە حەزی لە خۆحەشاردان هەیە، وەک نەخۆشی شێرپەنجە.

دووەم: تەمبێکردن هۆشداری دەدات لە حوکمدانێکی گەورەتر کە لە داهاتوودا دێت (یەکەم کۆرنسۆس ٥: ٥).

سێیەم: تەمبێکـردن کەسـەکە ڕزگار دەکات، کـە دوایـن پەناگایـە کڵێسـا پەنـای بـۆ دەبـات لـە کاتێکـدا مرۆڤێـک هەمـوو ئاگادارکردنەوەیەکـی دیکـە پشـتگوێ دەخـات (یەکـەم کۆرنسـۆس ٥: ٥).

چـوارەم: تەمبێکـردن ئەندامانـی دیکـەی کڵێسـا دەپارێزێـت، چونکـە وەک چۆن شێرپەنجە لـە خانەیەکـەوە بـۆ خانەیەکـی دیکـە بڵاودەبێتـەوە، بـە هەمـان شێوە گونـاه بـە شێوەیەکی بەرفـراوان لـە کەسێکەوە بـۆ کەسێکی دیکـە بڵاودەبێتـەوە (یەکـەم کۆرنسـۆس ٥: ٦).

پێنجـەم: تەمبێکـردن شـایەتیدانی کڵێسـا دەپارێزێـت کاتێـک دەسـتدەکات بـە شـوێنکەوتنی ڕێگاکانـی جیهـان (بڕوانـە یەکـەم کۆرنسـۆس ٥: ١). لـە کۆتاییـدا، کڵێسـاکان دەبێـت خـوێ و ڕووناکـی بن، عیسـای مەسـیح فەرمـووی: «بـەڵام ئەگەر خوێ سـوێرییەکەی نەمـا، چـۆن تامـە سـوێرەکەی بـۆ دەگەڕێندرێتـەوە؟ ئیـتر بەکەڵکـی هیـچ نایـەت، ئـەوە نەبـێ فڕێدرێتـە دەرەوە و خەڵکـی پێشـێلی بکـەن» (مەتـا ٥: ١٣).

## تەمبێکردنی کڵێسایی فێرمان دەکات کە ڕادەی خۆشەویستی خودا چەندە

دەتوانیـن لـە ڕووی فیکرییـەوە قەناعەتمان هەبێـت کـە مەسـیح تەمبێکردنـی کڵێسـایی پێبەخشـیوین، بـەڵام ڕەنگـە هێشـتا دەترسـین لـە شـوێنکەوتنی فێرکارییەکانـی؛ چونکـە ڕەچاوکردنـی دیکـە لـە ئێمـەدا پێمان دەڵێـن کـە تەمبێکـردن خۆشەویسـتی نیشـان نـادات، وەک ئـەوە وایـە ئێمـە لـە خـودی عیسـای پـەروەردگار خۆشەویسـتیتر بیـن.

بـە دڵنیاییـەوە پێویسـتە ئـەم ڕەچاوکردنانـە دابڕێژینـەوە، بۆیـە دەبێـت بپرسـین: ئایا بەڕاسـتی تەمبێکردنـی کڵێسـایی خۆشەویسـتی نیشـان دەدات؟

بـە ڕوونـی دیـارە کـە کتێبـی پیـرۆز تەمبێکـردن و خۆشەویسـتی پێکـەوە دەبەسـتێتەوە: «چونکـە ئـەوەی یـەزدان خۆشـیبوێ تەمبێـی دەکات» (عیبرانییـەکان ١٢: ٦)، خـودا خۆشەویسـتی و تەمبێکـردن بـە جیـاواز دانانێـت، بەڵکـو دەزانێـت کـە خۆشەویسـتی هانـدەرە بـۆ تەمبێکـردن. نووسـەری نامـەی عیبرانییـەکان تەمبێکـردن بـە خۆشەویسـتی وەسـف دەکات؛ لەبـەر ئـەوەی یارمەتیدەرمانـە بـۆ گەشـەکردن لە پیـرۆزی و ڕاسـتودروسـتی و ئاشـتیدا کاتێـک دەڵێـت: «بـەڵام خـودا بـۆ سـوودی ئێمەیـە تەمبێـمان دەکات، تاکـو بەشـداری پیرۆزییەکـەی بکەیـن (پیـرۆزی خـودا). بـەڵام هەمـوو تەمبێکردنێـک لـە کاتـی خۆیـدا وا دەردەکەوێـت کـە ئازاربەخشـە و خـۆش نییـە، بـەڵام دواتـر بەروبوومـی


9Marks Online PDF

ئاشـتییانەی ڕاستودروسـتی دەگرێـت بـۆ ئەوانـەی پێـی ڕاهێـنراون» (عیبرانییـەکان ١٢: ١٠-١١). دەسـتەواژەی «بەرهەمـی ڕاستودروسـتی بـۆ ئاشـتی» وامـان لێـدەکات خەیاڵـی کێڵگـەی گەنمـی زێڕیـن بکەیـن. ئایـا کێڵگـەی گەنـم جـوان و سـەرنجڕاکێش نییـە؟

لـە ڕاسـتیدا، کتێبـی پیـرۆز کۆمەڵێـک شـت دەڵێـت کـە لەگـەڵ خۆشەویسـتی ئێمـەدا ناگونجێـت؛ کـەوا ڕوونـی دەکاتـەوە خۆشەویسـتی بـە تـاوان دڵشـاد نابێـت، بەڵکـو بـە ڕاستی دڵشـاد دەبێت، وە خۆشەویسـتی وەسـف دەکات بەوەی هاوبەشـی ڕاستییە (دووەم یۆحەنـا ١-٣). دەتوانیـت بڵێیـت خۆشەویسـتیت هەیـە، بـەڵام ئەگـەر بـە ڕاستودروسـتی نەڕۆیـت، ئـەوا تـۆ ئـەو شـتە بـە کـەم دەزانیـت کـە خـودا بـە خراپـە نـاوی دەبـات، پاشـان خەڵکیـت خـۆش ناوێـت بـەو شـێوەیەی تـۆ پێـت وایـە.

عیسـای مەسـیح خۆشەویسـتی خـۆی بەسـتەوە بـە جێبەجێکردنـی فەرمانەکانـی خـودا، وە دسـەبارەت بـە خـۆی گوتـی: «بـەڵام ئـەو دێـت تاکـو جیهـان بزانێـت باوکـم خۆشـدەوێت و بـەو شـێوەیە کار دەکـەم کـە بـاوک ڕایسـپاردووم» (یۆحەنـا ١٤: ٣١). هەمـان شـتیش سـەبارەت بـە ئێمـە دەڵێـت: «ئـەوەی ڕاسـپاردەکانی منـی لەلایـە و کاریـان پـێ دەکات، ئـەوا منـی خۆشـدەوێت» (یۆحەنـا ١٤: ٢١)، تەنانـەت پێـمان دەڵێـت «ئەگـەر ئێـوە کار بـە ڕاسـپاردەکانم دەکـەن، بـە خۆشەویسـتییەکەمەوە پەیوەسـت دەبـن» (یۆحەنـا ١٥: ١٠). یۆحەنـا نێـردراو دەڵێـت: «بـەڵام ئـەوەی گوێڕایەڵـی پەیامـی خـودا بێـت، ئـەوا بـە ڕاسـتی خۆشەویسـتی خـودا لـەو کەسـەدا تـەواوە» (یەکـەم یۆحەنـا ٢: ٥). بـە پشتبەسـتن بەم دەقانـە، پێدەچێـت زۆربەمان پێویسـتمان بـە ئاڕاسـتەکردنەوەیەکی ڕیشـەیی هەبێـت لـە تێگەیشـتنمان لـە خۆشەویسـتی. لە کتێبـی پیـرۆزدا، خۆشەویسـتی (وەک بـاوەڕ) بـەرەو گوێڕایەڵییـە کـە نیشـانەی خۆشەویسـتییە (وە بـاوەڕە) هـەروەک لـەم وێنەیـەی خـوارەوەدا نیشـان دراوە.





9Marks Online PDF

بیر لەو وانەی ئینجیلی بکەرەوە کە دەڵێت «خودا خۆشەویستییە“ (یۆحەنا یەکەم ٤: ١٦) کاتێک ئەو کەسانەی کە بانگەشەی خۆشویستنی دەکەن لە خودا دوور دەکەونەوە، ئێمە خۆشەویستییەکی گەورەتریان پیشان دەدەین بە ڕاستکردنەوەیان و دووپاتکردنەوەی ئەوەی کە «خودا خۆشەویستییە، بۆیە ئەگەر بتەوێت بۆ ئەوەی خۆشت بوێت، خۆشت دەوێت“ دەبێت بگەڕێیتەوە بۆ لای خودا“ ئەوانەی دژایەتی خودا دەکەن و گوێڕایەڵی نابن لە خۆشەویستی هەڵدێن و شتێکی دیکە هەڵدەبژێرن جگە لە خۆشەویستی، تەنانەت ئەگەر ناوی بنێن «عەشق“.

ئەگەر خودا خۆشەویستی بێت، ئێمە مرۆڤەکانمان خۆشدەوێت بە هاوبەشکردنی ئینجیل لەگەڵیان بۆ ئەوەی خودا بناسن.

ئەگەر خودا خۆشەویستی بێت، ئەوا ئێمە مرۆڤەکانمان خۆشدەوێت بە فێرکردنی هەموو ئەو شتانەی کە خودا فەرمانی پێکردووە بۆ ئەوەی بتوانن خودا لە خەیاڵدا بنێن.

ئەگەر خودا خۆشەویستی بێت، ئێمە مرۆڤەکانمان خۆشدەوێت بە ڕاستکردنەوەیان کاتێک لە خودا دوور دەکەونەوە.

ئەگەر خودا خۆشەویستی بێت، ئێمە مرۆڤەکانمان خۆشدەوێت بە دوورخستنەوەیان لە ئەندامێتی کڵێسا کاتێک پێداگری لەسەر ئارەزووەکانی خۆیان دەکەن نەک تەوبەکردن بۆ خودا؛ چونکە تاکە هیوایان بە ژیان و خۆشەویستی ئەو درککردنەیە کە لە خودا دابڕاون.

لە بنەڕەتدا پێویستە کڵێساکان تەمبێکردن بۆ خۆشەویستی پراکتیزە بکەن:

- خۆشەویستی پێشکەش بە گوناهبار بکە تاکو تۆبە بکات.
- خۆشەویستی نیشان بدە بۆ ئەندامانی تری کڵێسا بۆ ئەوەی بەلاڕێدا نەچێت.
- خۆشەویستی بۆ دراوسێ بێباوەڕەکان نیشان بدە تا لە کڵێساکەدا خۆشەویستی جیهان نەبینن.
- پێشکەشکردنی خۆشەویستی بۆ مەسیح تا بە شێوەیەکی گونجاو نوێنەرایەتی ناوەکەی بکەین.

## خۆشەویستی پیرۆزی خودا

تەمبێکردنی کڵێسایی فێرمان دەکات کە خۆشەویستی خودا پیرۆزە، کوالیتییەکی تایبەتی خۆشەویستی خودایە کە زۆرجار بە پێناسە ئاساییەکان نادرێت، و ناتوانیت چێژ لە خۆشەویستی خودا وەربگریت جگە لە پیرۆزییەکەی؛ چونکە خۆشەویستییەکەی خزمەت بە مەبەستە پیرۆزەکانی دەکات کە خۆشەویستییەکەی دەردەخات و هەندێک جار مرۆڤەکان جیاوازی دەکەن لە نێوان ئەو شتانەی کە پێیان دەوترێت "کڵێساکانی پیرۆزی" و "کڵێساکانی خۆشەویستی"، ئەمەش مەحاڵە؛ کڵێسایەک دەبێت پیرۆز و خۆشەویست بێت، ئەگەرنا هیچ کامیان نییە.

